





# پەرلەمانی سەرۆکایەتی تێکەڵاو

## هەڵسەنگاندن لەنێوان سیستمی حکومڕانی و حکومڕانی باش

**فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریکا سێ نموونەی سەرکەوتووی دیموکراتین و بەرهەمی سیستمەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی و تێکەڵاون**

**ئەمریکای ئەمڕۆ بەرهەمی بڕیاری سەرۆکە بەهێزەکان و بەرهەمی بڕیاری بوێرانەی جۆرج واشنتۆن و لنکۆڵن و رۆزفەلتە**

**دیگۆل لەسەر بنەمای فەشەلی سیستمی پەرلەمانی بڕیاری سیستمی تێکەڵاوی داو وەک تەحەدا بڕیاریدا خۆی لەبەردەم گەلی فەرەنسا بپاڵێوێت**

لە مێژووی دەوڵەتانی دیموکراتیدا ٣ شێواز بۆ چۆنییەتی حکومڕانی پیادەکراوە، کە بریتین لە سەرۆکایەتی و پەرلەمانی و تێکەڵاو یان نیوەسەرۆکایەتی (semi-presidentialism)، بێگومان لەسەر ئاستی ئەکادیمی و سیاسیی و هەروەها لەسەر ئاستی ڕۆژنامەگەریش وتووێژێکی فراوان لەسەر ئەوە کراوەو دەکرێت، بەوەی کام سیستم لەوی دیکەیان باشترە، یان کام سیستەم شێوازێك لە حکومڕانی بەرهەم دەهێنێت کە هەنگاو بەرەو حکومڕانی باش هەڵبگرێت، بێگومان ئەم سێ ئاستەی وتووێژ بۆ چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی ئەم ٣ سیستمە لەسەر ئاستی ئەکادیمی جۆرە موناقەشەو وتووێژێکی لەسەر دەکرێت کە زۆر جیاوازە لەو وتووێژو موناقەشەیەی لەسەر ئاستی سیاسی و رۆژنامەگەری دەکرێت، هەر بۆ نموونە هیچ پسپۆرێکی ئەکادیمی و تایبەتمەند لە قانونی دەستووری ناتوانێت ئەو مافە بەخۆی بدات کە بڵێت کام سیستمە بۆ وڵاتێکی تایبەت لە سیستمێکی دیکە باشترە، هەر بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ماوەی نزیکەی دووسەدەو نیوە سیستمی سەرۆکایەتی پیادە دەکەن، یەکێکە لە سیستمە سەرکەوتووەکانی دیموکراتی لە جیهان و ئەوەی پێی دەوترێت دەسەڵاتی سەرۆك لە سیستمی سەرۆکایەتی بەوەی دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە، ئەم دەسەڵاتە ڕەهایە دووجار لە دوو قۆناخی مێژوویی هەستیاردا ئەمریکای لە کارەسات پاراستووە، یەکەمیان لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەم کە ئەبراهام لنکۆڵن دەسەڵاتی خۆی وەك سەرۆك بەکارهێناو شەڕی دژی کۆیلایەتی ڕاگەیاندو لە هەمانکاتیشدا بینایەی تازەی بۆ کۆنگرێس دروست کرد، بۆ ئەوەی لەو بینا تازەیەدا دوای ئەوەی شەڕ کۆتایی دێت کۆنگرێسمانەکانی ئەمریکا لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆکی خۆیان بکەن، لەشەڕی جیهانی دووەمیشدا کاتێك مەترسی نازیەت هەموو ئەوروپای گرتەوە، کۆنگرێس لەگەڵ ئەوە نەبوو رۆزفەلت ئەمریکا بکاتە بەشێك لە شەڕی دژە نازیەت، تا کارەساتی گەورەی پیرل هاربەر ڕوویدا، بەڵام پێشتر رۆزفەلت بە پەنابردنی بۆ خەڵك و لەمیانەی لێدوانی هەفتانەی سەرۆك لە رادیۆوە، داوای کردبوو هەموو هاووڵاتیانی ئەمریکا نەخشەیەکی جیهان بکڕن و کاتێك گوێ لە پەیامە رادیۆییەکەی رۆزفەلت دەگرن، بۆیان دەربکەوێت کە مەترسی نازیەت چۆن هەڵدەکشێت و رۆژێك ئەمریکاش دەگرێتەوە، ئەم سەرۆکە مەزنە کە بە سێ لە سەرکردە گەورەکانی ئەمریکا دەژمێردرێت دوای جۆرج واشنتۆن و لنکۆلن، وتەیەکی بەرزی هەیە کە دەڵێت((لەهیچ شتێك ناترسم تەنها لە ترس نەبێت))

لەمە مەبەستی ئەوەبوو نابێت گەلی ئەمریکا لەوە بترسێت بەشداری ئەم شەڕە بکات، لەبەر ئەوەی ئەم شەڕە یەخەی ئەمریکا هەر دەگرێت، بۆیە ئەم سەرۆکە وەك پێشینەیەکی بێ وێنە لە مێژووی سەرۆکایەتی ئەمریکادا چوار جار لەلایەن گەلی ئەمریکاوە وەك سەرۆك هەڵبژێردراوەو ماوەی ١٢ ساڵ لە ١٩٣٣-١٩٤٥، لە ناخۆشترین رۆژەکانی شەڕی دووەمی جیهان سەرۆکایەتی ئەمریکای کردووەو ئەمریکای گەیاندۆتەوە کەناری سەرفرازی و لەیەکەم ساڵی خولی چوارەمی سەرۆکایەتیەکەیدا کۆچی دوایی کردووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دەسەڵاتی سەرۆك کە رۆزفەلت و لنکۆلن لە کاتە مێژووییە هەستیارەکاندا پیادەیان کردووە، بووە هۆکاری ئەوەی دیکتاتۆریەت لە ئەمریکا دروست بێت؟ ئایا هەڵبژاردنەوەی چوار جاری رۆزفەلت بووە هۆکاری ئەوەی خولی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا لە دوو خولەوە بگۆڕدرێت بۆ چوار خول؟ ئایا لەسەر ئاستی جیهان دیموکراتییەکی سەرکەوتووتر لە دیموکراتیەتی ئەمریکا بوونی هەیە؟ ئایا ئەمریکا هەوڵیداوە هەمان ئەزموونی سیستمی سەرۆکایەتی لە ژاپۆن و ئەڵمانیا پیادە بکاتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بەرەو ئەوەمان دەبات کە مەرج نییە ئەو سیستمە سەرۆکایەتیەی کە لەئەمریکا سەرکەوتوو بووە لە ژاپۆن و ئەڵمانیای دوای شەڕیش سەرکەوتوو بێت، ئەمە بۆ سیستمی پەرلەمانیش ڕاستە، هەر بۆ نموونە ئەگەر بەراوردی نێوان سیستمی پەرلەمانی بەریتانیا لەگەڵ سیستمی پەرلەمانی پێش ساڵی ١٩٥٨ی فەرەنسا بکەین، ئایا ئەو سەرکەوتنەی سیستمی پەرلەمانی لە بەریتانیاو سویدو هۆڵەندا بەدەستی هێناوە، لە ئیتاڵیاو فەرەنسا هەمان سەرکەوتنی بەدەست هێناوە؟ پرسیار ئەوەیە بۆچی کۆماری ئێرلەندا سیستمەکەی نیوە سەرۆکایەتیەو هاوشێوەی بەریتانیا پەرلەمانی نییە؟ ئەو هۆکارانە چی بوون کە ژەنراڵ دیگۆل ناچار بوو سیستمی پەرلەمانی بگۆڕێت بۆ سیستمی نیوە سەرۆکایەتی یان تێکەڵاو؟ خۆ گێلکردن لەم باکگراوەندە مێژووییەو پەنابردن بۆ موناقەشەی تیۆریی و بەدەرخستنی لایەنە سلبیەکانی سیستمی سەرۆکایەتی یان تێکەڵاو بەدەرخستنی لایەنە ئیجابیەکانی سیستمی پەرلەمان بۆ مەبەستی سیاسیی یان بۆ دژایەتی ئەو سیستمە دیموکراتیەی ئێستا لەوڵاتدا بوونی هەیە، بێجگە لە موزایەداتی حزبی و ئایدیۆلۆژی و شەڕی هەڵبژاردن و دەنگ کۆکردنەوە هیچ بایەخێکی زانستی نییەو بێجگە لە دروستکردنی کەشێکی ئاڵۆز بۆ لێکتێنەگەیشتن و سەر لێشێواندن هیچ سوودێکی دیکەی نییە، هەر ئەمەش وایکردووە

کاتێك پرسیار لە پسپۆران دەکەین بەوەی کام سیستەم لەوی دیکە باشترە، ئەوا راشکاوانە ئەو وەڵامەمان دەدەنەوە کە موناقەشەکردن لەسەر ئەوەی کام سیستەم لەوی دیکە باشترە ناکەونە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی زانستی سیاسی بەڵکو دەکەونە چوارچێوەی موزایەداتی حزبی و شەڕی ئایدلۆژی نێوان لایەنە سیاسیەکان و خۆڵکردنە چاوی خەڵك بۆ ئەوەی راستیەکان نەبینن. لەسەر ئەم پرسە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر کلاودیا دیرکس سەرۆکی بەشی سیاسەتی بەراوردکاری و پەرەپێدانی نێودەوڵەتیی زانکۆی فیلیپس لە ماربۆرگی ئەڵمانیا کرد، لە وەڵامدا بەگوڵانی راگەیاند:

(بەڕای من ئەوە بیرکردنەوەیەکی هەرزەکارانەیە کەسێك بێت و سەربەخۆ بڕیاربدات و بڵێت سیستمی سەرۆکایەتی لە پەرلەمانی یان نیوە سەرۆکایەتی باشترە یان بە پێچەوانەوە، بۆیە هەر کەسێك ئەم بەراوردکارییە بکات بەبێ بنەمای زانستی سیاسەت، ئەو قسەیە یان ئەو بەراوردکارییە وەك قسە یان بەراوردکاری پسپۆرێك سەیر ناکرێت، هۆکاری سادە بۆ ئەمە ئەوەیە، ئەو کەسە بەو جۆرە قسانەی، تایبەتمەندی وڵاتێك فەرامۆش دەکات).

ئەو لێدوانەی پرۆفیسۆر کلاودیا دێریکس بۆ گوڵان، ئەوەمان پێدەڵێت: دەکرێت سیستمی پەرلەمانی لە بەریتانیا سەرکەوتوویێت، هەروەها دەکرێت ئەم سیستمە لە فەرەنسا شکست بهێنێت، سەبارەت بەهۆکاری پەنابردنی ژەنراڵ دیگۆڵ بۆ گۆڕینی سیستمی پەرلەمانی کۆماری چوارەم بۆ سیستمی نیوە سەرۆکایەتی یان تێکەڵاو لە کۆماری پێنجەمدا، بیرمەندی گەورەی فەرەنسی مۆریس دۆفریجە کە خاوەنی بیرۆکەی سیستمی نیوەسەرۆکایەتی (semi- presidentialism) لەکتێبی (دامەزراوە دەستوورییەکان و قانونی دەستووری)، ئاماژە بەوە دەکات هۆکاری شکستی سیستمی پەرلەمانی لە کۆماری چوارەمی فەرەنسا وای لە ژەنراڵ دیگۆڵ کرد کۆماری پێنجەم رابگەیەنێت و سیستمی نیوە سەرۆکایەتی پیادە بکات، دۆفرجیە لەو کتێبەدا دیمەنی شێوازی حزبایەتیمان لە کۆماری چوارەمدا بۆ دەخاتەڕوو کە چۆن نەبوونی زۆرینەی پەرلەمانی وایکردبوو کە فەرەنسا نەتوانێت وەك دەوڵەتێکی گەورە رۆڵی خۆی بگێڕێت، ئەو ئاماژە بە هەڵوێستی دیگۆڵ دەکات کە بڕیاری داوە ڕاستەوخۆ خۆی لەبەردەم گەل هەڵبژێرێت و تەحدای ئەو واقیعە حزبیە باڵادەستە بکات کە پەرلەمانی فەرەنسای دوچاری ئیفلیجبوون کردبوو، ئەم پەرلەمانە حکومەتێکی بەرهەمهێنابوو کە نەیدەتوانی بەرنامەکانی خۆی جێبەجێ بکات، بۆیە ژەنراڵ دیگۆڵ بڕیاریدا ئەم واقیعە بگۆڕێت و بوێرانە خۆی لەبەردەم گەلی فەرەنسا بۆ سەرۆکایەتی پاڵاوت و ڕایگەیاند ئەگەر گەلی فەرەنسا متمانەیان پێ نەدا، ئەو واز لە سیاسەت دەهێنێت و ژیانی سیاسیی خۆی کۆتایی پێدەهێنێت، بەڵام دیگۆڵ نەك هەر دەنگی پێویستی هێنا بەڵکو نزیکەی ٧٠٪ی گەلی فەرەنسا دەنگیان بۆدا، بوو بە سەرۆکی هەڵبژێردراوی فەرەنسا توانی چۆن لەکاتی شەڕو لەو کاتەی پاریس داگیرکرابوو گیانی مقاوەمەت بکاتەوە بەبەری فەرەنسیەکاندا، بە هەمان شێوە لە هەڵبژاردنیشی وەك سەرۆکێکی هەڵبژێردراو راستەوخۆ لەلایەن گەلەکەیەوە رێچکەی سیاسی و حکومڕانی لە فەرەنسا راست بکاتەوەو کۆماری پێنجەم ببێتە نموونەی حکومڕانی لەو کاتەوە تا ئێستا لە فەرەنسادا، پرسی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا بە راگەیاندنی کۆماری پێنجەم ڕێگا بۆ دیگۆڵ تەخت بوو بۆ ئەوەی بەو شێوەیەی ئەو دەیەوێت حکومڕانی لە فەرەنسا بکرێت؟ بێگومان مێژووی فەرەنسا پێمان دەڵێت گەورەترین تەحەددی کە ڕووبەڕووی حکومڕانی دیگۆل بۆوە راپەڕینی ئایاری ١٩٦٨ ی قوتابیان بوو کە لە سۆربۆنەوە سەرچاوەی گرتوو هەموو فەرەنسای گرتەوە؟ پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا ئەو راپەڕینە دژبە حکومڕانی دیگۆل بوو یان ئاڕاستەی راپەڕینەکە گۆڕدرا بۆ دژایەتی حکومڕانی دیگۆڵ؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا هاشم ساڵح بیرمەندی عەرەبی ئاماژە بەوە دەکات راستە ئەو پرۆسەی پەرەپێدانە مۆدیل سەرمایەدارییەی دیگۆل پێڕەوی دەکرد بۆ بونیادنانەوەی فەرەنسا لەگەڵ ئەوەی سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنابوو، بەڵام جیاوازی چینایەتیشی دروستکردبوو، خودی راپەڕینەکە یان دەسپێکی راپەڕینەکە پێوەندی بەو فیکرەوە هەبوو کە ئەو کات لە ژێر کاریگەری فیکری هربەرت مارکۆزە و سارتەر و جیل دۆلۆز و میشیل فۆکو دژایەتی ئیمپریالیزم دەکراو پشتگیری لە جیهانی سێیەم دەکرا، لەمبارەوە تۆژەری مێژووی سیاسی هاوچەرخی مەغریبی (حسام هاب) لە وتارێکیدا بەناونیشانی (شۆڕشی ١٩٦٨ ی فەرەنسا: چوارچێوە و نوێنەرایەتی و کاریگەرییەکان) ئاماژە بەوە دەکات ئەم راپەڕینە لە ڕۆژی ٢٢ی ئاداری ١٩٦٨ لە مانگرتنێکی قووتابیان وەك پشتگیری بۆ ڤێتنام سەرچاوەی گرتووەو دوای ئەوەی دەزگاکانی پۆلیس هەندێك لە قوتابیانی ڕێکخەری ئەو مانگرتنە دەستگیر دەکەن، قوتابیەکان ماوەی نزیکەی دوو مانگ لە ناو سۆربۆن خۆیان پەناگیر دەکەن، ڕێکخەری ئەم مانگرتووانە کە دانیال کۆهین بندیت بووەو لەژێر کاریگەری ئەو فیکرانەی

**دیگۆل دووجار فەرەنسای ئازاد کردووە، هەردوو جارەکەش وەڵامی خواستی خەڵکی داوەتەوەو ئاژاوەی لە فەرەنسا دوور خستۆتەوە**

**سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی هەیە پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە بەس بەکاری نەهێناوە، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان ئەو دەسەڵاتەی نییەو بەیاننامەی دەرکردووە بۆ ئەوەی پەرلەمان هەڵبوەشێتەوە**

**لە کوردستاندا سیستمی سەرۆکایەتی بوونی نییە، کەچی ئۆپۆزسیۆن بەم ناوە پێشانی خەڵکی دەدات**

پێشتر ئاماژەمان پێکرد هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو حکومڕانی دیگۆل بە فاشیەت ناو بەرێت، لە رۆژی ٢ی ئایار دوای بڵاوکردنەوەی دەنگۆیەك بەوەی گوایە هێزەکانی پۆلیس لە هەوڵی ئەوەدان مانگرتنەکەی سۆربۆن بشکێنن، ئەوانەی سەرپەرشتی ئەو مانگرتنە دەکەن هاوار دەکەن هێزەکانی فاشی هێرش دێنن، بۆیە قوتابیان هاندەدەن کە کورسیەکانی خوێندن بشکێنن و ئاگر لەسۆربۆن بەربدەن، هاشم ساڵح کە خۆی لە فەرەنسا بووە، سەبارەت بەم دەنگۆیە نووسیوویەتی ((ئەوانەی ئەوان پێیان دەوتن فاشی، ئەو قوتابیانە بوون کە سەر بە ڕەوتی راستڕەو بوون و لەهەمان زانکۆ دەیانخوێندو ئەوەی ئەوانی لەوان جیادەکردەوە تەنیا باخچە جوانەکەی لۆکسمبۆرگ بوو)).

گەڕانەوە بۆ ئەم باکگراوەندە بۆ ئەوە نییە بڵێین لەو سەردەمە فەرەنسا هیچ کەموکورتی نەبووە یان ئازادییەکان هەمووی فەراهەمکراوە، نەخێر پێش ١٩٦٨ ئافرەتی فەرەنسی بۆی نەبووە بەبێ پشتگیری نووسراوی هاوسەرەکەی حسابی بانك بکاتەوە، لەو سەردەمە ئەوانەی دەیانتوانی لە زانکۆکان بخوێنن تەنیا ئەوانەبوون سەر بەچینی باڵاو مامناوەند بوون، لەو سەردەمە ئافرەت بۆی نەبووە بە شەو بچێتە دەرەوەو تەنانەت بۆی نەبووە لەگەڵ غەیرە فەرەنسی لە زانکۆکانیشدا قسە بکات، بەڵکو گەڕانەوە بۆ ئەم باکگراوەندە بۆ شێوازی دژایەتیکردنی ژەنراڵ دیگۆل و دروستکردنی ئاژاوەیە بۆ ئەو هەنگاوانەی کە ژەنرال دیگۆل بۆ ئاوەدانکردنەوەی فەرەنسا هەڵیگرتبوو، قسەکردن لەسەر ئەوەیە ژینگەیەك دروست بێت کەس لەکەس حاڵی نەبێت و لەنێو ئەو ژینگە ئاڵۆزەدا داواکاری دیکە دروست بکرێت، قسەکردن لەسەر ئەوەیە پاڵەوانی رزگارکەری فەرەنسا کە ژەنراڵ دیگۆلە بە فاشی و سەرۆکی فاشیەت بچوێنرێت، لە کاتێکدا نەك فەرەنسیەکان بەڵکو هەموو فەرەنسیەزمانەکان لە ئەفریقیاوە تا کیوبك، دیگۆلیان وەك سیمبولی فەرەنسیەکان و فەرەنسی زمانەکان سەیر دەکرد، بەڵام گرووپێك کە بانگێشەی ئەوەیان دەکرد، سەردەمی سەرکردە شۆڕشگێڕەکان کۆتایی هات و ئەو سەرکردانەی فەرەنسایان لە دەستی نازیەت و فاشیەت رزگارکرد،جارێکی دیکە دەیانویست لە بەرگی فاشی و نازی پیشانی خەڵکی بدەنەوە، نەیاندەویست فەرەنسا بەرەو سەقامگیری هەنگاو هەڵبگرێت، دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی کۆماری چوارەم کە حزبە سیاسیەکان بە جنێوی سوك و ناوزڕاندن رۆژنامەکانیان پڕدەکردەوە، گرنگە ئەم مێژووە بخوێنرێتەوە، لەبەرئەوەی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی هەموو شتێك دەکەوێتە



## وینستۆن چەرچڵ

**وینستۆن چەرچڵ لە ساڵی ١٨٤٧ لە لەندەن لەدایک بووە و بەیەکێک لە دەوڵەتمەدارەکانی مێژووی هاوچەرخی بەریتانیا لەقەڵەم دەدرێت و لە ساڵی ١٩٤٠ لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بووەو و لەو ماوە هەستیارەدا توانی بەشێوەیەکی لێهاتوو و سەرکەوتووانە وڵاتەکەی لەناو جەنگ بەڕێوەبەرێت و ببێتە یەکێک لە هاوپەیمانانی براوەی جەنگی دووەمی جیهانی،و لە ساڵی ٢٠٠٢ بەپێی ڕاپرسیەکی بی بی سی وەک یەکێک لە ١٠٠ کەسایەتییە بەناوبانگەکانی بەریتانیا لەقەڵەم دراوە، چەرچڵ لەناو سیستمێکی پەرلەمانی حکومڕانی کردووە. بەڵام هاوکارێکی نزیکی رۆزفەلت بووە و پێکەوە توانییان ئاڕاستەی جەنگی دووەمی جیهانی بگۆڕن و هەموو نەخشەکانی فاشی و نازییەت تێکبشکێنن، ئەم هاوکاری و هەماهەنگییەی نێوان رۆزفەلت و چەرچل بووە هۆکاری ئەوەی لەسەرەتای چلەکان بیرۆکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەجێگەی کۆمەڵەی گەلان بێتە ئاراوە و پاشان بووە ئەو رێکخراوە نەتەوە یەکگرتووانەی کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی تائێستا بۆتە رێکخراوێکی جیهانی بۆ پارێزگاریکردن لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.**

خوار ڕەخنەوە و هەموو شتێك لایەنی سلبی و ئیجابی هەیەو ناكرێت لایەنە سلبییەكان یان كەموكورتیەكان بكرێنە چەكێك بۆ ڕووخاندنی سیستمە دیموكراتیەكە یان گێڕانەوە بۆ سەردەمی ململانێی حزبی و شەڕی نێوان لایەنە سیاسیەكان. هەربۆیە ئەوەی فەرەنسای ڕزگاركرد لەو گێژاوە، ئەو دەسەڵاتانە بوو كە دەستووری فەرەنسا لە كۆماری پێنجەمدا بە ژەنراڵ دیگۆلی دابوو، دیگۆڵ خۆی مەبەستی بوو فەرەنسای دوای شەڕو كۆماری چوارەم بگۆڕێت بۆ فەرەنسایەك كە شایستەی سەدەی بیستەم بێت، بۆیە دیگۆل هەموو دەسەڵاتەكانی خۆی بەكارهێنا بۆ ئەوەی هەم وەڵامی خەڵك بداتەوە و هەمیش ڕێگە نەدات فەرەنسا بكەوێتە دەستی كەسانێك كە دیموكراتی لیبرالی بە فاشی و نازیەت وەسف دەكەن و لاوەكانی فەرەنسایان پێ لە خشتە دەبرد، دیگۆل ئەگەر بە دەستووری كۆماری چوارەم ڕووبەڕووی ئەو تەحدیە گەورەیە ببوایەوە نەیدەتوانی بڕیار بدات پەرلەمان هەڵبوەشێتەوەو هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجامبدرێت و حكومەتێكی تازە پێكبێت، ئەگەر دیگۆڵ ئەو دەسەڵاتانەی نەبوایە كە دەستوری فەرەنسا پێی دابوو، فەرەنسا دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی كۆماری چوارەم و پەرلەمانیش دەبووە هۆڵی نمایشی دروشمە حزبیەكان و سەرلێتێكدانی خەڵك، كەواتە هەڵسەنگاندن بۆ فەرەنسا كە لە كۆماری پێنجەمدا سیستمی نیوە سەرۆكایەتی پیادەكردووە، لەو چوارچێوەیە هەڵناسەنگێنرێت كە سەرۆكی فەرەنسا دەسەڵاتی جێبەجێكردن لەگەڵ سەرۆكی حكومەت بەش دەكات و ئەم بەشكردنە سەرۆك بەرەو دیكتاتۆریەت دەبا، نەخێر سیستمی نیوە سەرۆكایەتی فەرەنسا و شێوازی پیادەكردنی دەسەڵاتەكان لەلایەن دیگۆڵەوە، لیبۆدسنگۆری سەرۆكی سەنگالی لەسەردەمی دیگۆڵدا گەیاندە ئەو قەناعەتەی هۆنراوەیەك دژی دیموكراتی دابنێت و ڕۆیشتنی دیگۆل لە كۆشكی ئەلێزیی بە تاعوونی دیموكراتی بزانێت، لەبەر ئەوەی ئەو پێی وابوو، دیگۆل دووجار فەرەنسای ڕزگاركردووە، جارێك لە ژێر دەستی نازیەت و فاشیەت جارێكی دیكە لە ئاسەواری شەڕ و ئاژاوەگێڕی ئەوانەی دەیانوویست سەردەمی كۆن بگێڕنەوە.

### سەیركردنی سیستمەكانی حكومڕانی لە خوار ڕەخنەوە

لەم ڕاپۆرتە كە باسی حكومڕانی دەكەین، مەبەستمان حكومڕانییە لە كۆمەڵگەی دیموكراتی ئەو كۆمەڵگەیەی كە قبوڵی دەكات لەو ژینگە سیاسیەی سیستمە دیموكراتیەكە فەراهەمی كردووە، جاڕی كۆتایی هاتنی دیموكراتی بدرێت، هەروەك چۆن لە ژینگەی دیموكراتی هەموو دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاواو ئەمریكا، هەوڵی هەمەجۆر لەسەر ئاستی فیكری و جەماوەری هەبوون بۆ ئەوەی سیستمی دیموكراتی وەك فاشی و نازیەت لە قەڵەم بدرێت، ئەم سیحرەی كۆمەڵگەی دیموكراتی، زۆرجار توندڕۆكان ئەوجا چەپ بن یان سەر بەرەوتێكی ئایینی دیاریكراو بن، بەرەو ئەو ئاڕاستەیە ئەبات، لەبەر ئەوەی ئەم سیستمە قبوڵی دەكات داوای نەمانی بكەیت، ئەوا شایستەی ئەوەیە نەمێنێت، هەر ئەمەش وادەكات ئاڕاستەی ئازادی ڕادەربرین بگۆڕێت بۆ سوود وەرگرتن لەبوارێكی دیكەی ژینگەی دیموكراتی كە ئەویش ئازادی چالاكی سیاسی و دەربڕینی ناڕەزاییە بە ئاشكرا، لەبەرامبەر ئەم ژینگەیە بێگومان دەسەڵاتێك پێویستە كە بتوانێت ئەم ژینگەیە بپارێزێت و كار نەگاتە ئەوەی ژینگەی ئازادی رادەبرین و ئازادی چالاكی سیاسی و خۆپیشاندان بگۆڕێت بۆ ئاژاوەو لەیەكتری نەگەیشتن، ئەو دەسەڵاتەش لە سیستمی دیموكراتی سەروەریی یاسایە نەك تەنیا بۆ پاراستنی ئازادییەكان بەڵكو بۆ پاراستنی موڵكیەتی تایبەت و موڵكیەتی فیكری هەرتاكێك، ئەوەی دەبێتە پێش مەرج لە كۆمەڵگەی دیموكراتی ئەوەیە كە كێشەكان بە دیالۆگ چارەسەر بكرێن، تەنانەت هەتا ئەگەر خەڵك دەسەڵاتی سیاسیشی بەدڵ نەبێت ئەوا دەبێت هەر بەرێگای ئاشتی و لەرێگەی سندوقی دەنگدانەوە بیگۆڕێت، كارل پۆپەر دەڵێت: ( سیستمی دیموكراتی ئەوە نییە كە بەزۆرینەی دەنگ بگەیتە دەسەڵات، بەڵكو دیموكراتی ئەوەیە كە دەستاودەستكردنی دەسەڵات بەشێوەیەكی ئاشتیانە و بێ توندوتیژی و خوێن ڕشتن بێت)، ئەم لایەنە ئەگەر بەشێوەیەكی پێچەوانە سەیری بكەین، پرسیار ئەوەیە ئایا لە كۆمەڵگەی دیموكراتی، حزبێك یان لایەنێكی سیاسیی كە بڕوای بەپێوەرەكانی دیموكراتی هەبێت، بیر لەوە بكاتەوە بە شێوازی نادیموكراتی یان تێكدانی ژینگەی دیالۆگ و وتووێژ، بگاتە دەسەڵات؟ ئایا حزبێك خۆی مۆڵەتی كاركردنی لەوەزارەتی ناوخۆی حكومەتێك وەرگرتبێت بۆ ئەوەی بەپێی ئەو مۆڵەتە ئازادانە چالاكی سیاسی ئەنجامبدات، دەكرێت ئەو مافە بەخۆی بدات، بڵێت ئەو حكومەتە لەگەڵ فاشی و نازی و بەعس فەرقی نییە، پرسیاری دیكە ئەوەیە ئایا سەرۆكی ئەو حزبە خۆی ئامادەیە یان دەتوانێت مۆڵەتی حزبایەتی لە دەسەڵاتێكی فاشی و بەعسی وەربگرێت؟ بێگومان پێوەرەكانی دیموكراتی چۆن بەسەر ئەو حزبانە پراكتیزە دەبێت كە حكومڕانی دەكەن و پێیان دەگوترێت حزبی دەسەڵات، بەهەمان شێوە بەسەر

**نە سیستمی سەرۆكایەتی خراپە نە پەرلەمانی و تێكەڵاو، ئەوەی خراپە ئەو ئەقڵیەتەیە كە ناتوانێت دیموكراتیانە بیر بكاتەوە**

**ئێستا نازانرێت كێشەی سەرەكی لەكوردستان ئەوەیە سەرۆك لەلایەن خەڵكەوە هەڵدەبژێرێت یان كێشەی ئەوەمان هەیە دەسەڵاتەكانی سەرۆك زۆرن و خراپ بەكارهاتوون؟**

**ئەمریكا پێویستی بە ڕۆزفەلت بوو چوار جار مافی هەڵبژاردنەوەی پێدا، ئەمەش نەبووە دروست بوونی دیكتاتۆر لە ئەمریكادا**

ئەو حزبانەشدا پیادە دەبێت کە بەخۆیان دەڵێن حزبی ئۆپۆزسیۆن، بۆیە بەپێی پێوەرەکانی دیموکراتی چۆن بۆ حزبەکانی دەسەڵات کوفرە بە ئۆپۆزسیۆن بڵێن تێکدەر یان ئاژاوەگێر، بەهەمان شێوە بۆ حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش کوفرە بە حزبەکانی دەسەڵات بڵێن فاشی یان هاوشێوەی حزبی بەعس، ئەگەر ئامانجی ئۆپۆزسیۆن بۆ بەکارهێنانی ئەم ناووناتۆرانە بۆ ئەوە بێت خەڵك هانبدەن هەمووی ببێتە ئۆپۆزسیۆن دژی دەسەڵات ئەوە خەونێکە قەت نایەتەدی و حزبەکانی دەسەڵاتیش هەوڵی ئەوە بدەن هەموو خەڵك ببێتە لایەنگیری دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بچووك بکەنەوە، ئەمەش خەونێکە بشهێتە دی ئاکامەکەی خراپ دەبێت، کەواتە جوانی سیستمی دیموکراتی بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزە بەمەرجی پێوەرەکانی دیموکراتی لەناو ژینگەی ئازاددا بۆ بەرژەوەندی خەڵك بەکاربهێنێت و ئامانجی ئەوەبێت ئەو ژینگە کراوەیەی کۆمەڵگەی دیموکراتی تێکنەچێت،هەربۆیە پێوەرەکانی دیموکراتی چۆن سنوور بۆ رەفتار و ئەخلاقی حزبەکانی دەسەڵات دادەنێت کە دەبێت ملکەچی رەخنە و خواستی خەڵك بن، بەهەمان شێوە پێوەرەکانی دیموکراتی سنوور بۆ رەفتار و ئەخلاقی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن دادەنێت کە سەرچاوەی دروستی گەیاندنی زانیاری راستبن بۆ خەڵك، ئۆپۆزسیۆن مافی خۆیەتی بە خەڵك بڵێت ئەو حزبانەی ئێوە دەنگتان بۆدان و بردنتانە دەسەڵات، ئێستا بەوەفانین بۆ ئەو دەنگانەی ئێوەو کاتی ئەوە هاتووە لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەنگیان پێ نەدەنەوە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن مافی نییە خۆی بکاتە خاوەنی دوکانی نیشتمانپەروەری و نیشتمانپەروەری بەم لایەن و بەو لایەن بفرۆشێتەوە، ئۆپۆزسیۆن مافی خۆیەتی شانازی لە نیشتمانپەروەری و بەرنامەی خۆی بکات بەوەی بەرنامەی ئەو لەبەرنامەی دەسەڵات باشترە و دادپەروەرانەترە، بەڵام مافی ئەوەی نییە بەرنامەی حزبەکانی دەسەڵات رەتبکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوە، مافی خەڵکە ئەو بەرنامەیە رەتبکاتەوە یان پەسەندی بکات، ئۆپۆزسیۆن دەبێت باش بزانێت، چۆن حزبەکانی دەسەڵات لەخوار خەڵکەوەن و دەبێت ملکەچی خەڵك بن، بەهەمان شێوە دەبێت ئەوەش بزانێت کە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش لەخوار خەڵکەوەن و دەبێت ملکەچی خواستی خەڵك بن، دەبێت بزانن ئەوە خەڵکە ئەوانی کردۆتە ئۆپۆزسیۆن و هەر خەڵکیشە حزبەکانی دیکەی کردۆتە حزبی دەسەڵات، بۆیە لەم ژینگە هاوسەنگەدا کە زۆرینە مافی ئەوەی نییە هەموو شتێك بۆ خۆی بەرێت( Winner take all)، ئەوا بێگومان ئۆپۆزسیۆنیش ئەو مافەی نییە



## فرانکلین رۆزفەلت

**فرانکلین رۆزفەلت لە ساڵی ١٨٨٢ لە دایک بووە و سی و دووهەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و تەنیا سەرۆکە کە ماوەی ٤ جار لەسەریەک لەمێژووی سیاسیی ئەمریکادا هەڵبژێردراوەتەوە و ماوەی ١٢ ساڵ لە ١٩٣٣– ١٩٤٥ سەرۆکایەتیی کردووە و لەساڵی یەکەمی خولی چوارەمی سەرۆکایەتیدا کۆچی دوایی کردووە، رۆزفەلت لەمێژووی سیاسیی ئەمریکادا لەدوای جۆرج واشنتۆن و لنکۆلن بە سێیەمین سەرۆکی گەورەی ئەمریکا دەژمێردرێت لەبەر ئەوەی توانی ئاراستەی شەڕێکی نەخوازراوی قورس بۆ بەرژەوەندیی جیهان و ئەمریکا بگۆڕێت و نەهێڵێت فاشیزم و نازیەت سەربکەون، لەمەش گرنگتر رۆزفەلت ئەو سەرۆکەیە کە توانی دەسەڵاتە بەهێزەکانی وەک سەرۆکێکی لێهاتوو بەکاربهێنێت و بڕیاری بوێرانە بۆ ئاییندەی ئەمریکاو جیهان دەربکات، هەربۆیە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەرۆک لە سیستمی سیاسیی ئەمریکا کە ئەوەیە سەرۆک دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، رۆزفەلتیش بە هاوشێوەی لنکۆلن و جۆرج واشنتۆن جارێکی دیکە سەلماندییەوە، دەسەڵاتی سەرۆک بۆ بڕیاری چارەنووسساز دەخرێتە گەڕ و هەر ئەو بڕیارە بوێرانەش چارەنووسی نەتەوە دیاری دەکەن. ئەمەش نموونەیەکی سەرکەوتووی سیستمی سەرۆکایەتی لەمێژووی حکومڕانی دیموکراتیدا تۆمار دەکات.**

هەموو ڕێگەیەك بگرێتە بەر بۆ ئەوەی خۆی بگاتە دەسەڵات، ئەگەر لەم چوارچێوەیە سەیری ئەو وتووێژ و موناقەشانە بکەین کە ئێستا لەسەر سیستمی حکومڕانی دەکرێت، هەستدەکەین، موناقەشەکە بچووکراوەتەوە بۆ بەراوردکاری نێوان دوو شێوازی حکومڕانی، کە ئەویش سیستمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانییە، ئەمە لە کاتێکدا ئەو سیستمەی لە کوردستان پیادەکرێت، هیچیان نییەو هەردووکیشیانە، ئایا لەم حاڵەتەدا ئەوە سەر تێکدانە لە خەڵك یان گەیاندنی زانیاری دروستە بە هاووڵاتیان.

## سیستمی نیوە سەرۆکایەتی لەنێوان سیستمی پەرلەمانی و سەرۆکایەتیدا

ئایا لەنێوان سیستمی پەرلەمانی و سیستمی دیموکراتیدا، سیستمێك هەیە کە لە هەردوو سیستمەکە موتوربە کرابێت، واتە سوود لەلایەنە باشەکانی هەردوو سیستمی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی وەرگیرابێت؟ ئایا هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە سیستمی نیوە سەرۆکایەتی یان تێکەڵاو پیادەدەکەن، هەموویان لەدەستوورەکەیاندا ئاماژە بەوەکراوە سیستمی نیوە سەرۆکایەتی پیادە دەکرێت؟ ئایا مەرجە سیستمی نیوە سەرۆکایەتی هەر بەو سیستمانە بگوترێت کە سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێرێت، یان بە سیستمی پەرلەمانیش دەگوترێت کە دەسەڵاتی فراوان بە سەرۆك دەبەخشێت؟ ئایا دەکرێت لەهەر وڵاتێکدا پۆستی سەرۆکی وڵات هەبێ پێی بگوترێت سەرۆکایەتی یان نێوە سەرۆکایەتی، ڕاشکاوانەتر ئایا سیستمی پەرلەمانی تەنها ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە پادشایین؟ ئەمانە و سەدان پرسیاری دیکە، پرسیاری پسپۆران و ڕۆژنامەنووسان و سیاسەتمەدارن لە سیستمە دیموکراتیەکاندا، لەبەر ئەوەی ئەم سیستمانە وەك سیستمی دیموکراتی، سیستمێکی نموونەیی نییە لە هەموو سیستەمێك باشتر بێت، بەڵکو باشی سیستمی دیموکراتی ئەوەیە، هەتا ئێستا لەو سیستمانە باشترە کە بەدرێژایی مێژوو مرۆڤایەتی پەنای بۆ بردوون و بۆ حکومڕانی تاقی کراونەتەوە، بۆیە ئەگەر وەك فۆکۆیاما سەرمەستی ئەوەبین بە ڕووخانی دیوار جاڕی کۆتایی مێژوو بدەین و دیموکراتی بە کۆتایی مێژوو بزانین، ئەوا دواتر وەك فۆکۆیاما پەشیمان دەبینەوە و دەبێت لەسەر ئایندەی مێژوو بنووسین، لەبەر ئەوەی فۆکۆیاما لەژمارەی مارت و نیسانی ساڵی ٢٠١٢ لە گۆڤاری فۆرین ئەفیرز توێژینەوەی (ئایندەی مێژووی بڵاوکردەوە) لەم توێژینەوەیەدا فۆکۆیاما مەترسی سەر دیموکراتی بە شیوعیەت نازانێ، بەڵکو بە دروست بوونی چینی خوار کرێکار و بە هەڵکشانی زانستی دەزانێت، کە چینی ناوەند دەپووکێنێتەوە، بۆیە ئەو پرسیارە دەکات ئەگەر چینی ناوەند نەما ئایندەی دیموکراتی بەرەو کوێ دەچێت، لەم گەڕانەوەیەدا بۆ فۆکۆیاما مەبەستمان ئەوەیە خودی دیموکراتی سیستمێکی نموونەیی نییە، ئایا دەکرێت یەکێك لەو سیستمانەی بۆ حکومڕانی دیموکراتی پیادە دەکرێت نموونەیی بێت و ئەوانی دیکە خراپ بن؟ بەداخەوە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان دەیانەوێت بەو جۆرە پیشانی خەڵکی بدەن کە سیستمی نێو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سیستمی سەرۆکایەتیەو هەموو سیستمێکی سەرۆکایەتیش دیکتاتۆریەت بەرهەم دەهێنێت و سەرۆکی وڵات دەکاتە دیکتاتۆر، پرسیار لێرەدا ئەوەیە گریمان سیستمەکە سەرۆکایەتیە وەك سیستمی ئەمریکا و سەرۆك ڕاستەوخۆ و بەتەنها سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە و لەکاتی پێویستدا نەك ناگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەڵکەی دەنگی پێداوە، ئایا لەماوەی نزیکە ٢٥٠ ساڵدا ئەم سیستمە دیکتاتۆری لە ئەمریکا دروستکردووە؟ بەڵام ئەگەر بەدیوێکی دیکەدا پرسیار بکەین، ئایا ئەم سیستمە مەترسی دروست بوونی دیکتاتۆری لەسەر نییە؟ لەوەڵامدا پسپۆران و شارەزایانی بواری قانوونی دەستوری ئەم مەترسیە لەهەموو سیستمێکدا بەدی دەکەن، بەڵام ئەم مەترسیە هێندەی پێوەندی بەبیرکردنەوە و ئەقڵیەتی سەرۆکەکەوە هەیە هێندە پێوەندی بە سیستمەکەوە نییە لەبەر ئەوەی لە هەر سێ شێوە جیاوازەکە( پەرلەمانی، سەرۆکایەتی، نیوە سەرۆکایەتی ) نموونەی زۆر سەرکەتووی دیموکراتیمان هەیە، بەڵام نموونەی خراپیشمان هەیە، بۆ نموونە نموونەی سەرکەوتووی سیستمی پەرلەمانی بەریتانیا و هۆڵەنداو سوید، ئەمانە لە نموونە سەرکەوتووەکانن، بەڵام عیراق و ئەفغانستانیش سیستمی پەرلەمانین و پاکستان سیستمی پەرلەمانییە، کە پەروێز موشەرەف کودەتای سەربازی ئەنجامداو ئێستاش پاکستان وەك عیراق و ئەفغانستان لەریزی پێشەوەی حکومڕانی خراپن لە جیهاندا، هەروەها تورکیا هەتا ئێستاش سیستمی پەرلەمانییە، ئێستا بیر لەوە دەکەنەوە بیگۆڕن بۆ سەرۆکایەتی، ئایا ئەمە مانای ئەوەنییە تورکیا هەست دەکات لە سیستمی پەرلەمانیدا شکستی هێناوە، هەربۆیە پێداهەڵگوتن بەهەریەك لەم سیستمانە خۆگێلکردن و خۆڵکردنە چاوی خەڵکە، لەبەر ئەوەی هەموو سیستمەکان لایەنی باش و خراپیان هەیە، ئەوجا لەسەر ناونانی سیستمەکانیش بەسەرۆکایەتی یان پەرلەمانی یان نێوە سەرۆکایەتی، لەسەر ئەمەش لەنێو زانایانی سیاسەت و قانوونی دەستوری بۆچوونی جیاواز هەیە، لەبەر ئەوەی مەرجی

**لنکۆلن بەبێ کۆنگریس بڕیاری شەڕی دژی کۆیلەتی دا، بەڵام بینایەی کۆنگریسیش دروست کرد بۆ ئەوەی لەو بینایەدا لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت**

**دیگۆل نەک هەر سەرۆکی فەرەنسابوو بەڵکو سیمبولی هەموو دەوڵەتانی فەرەنسی زمان بوو لە ئەفریقاوە تا کەنەدا، بەڵام دانیاڵ کۆهین بە فاشی ناوی دەبرد**

**ئەگەر سیستمی سەرۆکایەتی ڕۆژفەلتی بەرهەمهێنابێت و تێکەڵاو دیگۆلی بەرهەمهێنابێت، ئەوا چەرچلیش بەرهەمی سیستمی پەرلەمانییە**



# ژەنراڵ دیگۆل

**ژەنراڵ دیگـۆل لە سـاڵی ١٨٩٠ لەدایک بووەو ژەنراڵێکی سـەربازی و سیاسەتمەدارێکی گەورەی فەرەنسـابووە و لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا گەیشتۆتە پلەی ژەنراڵ و فەرماندەی تیپی سەربازی و لە ساڵی ١٩٤٣ سـەرکردایەتیی لیژنەی فەرەنسـی بۆ رزگاریی نیشتمانی کردووە و لە حوزەیرانی ١٩٤٤ بۆتە سـەرۆکی حکومەتـی کاتی لە لەندەن، لای فەرەنسـییەکان، دیگۆل وەک باوکی رۆحـی کۆماری پێنجەم و پاڵەوانی رزگاریی نیشـتمانی سەیر دەکرێت، دیگۆل یەکەم کەس بوو، لە مێژووی سیاسیی فەرەنسادا دەستبەرداری سیستمی پەرلەمانی بوو سیستمی نیوە سـەرۆکایەتی پیادەکرد و فەرەنسای لە قەیرانێکی گەورەی حزبایەتی و ناسەقامگیری رزگارکرد، هەر بۆیە لەمێژووی هاوچەرخدا کۆماری پێنجەمی فەرەنسا وەک نموونەی سیستمی سەرۆکایەتی تێکەڵ سەیر دەکرێت، ئەم سیستمەش سوودوەرگرتنە لەهەردوو سیستمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی و لەماوەی تەمەنی کۆماری پێنجەمی فەرەنسـادا کە ئەم سیستمە پیادە دەکرێت، فەرەنسا، وەک دەوڵەتێکی دیموکراتی سەرکەوتوو لە جیهاندا سەیر دەکرێت. بۆیە ئەمڕۆ کاتێک باسی شێوازی سەرکەوتووی سیستمە جیاوازەکانی حکومڕانی دیموکراتی لە جیهاندا دەکرێت، سیستمی تێکەڵی فەرەنسی بە هاوشێوەی سیسـتمی پەرلەمانی بەریتانیاو سەرۆکایەتیی ئەمریکا وەک سیستمێکی سەرکەوتوو لە قەڵەم دەدرێت.**

سیسـتمی سەرۆکایەتی یان نیوە سەرۆکایەتی، لەگەڵ ئەوەی لای هەندێك زانای سیاسی و یاسایی کۆمەڵێك پێـش مەرجی هەیـە و هەربۆ نموونە، بۆ سیسـتمی سەرۆکایەتی، سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێرێت و خاوەنی زۆرینەیە لەناو پەرلەماندا، و سەرۆك راستەوخۆ خۆی سـەرۆکی حکومەتەو خۆی وەزیـر دادەنێت و خۆی ئیقالەیـان پێدەکات، هەروەها لەسیسـتمی نیوە سەرۆکایەتی، سـەرۆك راسـتەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێرێت، بەڵام دەسـەڵاتی سـەرۆك لەو سەرۆکە زیاترە کە لەپەرلەمانێکی ئاساییەوە دەسنیشان دەکرێت، لەسیستمی نێوە سەرۆکایەتیدا کابینەی وەزاری، سەرۆك و وەزیـران و وەزیرەکان لەلایـەن پەرلەمانەوە متمانەیان پێدەدرێت و متمانەیان لێوەردەگیرێتەوە، هەروەها سەرۆك مافی هەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمانی هەیە وەك دیگۆل کە لە سـاڵی ١٩٦٨ بڕیاریدا، لەسیستمی پەرلەمانیدا، سەرۆك یان پادشا هەن، بەڵام سەرۆك وەزیران راستەوخۆ سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە و پەرلەمان دەتوانێت سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان بانگهێشتی پەرلەمان بکات و لێپرسـینەوەیان لەگەڵدا بـکات، ئەم بۆچوونانە لای بیرمەنـد و زانـا ئەوروپییەکان مەرجن بۆ ناسـاندنی سیسـتمەکە، بەڵام لای ئەمریکیەکان بەتایبەتی تیب ئۆنیل کە ماوەیەك سـەرۆکی کۆنگریسی ئەمریکاش بـووە، ئـەو بەجۆرێکی دیکە پێناسـەی دەکات، هەر دەوڵەتێك سـەرۆکی هەبێت و سـەرۆك دەسـەڵاتێکی دیاریکراوی هەبێت لە دەسەڵاتی پادشاکانی سیستمی پەرلەمانی زیاتر بێت، ئەوا بە سیسـتمی سەرۆکایەتی و تێکەڵاو نـاو دەبرێن، هەتا ئەگەر سـەرۆك لەلایەن پەرلەمانیشەوە دەست نیشـان بکرێت، لەلایەکی دیکە هەر سەبارەت بە سیستمی نیوە سەرۆکایەتی کە هەندێك بەتێکەڵاو ناوی دەبەن، دیسـان بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك وەك مۆریس دوفرجیە ناونانی نیوە سەرۆکایەتی (semi- presidentialism) دەگێڕێتـەوە بۆ ئەو ناوەی بەکاری هێناوە، هەندێك لە زانایانی سیاسەت پێیان وایە وشەی ( semi) لەلایەن دوفرجیە بە مانا لاتینییەکـەی بەکار هاتووە کە مانـای نێوە( half) دەگەیەنێـت، بەڵام هەندێکی دیکە پێیـان وایە لەبەر ئەوەی دەسەڵاتەکانی سـەرۆك لە سیستمی تێکەڵاودا جیاوازە و لەهەموو ئەو وڵاتانەی کەسیسـتمی تێکەڵاو پیادە دەکەن دەسـەڵاتەکان چوون یەك نین، ئەوا ناکرێت پێی بگوترێت نیوە سـەرۆکایەتی بەڵکـو دەبێت پێی بگوترێت تێکەڵاو یان موتوربەکراوی نێوان سەرۆکایەتی و پەرلەمانی، ئەوانەی پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەن، ئامـاژە بەوە دەکەن دەسـەڵاتی سـەرۆك لە کۆماری

ئێرلەندا هێنــــدە کەمە کە ناکرێت پێی بوترێت تێکەڵاو، هەروەها لەنێوان نەمساو فنلەنداو ئایسلەندا و فەرەنساش جیاوازی هەیە، بەڵام لە ئەلبانیا کە ســـەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت، دەســـەڵاتەکانی سەرۆك لە دەسەڵاتی سیســـتمی سەرۆکایەتی تێکەڵاو زیاترە، ئەم ئاراســـتەیە بەرەو ئەوەمان دەبات هەڵوەستە لەسەر هەر سێ سیستمەکە بکەین، ئەوجا ئەو پرسیارە رووبەڕووی خۆمـــان بکەینەوە، بۆچی لەکورســـتاندا پەنا برایە بەر سیســـتمی تێکەڵاو و هەڵبژاردنی ســـەرۆك راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە؟

## هەرێمی کوردستان و سیستمی سەرۆکایەتی تێکەڵاو

ئەوە لای هەموو لایەك ئاشکرایە بۆچی بەڕێز مسعود بارزانی بڕیاریدا هەڵبژاردنی سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە بێت ؟ وەڵامی ئەمە ئاسانە لەبەر ئەوەی کاتێك بەڕێز مسعود بارزانی لەلایەن پەرلەمانەوە وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستنیشانکرا، رەخنەی ئەوە دەگیرا ئەم ســـەرۆکایەتیە سەفقەیەکی سیاسیی نێوان پارتی و یەکێتیە و دەبێت ســـەرۆك لەلایەن خەڵکەوە راستەوخۆ هەڵبژێرێت، ئەمـــە بەوجۆرە پیشـــاندرا بەوەی ئەگەر بەڕێز مســـعود بارزانی راستەوخۆ خۆی هەڵبژێرێت بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم ئەوا دەنگی پێویست ناهێنێت و ئیحراج ئەبێت، بۆیە بەڕێز مسعود بارزانی بە هاوشێوەی ژەنرال دیگۆل تەحەدای ئەو واقیعەی کرد و بە ئاشکرا رای گەیاند ئەگـــەر لەپەرلەمانەوە هەڵببژێردرێت ئەوا ئامادە نابێت پۆستی ســـەرۆکی هەرێم وەربگرێتەوە و دەبێت گەلی کوردســـتان ئەم پۆستە یەکلایی بکاتەوە، بـــۆ ئەمەش بوێرانەو بێباکانە خـــۆی پاڵاوت و گەلی کوردســـتانیش بە هاوشـــێوەی گەلی فەرەنســـا چۆن بەرێژەی نزیکـــەی ٧٠٪ دیگۆلیان هەڵبژارد، بەهەمان شێوە گەلی کوردستانیش بەرێژەی ٧٠٪ زیاتر دەنگیان بە بەڕێز مســـعود بارزانی بۆ ســـەرۆکی هەرێمدا. ئەم رێژەیـــەش زۆر زیاتـــرە لەو رێژەیەی کـــە هاوپەیمانی پارتی و یەکێتی بەناوی لیستی کوردستانی بەدەستیان هێناوە، لەبەر ئەوەی پارتـــی ویەکێتی پێکەوە ٥٩٪ی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئایا بەڕێز مسعود بارزانی کە وەك کاندید خۆی بۆ ئەو پۆســـتە پاڵاوت وەك شەخس خۆی پاڵاوت یان وەك سەرۆکی هاوپەیمانی پارتی و یەکێتی و سەرۆکی لیســـتی کوردستانی؟ بێگومان هەموو لەبیرمانە بەڕێز د.بەرهەم ئەحمەد ســـاڵح سەرۆکی لیستی کوردستانی بوو و جێگری ســـکرتێری گشـــتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، هەر ئەویش بووە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە کابینەی شەشەمدا، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت سیستمی ســـەرۆکایەتی لە کوردستان بوونی نییە بەو مانایەی ســـەرۆك پێویستە سەرۆکی حزبی زۆرینە یان هاوپەیمانی زۆرینە بێت، بەڵکو لەم سیســـتمەدا دەکرێت سەرۆك خۆی دەنگێکی زۆر بەدەست بهێنێت و حزبەکەی لە ئۆپۆزسیۆن بێت، نموونەش لەمبارەوە فرانسۆ میتران کە ســـەرۆکی حزبی سۆشیالیســـتی فەرەنسی بوو، لە ســـاڵی ١٩٨٦-١٩٨٨ جاك شیراکی سەرۆکی پێشووی فەرەنســـا سەرۆك وەزیرانی بووە، ئەمەش مانای ئەوەی ســـەرۆك فرانســـۆ میتران لە پەرلەماندا حزبەکەی لە ئۆپۆزســـیۆن بووە، هەروەك چۆن لەسەردەمی کابینەی شەشەمدا سەرۆك وەزیران ســـەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردســـتان بوو، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا ٣٠ کورســـی هەبـــووە و لەو کاتـــەی کە بەڕێز د.بەرهەم وەك سەرۆك وەزیران بانگهێشتی پەرلەمان کرا بۆ ئەوەی متمانەی پێبدرێتـــەوە، خۆئەگەر متمانەی لێ وەربگیرایەوە هاوپەیمانێیەکی دیکە لەناو پەرلەمان دروســـت بوایە، ئەوا پارتی دیموکراتی کوردســـتان بە ٣٠ کورسیەوە نەیدەتوانی زۆرینەی پەرلەمانی دروست بکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبوو وەك فرانســـۆ میتران لە ســـاڵانی ١٩٨٦-١٩٨٨ ســـەرۆکی وڵات بێت و حزبەکەشی لەپەرلەمان زۆرینە نەبێت.

## دەسەڵاتەکانی سەرۆك یان شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك

ئەو پرســـیارەی هەتا ئێســـتا بێ وەڵامە ئەو پرسیارەیە ئایا لایەنەکانی ئۆپۆزســـیۆن بە تایبەتیش بزووتنەوەی گۆڕان دژی دەسەڵاتەکانی سەرۆکن یان دژی شێوازی هەڵبژاردنی ســـەرۆکن لەلایەن خەڵکـــەوە؟ وەڵامی ئەم پرســـیارە گرنگە لەبەر ئەوەی دەکرێت ســـەرۆك لەلایەن خەڵکیشـــەوە هەڵبژێردرێت و دەسەڵاتەکانیشی زۆر کەم بێت وەك ســـەرۆکی کۆماری ئیرلەندا، مۆریس دوفرجیە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی لەسیستمی تێکەڵاودا لە زۆرەوە بۆ کەم بەمجۆرە پۆلین کردووە : (فەرەنســـا، فینلەندا، وایمار، پورتوگال،نەمســـا، ئایسلەندا، ئیرلەندا) تەنانەت دوفرجیە ئاماژەی بەوەکردووە دەسەڵاتەکانی سەرۆك لە ئیرلەندا هێندە کەمە کە ناکرێت پێی بگوترێت سیستمی سەرۆکایەتی تێکەڵاو، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا بەڕێز مسعود بارزانی لەبەر ئەوە بریاریدا ســـەرۆك راســـتەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت کە دەســـەڵاتی کەم بوو، یان تەحەدایەك بوو بۆ وەڵامی ئەو کەس و لایەنانەی کە توانجیان لەسەرۆکی هەڵبژێراو لە رێگەی پەرلەمانەوە دەدا؟ بێگومان وەك پێشتر وەڵامان

**پەنابردن بۆ موناقەشەی تیۆری و بەدەرخستنی لایەنە سلبییەکانی سیستمی سەرۆکایەتی یان تێکەڵاو بەدەرخستنی لایەنە ئیجابییەکانی سیستمی پەرلەمان بۆ مەبەستی سیاسیی یان بۆ دژایەتی ئەو سیستمە دیموکراتیەی ئێستا لەوڵاتدا بوونی هەیە، بێجگە لە موزایەداتی حزبی و ئایدیۆلۆژی و شەڕی هەڵبژاردن و دەنگ کۆکردنەوە، هیچ بایەخێکی زانستی نییە، بێجگە لە دروستکردنی کەشێکی ئاڵۆز بۆ لێکتێنەگەیشتن و سەر لێشێواندن هیچ سوودێکی دیکەی نییە..**

دایەوە، بەڕێز مسعود بارزانی وەك تەحەدایەك بڕیاریدا سەرۆك لەلایەن خەڵكەوە هەڵبژێرێت، لەلایەكی دیكەش خۆپاڵاوتنی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ سەرۆكی هەرێمی كوردستان راستەوخۆ لەلایەن خەڵكەوە جاری یەكەم نییە، بەڵكو هاوكاتی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی ساڵی ١٩٩٢، بەڕێز مسعود بارزانی یەكێك بوو لە كاندیدەكانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان، راستە لە خولی یەكەمدا ئەم پرسە یەكلایی نەبۆوە، بەڵام ئەو كاتیش گەلی كوردستان دەنگی یەكەمی بە بەڕێز مسعود بارزانی دا و ئەگەر خولی دووەم بكرایەوە بۆ یەكلایكردنەوەی دەنگەكان لەنێوان هەردوو پاڵێوراوی سەرەكی كە بەڕێزان مام جەلال و مسعود بارزانی مابوونەوە، ئەوا ئەو كات ئەو پرسە یەكلایی دەبووە، بۆیە ئامانجی سەرەكی بەڕێز مسعود بارزانی ئەوەبوو گەل ئەم پرسە یەكلایی بكاتەوە، بەڵام با بپرسین ئایا هۆكاری ترسی لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن بە تایبەتیش گۆڕان لە دەسەڵاتە زۆرەكانی سەرۆك چییە؟ لەوەڵامی ئەم پرسەشدا دەڵێین دەسەڵاتەكانی پۆستی سەرۆكی هەرێم پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدات، نەك سەرۆك خۆی بڕیاری لەسەر بدات، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەكی واقیعیانە لەگەڵ ئەم پرسە مامەڵە بكەین و ئەو دەسەڵاتە بە مەترسی بزانین كە سەرۆك لە حاڵەتی ئیستسنائی بۆی هەیە داوای هەڵوەشانەوەی پەرلەمان بكات و بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختە بدات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە راستە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان وەك سەرۆك ئەو دەسەڵاتەی هەیە كە بارێكی تایبەت و نائاسایدا ئەو بڕیارە بدات، بەڵام ئایا سەرۆك مسعود بارزانی ئەم دەسەڵاتەی بەكارهێناوە كە دەسەڵاتەكەی شەرعیەتێكی پەرلەمانی هەیە، یان سەرۆكی بزووتنەوەی گۆڕان بەڕێز نەوشیروان مستەفا كە هیچ دەسەڵاتێكی شەرعی نییە، بەیاننامەی دەركردووە بۆ ئەوەی پەرلەمان هەڵبوەشێتەوەو حكومەتی تەكنۆكرات دابمەزرێت و سیستەمە سیاسیەكە لە ڕیشەوە بگۆڕێت؟ بێگومان ئەوە شەخسی سەرۆكی بزووتنەوەی گۆڕان بوو ئەو بەیاننامەیەی دەركرد، نەك سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەسەڵاتی شەرعی خۆی بەكار هێنابێت، لەمەش گرنگتر پرسیار ئەوەیە ئایا سەرۆكی هەرێمی كوردستان چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو بەیاننامەیەی بزووتنەوەی گۆڕان كرد ؟ ئایا بڕیاریدا لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان وەك لایەنێكی سیاسی ئۆپۆزسیۆن ئەو دەسەڵاتە شەرعیەی نییە پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە، دەبێت مۆڵەتی كاركردنی لێ وەربگیرێتەوە، یان لەگەڵ حزبە سیاسیەكانی كوردستان كۆبووەوە و ئەم مەسەلەیەی بەراشكاوی لەگەڵ باسكردن، وێرای ئەمانەش بۆ ئەوەی بارودۆخێكی ئاڵۆز دروست بێت و شەرعیەت بۆ بەیاننامە حەوت خاڵیەكەی بزووتنەوەی گۆڕان دروست بێت، ئەوە بوو بۆ پیرۆزبایی كردن لە سەركەوتنی راپەرینەكانی بەهاری عەرەبی و پیرۆزبایی كردن لە ئیخوان و سەلەفیەكانی میسر، مۆڵەتی خۆپیشاندانێكیان وەرگرت، بەڵام ئەم خۆپیشاندانەش وەك خۆپیشاندنەكەی پاریسی ١٩٦٨ بە ئاراستەیەكی دیكەی براو هەمموو لایەكیش دەزانین چۆن بەو ئاراستەیەدا برا، ئەویش وەك خۆپیشاندانەكەی پاریسی ١٩٦٨ لە خۆپیشاندانەوە بۆ پشتگیری ئیخوان و سەلەفیەكان گۆڕا بۆ خۆپیشاندان دژی گەندەڵی و خراپی سیستمی حكومڕانی، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و ئەو سیستمە خراپە چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو بارودۆخەش كرد؟ بێگومان سەرۆكی هەرێمی كوردستان رایگەیاند داخوازی خەڵك رەوایە و ئەگەر مەبەستیشانە پەرلەمان هەڵبوەشێتەوە فەرموو هەموو لایەنەكان كۆببنەوە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەختە بدەینەوە، ئەگەر سەرنج بدەین تەنانەت لەم بارودۆخەشدا سەرۆكی هەرێمی كوردستان ئەو دەسەڵاتەی هەیبوو لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسیەكان بەشی كردووە، لەلایەكی دیكە و سەبارەت بە دەسەڵاتی سەرۆك وەك سەرۆكی هەڵبژێردراو لەماوەی كابینەی شەشەم بەتایبەتی كە سەرۆك وەزیرانەكەی جێگری سكرتێری یەكێتی نیشتمانی كوردستان بووە، ئایا هەتا ئێستا گوێمان لێ بووە بەڕێز د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح گازندەی ئەوەی كردبێت كە سەرۆكی هەرێم خۆی بەشێكە لەدەسەڵاتی جێبەجێ كردن ئەو بەشەی خۆی پیادە كردووە، تەنانەت لەسەردانەكانیشیدا بۆ هەموو ناوچەكانی كوردستان هەر لەزاخۆ تا خانەقین، شاندی هاوڕێی سەرۆكی هەرێمی كوردستان ئەو وەزیرە پەیوەندارانە بوون كە راستەوخۆ پێوەندییان بەداواكاری هاووڵاتیانەوە هەبووە و سەرۆكی هەرێم داخوازیی هاووڵاتیانی ڕووبەڕووی حكومەت كردۆتەوە و پشتگیری داخوازی هاووڵاتیانی كردووە بۆ ئەوەی حكومەت داواكانیان بۆ جێبەجێ بكات، نەك دەسەڵاتەكانی كردبێت بە میكانیزمێك بۆ پەیداكردنی نفووزی سیاسی.

**بەڕێز مسعود بارزانی بە هاوشێوەی دیگۆل بڕیاریدا گەل راستەوخۆ هەڵیبژێرێت و گەلی كوردستانیش وەك گەلی فەرەنسا بە ڕێژەی ٧٠٪ زیاتر متمانەیان پێدا**

### بۆ سەرۆك لەلایەن گەلەوە هەڵنەبژێردرێت؟

ئایا بەهەڵبژاردنی سەرۆك لەلایەن گەلەوە سیستمی حكومڕانی دەبێتە سیستمی سەرۆكایەتی و سەرۆكیش دەبێتە دیكتاتۆر؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە كە دەبێت ڕووبەڕووی خۆمانی بكەینەوە، لەبەر ئەوەی نە ئەندامانی پارتی و یەكێتی و نە ئەو خەڵكە بێلایەن و تەنانەت ئەو خەڵكانەشی كە ئەندامی لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆنن



و دەنگیان بەسەرۆكی هەرێمی كوردستانداوە، خواستی ئەوەیان نییە بەدەستی خۆیان دیكتاتۆر لەسەر خۆیان دروست بكەن، هەروەها هەموو ئەوانەشی دەنگیان بە بەڕێز مسعود بارزانی داوە وەك سەرۆكی هەرێم، دڵنیان لەوەی دروست بوونی دیكتاتۆریەت پێوەندی بە ئەقڵیەت و بیركردنەوەی شەخسەوە هەیە نەك شێوازی حكومڕانی، هەر بۆ نموونە بەحساب لەعێراقدا سیستمی پەرلەمانییە و سەرۆك وەزیران ملكەچە لەبەردەم پەرلەماندا، بەڵام وەك هەموو جیهان راشكاوانە ئاماژەی پێدەكات نوری مالیكی بەرەو دیكتاتۆریەت هەنگاو هەڵدەگرێت و پەرلەمانیش هیچی پێناكرێت و هەموو شێوازێك و هەموو دەسەڵات و ئیمكانییەتی دەوڵەتی خزمەتی خۆی و حزبەكەی بۆ ئەوەی نەیارە سیاسیەكانی تەسفیە بكات، ئەمە ئەگەر لەڕوانگەی بۆچوونەكانی ئۆپۆزسیۆنەوە تەفسیری بۆ بكەین دەبوو مەسەلەكە پێچەوانە بێت، لە بەغدا لەبەر ئەوەی سیستمەكە پەرلەمانییە دیموكراتی بەركەماڵ بوایە و لەكوردستان كێشەی خراپ بەكارهێنانی دەسەڵاتی سەرۆكمان هەبوایە، یان دەبوو بزووتنەوەی گۆڕان كە گەورەترین لایەنی ئۆپۆزسیۆنە لەكوردستان دەبوو لەبری ئەوەی خۆی داوای هەڵوەشانەوەی پەرلەمان بكات، دەبوو ئەگەر سەرۆك بڕیاری هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی بدایە، خۆپیشاندانی بكردایەو بیوتایە سەرۆكی هەرێم دەسەڵاتەكانی خۆی بەكارهێناوە، بۆیە فەرز كردنی ئەوەی سەرۆك نابێت لەلایەن خەڵكەوە هەڵبژێردرێت، هیچ بیانوویەكی یاسایی و سیاسیی و دەستووری نییە، لەبەر ئەوەی بڕیاری بەڕێز مسعود بارزانی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك لەلایەن خەڵكەوە پێوەندی بەدەسەڵاتەكانی سەرۆكەوە نییە، بەڵكو پێوەندی بەوەوە هەیە كە دەبێت گەل راستەوخۆ سەرۆكی خۆی هەڵبژێرێت و خۆی ئەو پرسە یەكلایی بكاتەوە، ئەوجا ئەو سەرۆكە بەڕێز مسعود بارزانی بێت یان هەر كەسێكی دیكە بێت، بەڵام ئەگەر مەسەلەكە ئەوەبێت پارتی دیموكراتی كوردستان خاوەنی نفوزی پلە یەكە لە كوردستان و لە هەموو هەڵبژاردنێكدا حزبی یەكەم دەبێت و بەڕێز مسعود بارزانیش لەو ئاستەیە كە ململانێ كردنی زەحمەتە و بەمەش سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی حكومەت سەر بە پارتی دیموكراتی كوردستان دەبێت، بێگومان لەوەڵامی ئەمەشدا دەڵێین ئەمە قەدەری دیموكراتیە، هەر بۆ نموونە لەتوركیا ئەردۆگان سەرۆكی حزبە سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانە و عەبدوڵڵا گول جێگریەتی سەرۆك كۆماری توركیایە، ئەمە نموونەیەكی نزیكە بۆ ئەوەی لەسەر قەدەری دیموكراتی هەڵوەستەیەكی جدی بكەین.



کلاودیا دێریکس بۆ گوڵان:

# تایبەتمەندیی وڵات سیستمی حوکمڕانی دیاری دەکات و ئەوەی پێشوەختە بڕیار بدات هیچ بنەمایەکی نییە

**پرۆفیسۆر کلاودیا دێریکس ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زاکۆی فلیپس لە مالبۆرکی ئەڵمانیا تایبەتمەندە لە سیاسەتی بەراوردکاری و پەرەپێدانی نێودەوڵەتی و پسپۆرە لە حوکمڕانی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،بۆ قسەکردن لەسەر تایبەتمەندیی وڵات و چۆنییەتی دەستنیشان کردنی شێوازی سیستمی حوکمڕانی، خاتوو کلاودیا بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوەو رای خۆی بۆ دەربڕین:**

((جیاوازیی سەرەکی نێوان سیستمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی بریتییە لە چۆنییەتی پیادەکردنی پرۆسەی چێك وباڵانس لەنێوان دەسەڵاتەکاندا، من خۆم هاووڵاتییەکی ئەڵمانیم لەوڵاتی من راوێژکار هەیە کە راستەوخۆ سەرۆکی دەسەڵاتی جێیبەجێکردنە، بەڵام راوێژکار وەك سەرۆك وەزیران لەپەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت، بەڵام لە ئەمریکا سیستمی سەرۆکایەتی پیادەدەکرێت و سەرۆك لەزۆربەی بوارەکاندا مافی ڤیتۆی هەیە، لەسیستمی نیمچە سەرۆکایەتیدا هەوڵدراوە سوود لەهەردوو ئەزموونەکە وەربگیرێت، بۆیە هەڵبژاردنی یەکێك لەم ئەزموونانە پەیوەندیی بەوەوە نییە کامیان لە کامیان باشترە بەڵکو هەموو وڵاتێك خاوەن کۆنتێکستێکی تایبەت بەخۆیەتی لە رووی کولتوری و ئایینی و ئیتنی و ئابووری و جوگرافی و سیاسی، هەربۆیەش بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی ئەوەی کە ئایا کام جۆر سیستەم بۆ کام وڵات باشە، ئەوە بەڕای من پێویستە تەواوی هاووڵاتیان بڕیاری لەسەر بدەن و ئەو کۆنتێکستە هەڵبژێرن کە لەگەڵیاندا دەگونجێت، هەربۆیە پێش ئەوەی کابینەی حکومەت پێکبهێندرێت پێویستە شێوازێکی حکومڕانی گونجاو بچەسپێت کە تیایدا بەشداربوونی هاووڵاتیان لە پڕۆسەی سیاسی زامنبکرێت و پاشان بڕیاربدەن گەر سیستەمی حکومڕانییەکەیان سەرۆکایەتی بێت یاخود پەرلەمانی یانیش تێکەڵەی هەردوو سیستەم، پڕۆسەی هەڵبژاردنەکان بڕیاردەرە لەمڕووەوە، لەلایەکی دیکەشەوە مافی هاووڵاتیانە بەشداربن لە پڕۆسەی پەسەندکردنی دەستوور. بەڵام ئەگەر وەك زانایەکی سیاسیی لەرای من دەپرسیت من پێموایە، هەتا لەوڵاتانی تازە پێگەیشتووشدا هەتا هەموو هاووڵاتیان و هەموو کەمینەکان چانسیان هەبێت بۆ بڕیاردان لەبارەی ئەو سیاسەتانەی کە بەخۆیان دەیانەوێت و ئارەزوویانە و پێیانوایە بەباشترین شێوە بۆ ئەوان گونجاوە، هەروەها بۆ وڵات و گەل گونجاوە،



ڕۆگەر سمیس بۆ گوڵان:

# سیستمی تێکەڵ لە مێژووی حکومڕانی تۆمارێکی باشی هەیە و دەتوانێت بەرژەوەندییە جیاوازەکان کۆبکاتەوە

**پرۆفیسۆر ڕۆگەر ئیم سیمس سەرۆکی بەشی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی پەنسلفانیا و سەرۆکی پرۆگرامەکانە لە ئامۆژگای پێن (penn) و تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی دیموکراتی و شێوازە جیاوازەکانی سیستمی دیموکراتی لەوڵاتە جیاجیاکانی جیهاندا، بۆ هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری سەبارەت بەم سیستمانە پرسیارمان ئاڕاستەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە:**

((لە سیستمی پەرلەمانیدا، دەنگدەران پارتێکی باڵادەست یان باڵادەست هاوپەیمانێتییەکی لە پەرلەماندا هەڵدەبژێرن، و دواتر هەڵدەستن بە هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیران. لە سیستمی سەرۆکایەتیدا، دەنگدانی خەڵکی بۆ هەڵبژاردنی بەرپرسی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یان سەرۆك جیایە لەگەڵ دەنگدانیان بۆ پەرلەمان، یان دەسەڵاتی یاسادانان، لە سیستمی پەرلەمانیدا دەبێت، سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن سەر بە پارتی باڵادەست یان هاوپەیمانێتیی باڵادەست بێت لە پەرلەماندا، لە کاتێکدا لە سیستمی سەرۆکایەتیدا، دەکرێت سەرۆك سەر بەو پارتە بێت کە بەرهەڵستکارە بۆ ئەو پارتەی یان هاوپەیمانێتییەی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی یاسادانان دەکات. هەروەها سیستمی تیکەڵیش هەیە کە سەرۆك وەزیران و سەرۆك-سەرۆکی وڵات- لە خۆدەگرێت، کە بونیادەکەی بە چەشنێکی کە سەرۆك بە شێوەیەکی تایبەت بەرپرسیارێتیی سیاسەتی دەرەوە دەگرێتەئەستۆ و ڕەفتاردەکات، لە کاتێکدا سەرۆك وەزیران پتر بەرپرسیارێتیی سیاسەتی ناوخۆ دەگرێتەئەستۆ، بۆیە تەنانەت لەسیستمی سەرۆکایەتیشدا سەرۆك هەموو دەسەڵاتێکی نییە، سیستمی دەستووری لەو وڵاتانەدا بە شێوەیەکە کە دەسەڵاتەکان دابەشکراون، واتە دەسەڵاتە جیاوازەکان توانای ئەوەیان هەیە یەکتر لە سنووردا ڕابگرن، لە ڕووی دەستورییەوە ئەو کاتە ئەمەریکا دەتوانێت بە ڕەسمی جاڕی شەڕ بدات کە کۆنگرێس ڕەزامەندی دەدات، واتە سەرۆك ناتوانێت جەنگ ڕابگەیەنێت، و ناتوانێت کردەوەی سەربازی ئەنجام بدات بۆ بەرگری کردن لە ئاسایشی نەتەوەیی بێ ئەوەی کۆنگرێس ڕەزامەندی لەسەر دابینکردنی دارایی بدات بۆ ئەو کردەوە سەربازیانە یان بۆ درێژەپێدانیان. کەواتە ئەمە هۆکارێکی گەورەیە کە دەسەڵاتی سەرۆك نەبۆتە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری لە ئەمەریکادا، لەبەر ئەوەی دەستوور دەسەڵاتی دابەشکردووە لە نێوان پێکهاتەکانی حکومەتدا، بە دڵنیاییەوە، ئەوەش ڕاستە کە ئەبراهام لینکۆڵن لە سەردەمی شەڕی ناوخۆییدا و ڕۆزفلت لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهان، هەڵوێستێکی بەهێزیان گرتەبەر بۆ بەرگریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی کە دەسەڵاتە دەستووریەکانی خۆیان تا خاڵی شکاندنی سنووری



دانیال کارامانی بۆ گوڵان:

# سیستمی تێکەڵ واتە مروونەتی سیستمی پەرلەمانی و کارایی سیستمی سەرۆکایەتی

**پرۆفیسۆر دانیال کارامانی بەڕێوەبەری سەنتەری زانستی سیاسەتە لەزانکۆی سانت گەلن لە سویسرا، ئەم زانکۆیە یەکێکە لەو زانکۆیانەی کە بایەخێکی گەورە بە شێوازی حکومڕانی دەدات و پرۆفسیۆر دانیاڵیش تایبەتمەندە لە هەمان زانکۆ لەبواری دیموکراتی لەجیهان و حکومڕانی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا، سەبارەت بە بەراوردکاری لەنێوان سیستمی حکومرانی لە دیموکراتیدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

((جیاوازیی سەرەکی نێوان سیستمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی، لە سیستمی سەرۆکایەتیدا، دەسەڵاتی جێبەجێکار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، لە کاتێکدا لە سیستمی پەرلەماندا دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێن، لە سیستمی سەرۆکایەتیدا دەسەڵاتەکان دابەش دەکرێن و ناکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە متمانە لەسەرۆك وەربگیرێتەوە و سەرۆکیش دەتوانێت پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە. هەروەها لە سیستمی پەرلەمانیدا، پەرلەمان دەتوانێت متمانە بەحکومەت بدات و لێشیوەربگرێتەوە، واتە پەرلەمان و حکومەت لێکجیانین، ئەگەر لە ئەدای حکومەت ڕازی نەبیت بیگۆڕیت، لە کاتێکدا لە سیستمی سەرۆکایەتیدا دەبێت سەرۆك خولی سەرۆکایەتی خۆی تەواو بکات، لەنێوان ئەم دووسیستمەدا سیستمێکی دیکە هەیە کە نیمچە سەرۆکایەتییە، بە چەشنی ئەوەی لە فەڕەنسا بەدی دەکرێت، یان وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، کە هەوڵدەدەن سوود لە لایەنە ئیجابییەکانی هەردوو سیستمەکە وەربگرن و تێکەڵی بکەن، واتە مرونەتی سیستمی پەرلەمانی و کارایی سیستمی سەرۆکایەتی. بە زۆری لە دیموکراسیە نوێیەکاندا تێکەڵکردنی هەردوو سیستمەکە ڕوودەدات، لەبەر ئەوەی لە دیموکراسییە نوێیەکاندا خواستی بنیاتنانی دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان هەیە، لەبەر ئەوەی هەوڵی چەسپاندنی بنەما دیموکراتییەکان دەدەن. هەروەها دەکرێت بڵێین سیستمی سەرۆکایەتی کاراتر بێت لە سیستمی پەرلەمانی، لەبەر ئەوەی سەرۆکێکت هەیە کە دەسەڵاتەکانی دابەش ناکات لەگەڵ هاوپەیمانێتیەکانی دیکەدا، بە چەشنی ئەوەی لە سیستمی پەرلەمانیدا هەیە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە سیستمی پەرلەمانی، وەك ئەوەی لە بەریتانیا یان ئوستralیا هەیە، کە تەنها پارتێك لە حکومەتدا هەیە، بە هەمان شێوە سیستمێکی کارایە و بڕیارەکان لەلایەن پارتێکەوە دەردەکرێن، لەبەر ئەوە هاوڕانیم لەگەڵ ئەوەدا کە سیستمی سەرۆکایەتی کاراترە لە سیستمی پەرلەمانی، لەبەر ئەوەی دامەزراوەکان ڕۆڵگەلێکی دیاریکراویان هەیە و دەبێت ڕێزی لێبگیرێت، و دیموکراسی تەنها هەڵبژاردن نییە، بەڵکو بریتییە لە سەروەری یاسا و دەبێت هەموو کەس پابەند بێت بە یاساوە، تەنانەت سەرۆك و ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە نەبێت ئەوا دیموکراسیت نییە، دەبێت ڕێز لە دەرئەنجامەکان و کەمینەکان بگیرێت، واتە ناکرێت براوەکان بتوانن هەر کارێك بکەن کە خوازیارین، بەڵکو دەبێت ڕێز لەو لایەنانە بگرێت کە لە موعارەزەدان. کەواتە وەڵامێکی کورت بۆ ئەم پرسیارە بریتییە لە سەروەری یاسا و نابێ کەس لەسەرووی یاساوە بێت.

ئەوە بەڕای من لەوکاتەدا گرنگ نییە گەر سیستەمە حکومڕانییەکە سەرۆکایەتییە یاخود پەرلەمانی یان تێکەڵ، کەسیش ناتوانێ بڵێت سیستەمی سەرۆکایەتی باشترە لە سیستەمی پەرلەمانی یان تێکەڵ یاخود بەپێچەوانەوە، هەر کەسێك ئەو جۆرە قسەیە بکات ئەوە من وەك پسپۆرێك لەزانستی سیاسەت بە نەزانی لەقەڵەمدەدەم، لەبەر ئەوەی هیچ پسپۆڕێك ناتوانێت ئەو قسەیە بکات لەبەرئەوەی هەر وڵاتێك جیاوازە لە وڵاتانی دیکە، بۆیە هەرکەسێك خۆی بە پسپۆڕ و شارەزا بزانێت ئەوە هەرگیز ناتوانێت ئەوە بڵێت کە وڵاتێکی دیاریکراو پێویستە سیستەمی سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی یان تێکەڵ پیادەبکات لەبەرئەوەی لەئاکامدا تەنها دانیشتووانی ئەو وڵاتە دیاریکراوە دەکەونە ژێر باری کاریگەرییەکان، هەروەها نابێ هەر لەخۆیەوە بێت و بڵێت کە پێویستە سیستەمیکی دیاریکراو پیادە بکەن، بەڕای من ئەوە شتێکی هەرزەیە کە کەسێك بێت و سەربەخۆیانە بڕیاربدات و بڵێت هەر یەك لەو سیستەمانە لەوەی دیکەیان باشترە، هەرکەسیش ئەو جۆرە قسەیە بکات ئەوە بە پسپۆر ناژمێردرێت چونکە بەو قسەیەی کۆنتێکستی دیاریکراوی وڵاتەکە فەرامۆش دەکات.

دەستوری برد و هەندێ کەس دەڵێن لەو سنوورەشیان تێپەڕاند، لە هەردوو حاڵەتەکەدا فشاری ڕای گشتی هەبوو، هەروەها ئەوانیش لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بوون کە ئەوان تەنها ئەو کاتە ئەم دەسەڵاتە بەرفراوانە مومارەسە دەکەن کە هەل و مەرجێکی زۆر پێویست هاتبێتەپێشەوە و زۆر زەرور بێت کە بەرگریی لە ئاسایشی نەتەوەیی بکرێت و کاتێك ئەو دۆخە کۆتایی پێدێت، دەستبەرداری ئەو دەسەڵاتە جێبەجێکارییە بەرفراوانە دەبن، و لە هەردوو حاڵەتەکەشدا ئەم کارەیان لە زۆربەی مەسەلە گرنگەکاندا کرد.. سەبارەت بە سیستمی تێکەڵاویش ئەم سیستمە تێکەڵە هەڵسەنگاندنی جیاوازی بۆ دەکرێت لە لایەن زانا سیاسییە جیاوازەکانەوە، هەندێکیان پێیان وایە ئەمە باشترین سیستمە کە دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری کارای دەبێت، کە دەسەڵاتێکی زۆری نابێت و پتر بەرپرسیارێتی بەرژەوەندییە جیاوازەکانی وڵاتەکە دەگرێتەئەستۆ، هەندێکی دیکە دەڵێن سەرۆکێك بەرهەم ناهێنێت کە وەك پێویست ئەو دەسەڵاتەی نابێت کە دەسەڵاتی جێبەجێکاری هەیەتی، بە بۆچوونی من سیستمی تێکەڵ تۆمارێکی باشی هەیە، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەمە ڕێگاچارەیەکە کە پێویستە بە جیددی وەربگیرێت، بەڵام دەبێت هەر وڵاتێك دامەزراوەگەلێك بنیات بنێت کە گونجاو بێت و بتوانێت خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی بکات.

# ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونیی لە زیندانەکانی عیراق هەر بەردەوامە!

تایبەت بۆ گوڵان نووسینی



کازم حەبیب

بەر لە چەند ساڵێك هاوڕێی نووسەرو شاعیر ئیبراهیم ئەلحەریری وتارێکی دەربارەی ئەشکەنجەدانی پەیڕەوکراو لە زیندانەکانی عیراق نووسی، کە زۆر بە توندی ئەم کارەی مەحکوم و پرۆتستۆ کردبوو،ئەمەش دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەرئەو ئەشکەنجەدانە تاوانکارییەی هێزەکانی ئەمریکا لە گرتووخانەکەی ئەبوغرێبدا ئەنجامیان دابوو،هەروەها دوای ماوەیەکی کەم لە گەیشتنی مالکی بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران،ئەوکاتە منیش چەندین وتارم بڵاوکردەوەو ئەم دۆخە تۆقێنەرەم ریسواکرد و پشتیوانیم لە پێکهێنانی لیژنەیەك کرد بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە،بەڵام بەداخەوە ئەمە سەری نەگرت،دواتر هەر بەردەوام بووم لە سەر درێژەدان بە نووسینی ئەم جۆرە وتارانە،سەرسامی خۆم خستەڕوو کە چۆن ئەو فەرمانڕەوایانە ئەم حاڵەتە قبوڵ دەکەن لە کاتێکدا خۆیان پێشتر ئەم کارەیان پرۆتستۆ دەکرد یان خۆیان لەلایەن رژێمی دیکتاتۆری بەعسەوە ئەشکەنجە دەدران،وەکو دکتۆر حوسێن شەهرستانی،من لەسەردەمی ژیانی سیاسیمدا بۆ ماوەیەکی زۆر لە سەردەمی پاشایەتی لە نێوان١٩٥٥-١٩٥٨ لە لێکۆڵینەوەی تاوان و بەندیخانەی بەغداو بەعقوبە تامی تاڵی ئەشکەنجەدانم چەشتووە،جارێکیش لە کاتی دەستگیرکردنم لەساڵی ١٩٧٨ بە فەرمانی ڕاستەوخۆی دیکتاتۆری رژێمی پێشوو، لەوێدا زانیم چۆن ئابڕوومەندیی مرۆڤ بەو ئەشکەنجەدانە دەروونی و جەستەییە تێکدەشکێت،هەزارانی وەکو منیش لە بەندکراوو زیندانیکراوان رووبەڕووی ئەم جۆرە ئەشکەنجەیە بوونەتەوە، بۆیە من بە شێوەیەك رقم لەهەر رژێمێکی سیاسییە کە پەنا بۆ ئەشکەنجەدان دەبات بەرامبەر بەوانەی راوبۆچوونیان جیاوازبێت،هەرچەندە ئێمە دەربارەی ئەشکەنجەدانی ناو زیندانەکان دەنووسین، کەچی سەرۆك وەزیرانی عیراق نوری مالکی دەڵێت:درێژدادڕیی تێدایە و بەم شێوەیە نییە،واتا ئەمە هەیە، بەڵام بەمەرجێ قسەی زۆر لەسەر گەورە نەکرێت. لەلایەکی دیکەوە دادوەر مونیر حەداد لێدوانێکی داوە ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەشکەنجەدان لە زیندانەکانی عیراقدا بوونی هەیەو لەوەی سەردەمی رژێمی پێشوو زیاترە، هەرئەو دادوەرە بوو کە سەدامی لەسێدارەدا،لە نزیکەوە بە هەموو رەفتارەکانی دامو دەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعس ئاشنابوو کە ئەشکەنجەدانیان لە ناو تاریکایی زیندانەکاندا پەیڕەودەکرد.

تا ئێستا قسە لەسەرشەهیدکردنی چەندین کەسایەتیی ناسراوی نیشتمانی و شیوعی وەکو سەلام عادل و محەمەد سالح عەبلی و جەمال حەیدەری و سەدان بەڵکو هەزاران خەباتگێری دیکە هەیە کە بەرەوڕووی مردن و لەسێدارەدان بوونەوە هەر لەبەر ئەوەی بڕوایان بە

بیروباوەڕەکانیان قایم و پتەو بوو .بگرە هەزارانی دیکەش لە پیاوو ژنان بە هۆی بیروباوەڕی سیاسییەوە گیانیان لەدەست دا بە دەستی تاوانبارو ئەشکەنجەدەرانی رژێمی لەناوچووی بەعس و دەزگا داپلۆسێنەرانی ئەمن و موخابەراتی و هێزی تایبەتی رژێم.ئەمە وێڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری ئەو هاووڵاتییانەش بە ماددەی کیمیاوی و تیزاب لەناوبران،رژێمی لە ناوچووی پێشوو بە دەیان جۆر هۆیەکانی ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی بەکار دەهێنا کە زۆر نزیك بوو لە شێوازی ئەو ئەشکەنجەدانەی دەوڵەتانی ستەمکاری ئەوروپی و سەردەمی هیتلەر لە سەدەی ناوەڕاستدا پەیڕەویان دەکرد،وەکو هەڵواسین بە پانکەو داخکردنی جەستەو رژاندنی ئاوی گەرم بەسەریاندا و لێدانی کارەباو فەلاقەکردن و زۆر شتی دیکە،کە مرۆڤ دووچاری هەرەسهێنانی دەروونی دەبێت،ئەمەیە شێوازەکانی ئەشکەنجەدانی دامودەزگاکانی رژێمی لەناوچوو،بۆیە دکتۆر حوسێن شەهرستانی کە ئێستا بە چاوی خۆی ئەشکەنجەدانی عیراقییەکان دەبینێت، دەتوانێت باس لە شێوازەکانی دیکە بکات.

هەرلەبەر ئەوەیە کە دادوەر مونیر حەداد جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو ئەشکەنجەو ئازارەی ئەمڕۆ لە زیندان و گرتووخانەکانی عیراقدا پیادە دەکرێت زۆر توندترە لە هی سەردەمی سەدام،کە زۆربەی ئەو گیراوانەش بێ تاوانن،رەنگە ئەم ئەزموونە تازەیەی ئەشکەنجەو ئازاری نێو بەندیخانەکانی عیراقی تازە کاریگەریی وڵاتێکی دراوسێی بەسەرەوە بێت،کە خۆیشی شارەزایی تەواوی لەم جۆرە مامەڵە نامرۆییە هەیە،دەتوانم لێرەدا دەستگیرکردنی دوو خەباتگێڕ بە نموونە بهێنمەوە کە بۆ پتر لە پێنج ساڵ لە بەندیخانەکانی دەوڵەتێکی دراوسێ زیندانیکرابوون،لەوێش دووچاری سەخترین ئەشکەنجەو ئازار بووبوونەوە، بەڵام دواتر سەربەرزانە هاتنەدەرەوە.

با گوێ بگرین لە ناوەرۆکی ئەو راپۆرتە رۆژنامەنووسییە کە رۆژنامەی (الحیاة)ی لەندەنی لە ٢٠١٣/٣/١٩ بە پێنووسی پەیامنێرعودەی حاتەم لە بەغدا بڵاوی کردۆتەوە سەبارەت بە دیدارێکی لەگەڵ دادوەر مونیر حەداد :

«جێگری سەرۆکی دادگای تەمیز لە عیراق دادوەر مونیر حەداد، هۆشداریی دایە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری دادوەر مەدحەت ئەلمەحمود لە ((نەگرتنەبەری رێکاری پەرچەکردار بۆ راگرتنی ئەو تاوانانەی لە بەندیخانەکانی عیراق پیادە دەکرێن)) ئەمەیشی بە (تاوان دژ بە مرۆڤایەتی لە قەڵەم دا،کە یاسای نێو دەوڵەتی سزای بۆ داناوە)، هەروەها حەداد کە ئەندامێکی دادگای تاوان بوو و سەرۆکی پێشووی رژێمی دادگایی کرد زیاتر گوتی:عەرەبی سوننە رووبەڕووی ستەمێك دەبنەوە زیاتر لەوەی کە شیعە لە سەردەمی رژێمی پێشوو دووچاری دەبوونەوە، ئەو لە درێژەی لێدوانەکانیدا بۆ (الحیاة) ئاماژەی بەوەکرد کە((زیندانییەکان رووبەڕووی سەختترین جۆری ئەشکەنجەو ئازارو کوشتن دەبنەوە و روونیشی کردەوە کە خۆی شایەدحاڵە لەسەر ئەو تاوانانە و چەندین بەڵگەو زانیاریشی لەبەردەستدایە کە بۆ نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی عیراقی ناردووە،خۆیشی لێکۆڵینەوەی تێداکردوون)هەروەها دووپاتی کردەوە کە هەندێ لە ئەفسەرانی وەزارەتی ناوخۆ کە لە دەزگاکانی ئەمنی سەدام بەرپرس بوون دەستیان داوەتە ئەشکەنجەدانی عەرەبی سوننە هەروەکو لەسەردەمی رژێمی پێشوو عەرەبی شیعەیان ئەشکەنجە دەدا، ئەو ئەفسەرانە تەشقەڵە بە زیندانیان دەکەن و ناچاریان دەکەن دان بە تاوانەکانیاندا بنێن کە لەراستیدا ئەنجامیان نەداون ئەویش بە هەڕەشە لێکردنیان کە دەستدرێژی دەکەنە سەر ناموسیان لە پێش چاوی خۆیان.

دادوەر مونیر حەداد زیاتر روونی کردەوە کە دوای ئەوەی سەرۆك وەزیرانی لەمە ئاگادار کردۆتەوە و خۆیشی لێکۆڵینەوەی تێدا کردووە، بەڵام ئەو پێی نەگوتین ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەو وەڵامی مالکی لەسەر ئەرزی واقع چی بووە،بەڵام دووپاتی دەکاتەوە کە ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی دژی زیندانیان لەجاران توندتر بووە،ئەوەشی باسکرد کە زۆرینەی بەندکراوان لە عەرەبی سوننەن کە رووبەڕووی ستەمێکی گەورەوئەشکەنجەدانێکی سەخت دەبنەوە.

بێزاری و رەخنەشمان بەتەنیا بەس نین بۆ مەحکومکردنی سیستەمی پشکایەتیی تایفەگەری، چونکە بەرپرسیارانی تایفەخواز گوێیان داخستووە، بۆیە لێرەدا پێویستە بەرپرسی یەکەمی ئەم تاوانە دەست نیشان بکەین و ریسوای بکەین،ئەوانیش بریتین لە سەرۆکی وەزیران و سەرۆك پەرلەمان وسەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری و ژمارەیەك لە دادوەران،چونکە ئەوانە بەتەواوی دەزانن چی لە ناو بەندیخانەو زیندانەکانی عیراق دەگوزەرێت و هیچ هەڵوێستێکی بەرپرسیار وەرناگرن کە پێویستە بۆ رێگەگرتن لەو رەفتارو تاوانانە لە جووڵەدابن بە مەبەستی ئازادکردنی بێ تاوانان. ئەمە بانگەوازێکە بۆ هەموو هێزێکی خێرخواز لەم وڵاتەدا،کە دەنگیان بەرزبکەنەوە و تاوانبارانی ئەم رەفتارانە بدەنە دادگا، چونکە ئەمە سەرپێچی کردنەو پێشێل کردنی دەستووری عیراق و بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و نەریت و بەها نێودەوڵەتییەکانە لە بواری مافەکانی مرۆڤدا.

**سەرسامی خۆم خستەڕوو کە چۆن ئەو فەرمانڕەوایانە ئەم حاڵەتی ئەشکەنجەدانانە قبوڵ دەکەن لە کاتێکدا خۆیان پێشتر ئەم کارەیان پرۆتستۆ دەکرد**

**دادوەر مونیر حەداد ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەشکەنجەدان لە زیندانەکانی عیراق لەوەی سەردەمی رژێمی پێشوو زیاترە**


**هەندێ لە ئەفسەرانی وەزارەتی ناوخۆ کە لە دەزگاکانی ئەمنی سەدام بەرپرس بوون دەستیان داوەتە ئەشکەنجەدانی عەرەبی سوننە هەروەکو لەسەردەمی رژێمی پێشوو عەرەبی شیعەیان ئەشکەنجە دەدا**

# عێراق شەڕی کەمکردنەوەی بودجە

**دەوڵەتی یاسا دەیەوێت لەمەسەلەی کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێم کێشە دروست بکات، تاوەکو فەشەلی خۆی لەبەڕێوەبردنی عێراق داپۆشێ**

**بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی مالیکی لەسەر بودجەی هەرێم ناتوانرێت پشت بەکوتلە عەرەبییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق ببەسترێت**

سەبارەت بە بەبەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و ئەو ململانێ سیاسییەی کە هەندێك لەلایەنە سیاسییەکان بەتایبەتی لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەیکەن و هەڕەشەی کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێم دەکەن و تەنانەت لەناو هۆڵی پەرلەمان واژوو بۆ کەمکردنەوەکە کۆکراوەتەوە بەکر حەمە سدیق پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەپەرلەمانی عێراق لەلێدوانێکی بۆ گۆڤاری گوڵان تیشکی خستەسەر ئەم مەسەلەیەو وتی: ئێستا لەناو پەرلەمانی عێراق ململانێیەکی سیاسی لەئارادایەو دژایەتیکردنی بەشە بودجەی هەرێمیش لەبودجەی گشتی عێراق و کەمکردنەوەی رێژەکەی پێش ئەوەی مەسەلەیەکی دارایی بێت زیاتر سیاسییەو




لەچوارچێوەی ئەو ململانێ سیاسییەی حکومەتی عێراق دێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان،، لەبنەڕەتدا بەبەردەوام ئەم فشارو پاڵەپەستۆیە لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە و بەکردەوەش جێبەجێ کراوە، چونکە ئەو لە ١٧٪یەی کە لەکۆی بودجەی گشتی عێراق بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە بەشێکی زۆری بەهۆی زیادبوونی خەرجی سیادییەوە کەم دەبێتەوە، ئێمە وەکو هەموو لایەنە کوردییەکان وتوومانە ئەگەر سەرژمێریی گشتی لەهەموو عێراق ئەنجام بدرێت ئەوکات بەپێی رێژەی ژمارەی دانیشتوان چەند بودجەمان بەرکەوێت رازی دەبین . ئێستا لەبەر ئەوەی بڕیاری ژمارە ٩ هەیە کە لەسەردەمی بریمەرو دکتۆر عەلاوی دەرچووە و هەموو رێکەوتنە سیاسییەکانی کە دواتر دەرچووە لەسەر ئەو بنەمایە کراوە هەربۆیە ئێمە بەهیچ شێوەیەك رازی نین دەسکاری رێژەی ١٧٪ی بەشە بودجەی هەرێم لەکۆی بودجەی گشتی عێراق بکرێت.

ئەمەو سەبارەت بەکۆی کوتلە کوردستانییەکان لەپەرلەمانی عێراق بەکر حەمە سدیق پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەپەرلەمانی عێراق پێی وابوو لەمەسەلەی دژایەتیکردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و ئەو فشارو پاڵەپەستۆ سیاسییانەی کە دەخرێنە سەر هەرێمی کوردستان سەرجەم کوتلە کوردستانییەکان لەپەرلەمانی عێراق وەکو هەستێکی نەتەوەیی تەنانەت بێ دانیشتن و گفتوگۆکردن یەك دەنگەو پێمان وایە کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێم لەکۆی بودجەی گشتی عێراق هەڕەشەیەکە لەهەموو هەرێمی کوردستان و زیانی بۆ قووتی هاووڵاتیان و بودجەی هەرێم هەیە، ئەمە جگە لەوەی هەڕەشەیە لەو ئارامی و سەقامگیرییەی کە ئێستا لەهەرێمی کوردستان هەیە، هەربۆیە رێگا نادەین بەهیچ شێوەیەك ئەو مەسەلەیە موساوەمەی لەسەر بکەین و لەسەر ئاستی کۆبوونەوە فراوانەکان و دانیشتنەکانی ناو هۆپەکانی پەرلەمان و گفتوگۆکاندا هەموو ئەندامانی ناو کوتلە کوردستانییەکان یەك دەنگ بوون و جیاوازی لە نێوانماندا نەبوو.

**حکومەتی بەغدا دەیەوێت کێشە بەکێشە چارەسەر بکات**

هەر لەمبارەیەوە پەرلەمانتار فاتیح دارائاغایی لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لەپەرلەمانی عێراق پێی وابوو مەسەلەی کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێم لەچوارچێوەی ململانێ سیاسییەکەی نێوان هەرێم و بەغدا یەو زیانی بۆ سەر هەموو دانیشتوانی هەرێم هەیەو تەنیا مەبەستی دژایەتیکردنی هەرێمەکەیە هەربۆیە بەوتەی ئەم پەرلەمانتارە سەرجەم فراکسیۆنە کوردستانییەکان رێگا نادەن بودجە بەو شێوەیەی ئێستا تێپەڕبێت و دەنگی لەسەر نادەن ؛ لەمبارەیەوە وتی: ئەو هەوڵانەی کە ١٢٢ پەرلەمانتار واژوویان کۆکردۆتەوە بۆ کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەکۆی بەشە بودجەی گشتی عێراق تاوەکو لە رێژەی ١٧٪ کەمکرێتەوە بۆ ١٢,٥٪ تەنیا لەدەرهاویشتەی ئەنجامی ململانێ سیاسییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لەنێوان هەموو کوتلە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق هەیە بەتایبەتی ئەو ململانێ سیاسییەی



لەنێوان حکومەتی ناوەندو هەرێمدا هەیە. هەربۆیە ئێمە وەکو فراکسیۆنە کوردستانییەکان هەموومان یەك دەنگ و هاوهەڵوێستین لەسەر ئەوەی بوار نادەین و دەنگ نادەین لەسەر تێپەڕکردنی بودجەکە بەو شێوەیەی ئێستا کە بەشە بودجەی هەرێم کەمکرێتەوە، چونکە کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێم لەبودجەی گشتی عێراق زیانی بۆ سەر هەموو دانیشتوانی هەرێم هەیە.

من لەم مەسەلەیە پێم وایە ئەو کێشانەی کە حکومەت دروستی دەکات تەنیا بۆ ئەوەیە حکومەت دەیەوێت کێشە بەکێشە چارەسەر بکات، هەربۆیە کاتێك دەبینین کێشەیەك تەواو نابێت کێشەیەکی تر دەخولقێنێت تاوەکو کێشەکەی تر لەبیر خەڵکی و لایەنە سیاسییەکان بباتەوە، لەلایەکی دیکەوە سزای هەرێمی کوردستان دەکەن بەوەی بودجەکەی

# لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات

کەمکرێتەوە بە کۆمەڵێك پاساوی نابەجێ، کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێم سزایەکی داراییە بۆ مەرام و مەبەستی سیاسی، چونکە چاویان بەهەرێمی کوردستاندا هەڵنایەت، هەربۆیە تێوەگلانی بودجە لەمەسەلەی سیاسیەت مەترسییەکی دیکەیە لەنێوان کوتلە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق سەریهەڵداوە.

**تا ئامادە نەبن سەرژمێریی گشتی عێراق بکەن دەبێت ڕێژەی ١٧٪ ی بودجەی هەرێم وەکو خۆی بمێنێتەوە**

محەمەد کیانی پەلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان پێی وایە تا سەرژمێری گشتی عێراق نەکرێت ناتوانرێت بەهیچ شێوەیەك دەسکاری بەشە بودجەی هەرێم بکرێت، بەوتەی ئەم پەرلەمانتارە کێشەکە پێویستە بکرێتە کێشەیەکی سیاسی چونکە




گەربێتو ئەم مەسەلەیە وەکو دەنگدان بێتە ناوپەرلەمانەوە ڕەنگە کورد زیانمەند بێت لەکاتێکدا ناتوانرێت پشت بەهیچ کوتلەیەکی عەرەبی بکرێت تەنانەت کوتلەی عێراقیەش لەمبارەیەوە وتی: ناکرێت تا سەرژمێری گشتی عێراق ئەنجام دەدرێت دەسکاری ئەو بەشە بودجەیە بکرێت، ئەم مەسەلەیە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بەم لایەن و ئەو لایەن و حزبایەتییەوە نییە دژایەتیکردنی بەشە بودجەی هەرێم و کەمکردنەوەی پەیوەندی بەهەموو خەڵکی کوردستانەوە هەیە، لەم ڕوانگەیەوە لەگەڵ ئەوەین بەرێژەی ١٧٪ بمێنێتەوە تا سەرژمێری دەکرێت، کاتێك سەرژمێری کرا چەندمان بەرکەوت دەبێت ڕازی بین لەسەری، هەربۆیە تا ئەوان ئامادە نەبن ئەو سەرژمێرییە بکەن پێویستە ڕێژەی ١٧٪ وەکو خۆی بمێنێتەوە.

سەبارەت بەو کۆ دەنگییە سیاسییەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ ڕەتکردنەوەی دژایەتیکردنی بەشە بودجەی هەرێم هەیە ئەم پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی عێراق وتی : کورد بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت پشت بە عێراقییەو هەموو کوتلە سیاسییەکانی تر ببەستێت، کە لەهەندێك بوار کە پێویستیان بەئێمەیە دێن بۆ لامان، بەڵام ئەو مەسەلانەی لەبەرژەوەندی گەلی کوردە بەبەردەوام لەدژی دەوەستنەوە، لەم ڕوانگەیەوە ئێمە نامانەوێت ئەو مەسەلەیە بێتە ناو پەرلەمانەوە وەکو ڕێگەبژاردەیەك بەڵکو وەکو دۆزێکی سیاسیی تەماشا بکرێت، چونکە ئەگەر بێتە ناو پەرلەمانەوە ئەگەری دۆڕاندنمان زۆرە. لەسەر ئەم مەسەلەیەش هەموو لایەنە کوردییەکان هاودەنگ و یەکهەڵوێستن. ئێمە خۆمان گێل دەکەین ئەگەر بڕوامان بەوە نەبێت هەردوو کوتلەی عێراقی و هاوپەیمانی لەسەر ئەوە کۆدەنگن کە لەدژی داواکارییەکانی کورد بووەستنەوە، بگرە تا ئێستا وەکو شیعەو سوننەش وەکو پێکهاتەیەکی هاوبەش و یەکسان ناڕواننە کورد و تەنیا وەکو تاك و حزب قبوڵیانە، بەداخیشەوە بەو شێوەیە کارمان نەکردووە ئەمەش وایکردووە بەبەردەوام لە پشتەوە خەنجەرمان لێبدرێت .

**ئەگەر بودجەی هەرێمی کوردستان کەم بێتەوە هەڵوێستمان دەبێت و لەدژی ئەو بڕیارە رادەوەستین**

نەسرین ئەنوەر پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانی هەڵوێستی ئەم دواییەی دەوڵەتی یاسا بۆ کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ خراپی بارودۆخە سیاسییەکەی عێراق دەگەڕێنێتەوە و پێی وایە دەوڵەتی یاسا دەیەوێت کێشە دروست بکات تاوەکو فەشەلی خۆی لەبەڕێوەبردنی عێراق داپۆشێ، لەلێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان ئەم پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لەپەرلەمانی عێراق وتی : دەوڵەتی قانوون زۆر بەهێزەوە پێداگیری لەسەر کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێم لەکۆی بودجەی گشتی عێراق دەکات و هاوپەیمانی کوردستانی و هەموو



فراکسیۆنە کوردستانییەکانی تر بەتووندی ئەو هەوڵە دوژمنکارییانە ڕەت دەکەنەوە چونکە سەرژمێری نەکراوە، هەربۆیە ئێمە قبوڵمانە ئەمساڵ بەو شێوەیە تێبپەڕێت و بەشە بودجە کەمنەکرێتەوە تا سەرژمێری دەکرێت و ژمارەی دانیشتوانی کوردستان دیاری دەکرێت. دروستکردنی ئەم کێشانەش بۆ ناجێگیری بارودۆخە سیاسییەکەی عێراق دەگەڕێتەوە و کە سوننەو کورد لەدژی سیاسەتە چەوتەکانی مالیکین و تەنانەت بەشێکی زۆری شیعەش بەهەمان شێوە نارازین لەو سیاسەتانە، هەربۆیە بۆ داپۆشینی فەشەلەکانی بەڕێوەبردنی وڵات ئەم کێشانە دروست دەکرێت. هەربۆیە بەهیچ شێوەیەك لەدانیشتنێکی دەنگدان ئامادەنابین ئەگەر کێشەی هەرێمی کوردستان یەکلانەبێتەوە، کورد ژمارەیەکی گرنگە لەهاوکێشەی سیاسی بەبێ کوردیش هاوکێشەکە تەواو نابێت ئەگەر بودجەی هەرێمی کوردستان کەم بێتەوە هەڵوێستمان دەبێت و بەهەموو توانامانەوە لەدژی ئەو بڕیارە رادەوەستین.

**کۆکردنەوەی واژوو بۆ کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێم دژایەتیکردنی سەقامگیری و ئەو ئارامیەی هەرێمی کوردستانە**

**نابێت ڕێگا بدرێت کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێم وەکو خەیارێکی دەنگدان بێتە پەرلەمان بەڵکو پێویستە وەکو مەسەلەیەکی سیاسی سەیر بکرێت**

# هێزی نەرم لەسەر ئاگرێکی کز



ئازا حەسیب قەرەداخی
بۆ گولان دەینووسێت

(جوزیف س. نای) راوێژکاری وەزیری پێشووتری بەرگری لە ئەمریکا و مامۆستا لە زانکۆی هارفارد، لە وتارێکیدا پاشی کوشتنی (بن لادن)، رابەری رێکخراوی (ئەلقاعیدە)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە یەك لە پێنجی (٥/١) ئەو هەولآنەی ئەمریکا لە رێی بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە یان هەڕەشەی بەکارهێنانییەوە داونی بۆ گۆڕانکاری لە ولآتانی دیکە، سەرکەوتوو بوون. لەبەرامبەریدا نیوەی ئەو هەولآنە سەرکەوتوو بوون کە لە رێی فشاری ئابلۆوقەی ئابوورییەوە داونی.

(نای) ئەم بڕوایەی تازە نییە و پێشتریش بڕوای بەوە هەبووە کە بۆ گۆڕانکاری لە جیهاندا و بەتایبەتیش لە رۆژهەلآتی ناوینی گەورەدا ئەمریکا زیاتر لەوەی پێویستی بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی و جەنگ هەیە، کە ناوی ناوە (هێزی رەق)، پێویستی بە بەکارهێنانی (هێزی نەرم) هەیە.

نای، سالَی ٢٠٠٤ لە کتێبەکەیدا بە هەمان ناوەوە، زۆر بە کورتی باسی چییەتی (هێزی نەرم) دەکات و دەلَێ: بریتییە لە توانای بەدەستهێنانی ئەوەی دەتەوێت لە رێی سەرنجراکێشان و ئیعجابەوە لەبری سەپاندنی زۆرەملێ و پێدانی پارە.

ئەم هێزە لەو توانایەوە سەرچاوە دەگرێ کە کولتووری ولآتێك و بەها سیاسییەکانی و بەرنامە و سیاسەتەکانی هەیانە بۆ کێشکردن و ئیعجابی گەلانی دیکە. کاتێك سیاسەتەکانت لە دیدی خەلَکانی تردا رەوا بوون، هێزی نەرمت فراوانتر دەبێ. کە توانیت وەها بکەیت خەلَکانی تر سەرسام بن بە بەهاکانت و ئەوەیان بووێت کە تۆ دەتەوێت، ئەوسا تۆ ناچار نیت پارەیەکی زۆر بۆ کوتەك و دەمچەورکردن خەرج بکەیت تا ئەوانی دیکە وا لێ بکەیت بێن بەلای تۆدا. هەمیشە سەرنجراکێشان رۆلَی باشترە لە زۆرە ملێ. بەهاگەلێکی وەکوو دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و رەخساندنی دەرفەت بۆ کەسەکان، توانایەکی گەورەیان تێدایە بۆ سەرنجراکێشان.

لە سەرینی ئەمەوە (نای) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەمریکا زۆر لە مێژە برێکی زۆری لەم هێزە نەرمە هەیە و دەلَێ: بیر لە کاریگەری چوار ئازادییەکە بکەنەوە لەسەر ئەورووپا کە پاشی جەنگی دووەمی جیهانی سەرۆك فرانکلین رۆزفلَت رایگەیاندن. بیر لەو گەنجانە بکەنەوە کە لە پشتەوەی دیواری ئاسنینی بەرلین گوێیان لە موزیکی ئەمریکی و هەوالَەکانی ئیزگەی ئەورووپای ئازاد دەگرت. بیر لە قوتابیانی چین بکەنەوە کە لە خۆپیشاندانەکانی گۆڕەپانی تیانانمین باسی دروستکردنی نموونەیەکی پەیکەری ئازادی ئەمریکایان لە ولآتەکەیان دەکرد. بیر لە ئەفغانییەکان بکەنەوە کە تازە ئازاد بوونە و داوای کۆپییەکی لیستی مافەکانی مرۆڤ دەکەن. بیر لە ئێرانییەکان بکەنەوە کە بە دزیەوە لە مالَەکانی خۆیاندا تەماشای کاسێتی ڤیدیۆیی ئەمریکی یاساغ و گەشتی هەوالَەکان لە سەتەلایتەوە دەکەن. هەموو ئەمانە نموونەی ئەو هێزە نەرمەن کە ئەمریکا هەیەتی.

هەلَبەت (جۆزیف س. نای) بەتەنیا نییە لەم تێڕوانینەیدا بۆ بەراورد کردنی هێزی رەق و هێزی نەرمی ئەمریکا. بەلَکو سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا ( نیوت گینگریچ )یش بۆ هەلَسەنگاندنی رێبازی ئیدارەکەی (جۆرج بۆشی کوڕ) لە عێراقدا، دەلَێ: کلیلی راستەقینە لە ژمارەی ئەو دوژمنانەدا نییە کە دەیانکوژین، بەلَکو لە ژمارەی ئەوانەدایە کە دەبنە دۆست و هاوپەیمانمان).

نواندنی هێزی نەرم دوابەدوای سالآنێکی زۆر لە نواندنی هێزی رەق لەلایەن ئەمریکاوە، هاتۆتە بەر باسان. بەشێوەیەکی زۆر تایبەتیش لە پرۆژەی ( رۆژهەلآتی ناوینی گەورە) دا بەرجەستە کرا.

ئەم وتارە کورتەم جێی ئەوەی تێدا نابێتەوە کە بە درێژی باسی چییەتی (پرۆژەی رۆژهەلآتی ناوینی گەورە) بکەم. بەلآم هەر بۆ زانیاری دەکرێ ئاماژە بۆ بنەما سەرەکییەکانی بکەم.

رۆژهەلآتی ناوینی گەورە، دەستەواژەیەك بوو لە سالَی ٢٠٠٤دا ئیدارەی (جۆرج دەبلیو بوش) بۆ دەستنیشانکردنی جوگرافیایەکی فراوان کە بریتی بوو لە هەموو ولآتانی عەرەب و تورکیا و ئیسرائیل و ئێران و ئەفغانستان و پاکستان، بەکاری هێنا.

ئەم دەستەواژەیە یەکەمجار لە پرۆژەیەکدا هێنرایە ئاراوە کە ئەو ئیدارەیە بۆ هاندانی چاکسازی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتی لەو ناوچە فراوانەدا، خستیە بەردەم کۆنگرەی هەشت دەولَەتە پیشەسازییە گەورەکەی جیهان و داوای لێ کردن کە ببنە شەریکی لە جێبەجێکردنیدا.

پرۆژەکە لەبەر رۆشنایی ئەو زانیارییانە دارێژراوە کە پسپۆڕان و نووسەرانی عەرەب لە دوو راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە سالآنی ٢٠٠٢-٢٠٠٣ دا سەبارەت بە گەشەکردنی مرۆیی لە ولآتانی عەرەب بلآویان کردۆتەوە.

ئامارەکانی ناو ئەو دوو راپۆرتە سەبارەت بە کەیسە جیاجیاکان، زۆر مەترسیدارن و نیشانەی ئەو دارِمانە گشتییەن کە لە ولآتانی عەرەبدا رووی داوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هاولآتیان لەم ولآتانە تا رادەیەکی مەترسیدار هەژار و نەخوێندەوارن و دەرفەتی ژیان و کار و

گەشەکردنیان نەماوە و بێ بەشن لە برِی هەرە زۆری مافە سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکانیان.

ئــەو داتایانە ئەمریکای هێناوەتە ســەر ئەو باوەڕە کە ئەو هەڵکەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە زەمینەیەکی یەکجار لەبارە بۆ هەرچــی زیاتربوون و فراوانبوونی بازنە کۆمەڵایەتییەکانی توندڕۆیی و تیرۆر و تاوانی ڕێکخراو و کۆچی ناشەرعی. بۆیە پێویستە کار بکرێ بۆ لەناوبردنی ئەو زەوینەیە. چارەسەریش (چاکسازی)یە، لە ڕێی:

١- هاندانی دیموکراسی و حوکمڕانی باش:
- پشتگیری کردنی هەڵبژاردنی ئازاد
- کردنــەوەی پەیمانگای تایبەت بە شــیاندنی تواناکانی ئافرەتان بۆ سەرکردایەتیکردن
- پێشکەش کردنی هاوکاری یاسایی بۆ خەڵکانی ئاسایی
- پشتگیری کردنی ڕاگەیاندنی ئازاد
- پشتگیری کردنی زوڵاڵی، شەفافییەت و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی
- پشتگیری کردنی کۆمەڵگای مەدەنی

٢- دروستکردنی کۆمەڵگای بە ئاگا و خودان زانیاری
- پشتگیری کردنی خوێندنی سەرەتایی
- پشتگیری کردنی خوێندن لە ڕێی ئەنتەرنێتەوە
- پشتگیری کردنی خوێندن لە بواری کارگێڕیدا

٣- فراوانکردنی دەرفەتەکانی ئابووری
- پێدانی بودجە بۆ گەشەکردن
- هاندانی بازرگانی

ئەم ڕێوشــوێن و ڕێکارانە بۆ هاندان و دەســتگیرۆیی، لە دیدگای پــرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی گــەورەوە، دەرگا لەبەردەم گەشــەکردنی ئەو جوگرافیــا فراوانە دەکەنەوە و کەرەستە پێویســتەکان بۆ پێشــکەوتنی گەلانیان و دوور کەوتنەوەیان لە توندوتیژی و تیرۆر مەیسەر دەکەن.

هەڵبــەت ئەم پرۆژەیە دوای ڕووداوەکەی ١١ ســێبتەمبەر و تێوەگلانی ئەمریکا لە شــەڕی ئەفغانســتان و شەڕی عێــراق دێت کە هیچیان نەیانتوانــی کۆتایی بە تیرۆر و بەنێودەوڵەتیبوونــی بهێنن. هاوکات برســێتی و هەژاری و نەخوێنــدەواری و بەرتەســکبوونەوەی ئازادییــەکان و قۆرخکردنی دەســەڵات و لێکەوتەی دیکەیش هەر بەردەوام و مەترســیدارتریش بــوون. هەر بەو مانایــەش ژینگەی کۆمەڵایەتی تیرۆر و توندوتیــژی فراوانتر و لەبارتر بوو. تەنانەت توخمێکی نوێش بۆ کێشە ناوخۆییەکانی ئەم وڵاتانە زیندوو بۆوە کە لانی کەم پێشتر ئەو ڕەونەق و ئەولەوییەتەی نەما بوو، ئەویش ململانێ و جەنگی تایفی ئایینیە.

بە واتایەکی دیکە دوای بەکارهێنانی هێزی ڕەق بەوپەڕی ڕەقێتییــەوە لە ناوچەکەدا و دەرکەوتنــی ئانجامەکانی، ئەمریکا ویســتوویەتی هێزی نــەرم بەکاربهێنێ، وەلێ ئایا ئەو دەرەنجامانەی لێ شــین بووە کە هێزی نەرم بۆ گۆڕانکاری و گەشەکردن دەیخوازێ؟!

ئەگــەر نواندنــی هێزی نەرم ئەوەبێ کــە لە «بەهاری عەرەبی»دا بەرجەســتە کرا و بارودۆخی میسر و تونس و لیبیا و ئێســتای سووریا بکەینە پێوەر بۆی، ئەوا دەبێ بە گومانێکی زۆرەوە تەماشــای دەرەنجامەکانی بکەین، چونکە هەر هەموویان مەترسیدارن بۆ سەر دیموکراسی و ئازادییەکان و مافەکانی مرۆڤ و مافی ئیتنی و ئایینە جیاجیاکان لــەم ناوچەیەدا. ڕێخۆشــکەرن بۆ جۆرێکی دیکەی دیکتاتۆری و مۆدێلێکــی دیکەی توندوتیژی کە لەبەرگی ئایین و پیرۆزییەکاندا شــەرعییەت بەخۆی دەدات.

پرســیارێکی تــر کە گومــان دەخاتە ســەر دەرەنجامە ڕاستەقینەکانی بەکارهێنانی هێزی نەرم لە ڕێی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتــی ناوینی گەورەوە ئەوەیە کــە ئایا ئەمریکا و شــەریکەکانی پلەیان نەکــردووە لە بەگەڕخســتنی میکانیزمەکانی ئەو گۆڕانکارییە نەخشــە بۆدانراوە. بە واتایەکی دیکە زەمینــەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاســی و تەنانــەت ئابووریش تا ئەو ڕادەیە ســازا بوو کە جەســتەی کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچەیە بەرگەی ئەو ئەنتی بایۆتیکە بگرن کە شرنقەی پرۆژەکە لێیان دەدات. یان پەلەیــان کرد و بەر لەوەی لــەرز و تا و هەوکردنی برینەکانی جەستە بنیشــنەوە، ئەوان شرینقەکەیان لێدا و دەرەنجــام لەرز و تایەکە بەرزتر بــۆوە لە جیاتی ئەوەی سارد بێتەوە.

ئایا ئــەم بارودۆخەی ناوچەکە ئەو قســەیەی (هێنری کیسنجەر)، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە نێوانی ساڵانی **١٩٧٣** تا **١٩٧٧** و پاشان ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە حکومەتەکەی (ڕێچارد نیکســۆن)دا، دەسەلمێنێ کە لە کۆمێنتیکیدا سەبارەت بە پرۆژەی (ڕۆژهەڵاتی ناوینی گەورە) وتوویەتی: (دەبێ ئەم پرۆژەیە لەســەر ئاگرێکی کز بکولێنرێ). بەواتایەکــی دیکە نابێ ئەو پرۆژەیە بە زۆرەملێ و پەلەپەل بە سەر گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی گەورەدا بســەپێنرێ، بەڵکــو دەبێ بە کاوەخۆ و هێدی هێدی لە ڕێی پێشــکەش کردنــی بەهاگەلێکی سەرنجڕاکێشــەوە کە ژیانــی ئەو گەلانە بەرەو باشــتر دەگۆڕن و دەرگای جیهان و ئازادی و گەشــەکردنیان بە ڕوودا دەکاتەوە، جێبەجێ بکرێ.



## پرۆفیسۆر ئۆفرا بینگۆ بۆ گوڵان:

# لەوانەیە کورد ناچـــار بێت بڕیـــاری

**پرۆفیسۆر ئۆفرا بینگۆ ئوستادی مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقیـــا لە زانکۆی تەلئەبیب و تـــۆژەری باڵایە لە ئامـــۆژگای موشـــی دایان بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیـــا و تایبەتمەنـــدە لە مێژووی هاوچەرخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووی هاوچەرخی عێراق و کەمینەکان و بەتایبەتیش کـــورد، پرۆفبســـۆر بینگۆ و نووســـەری کتێبی ( شۆڕشی کورد لە عێراق و هەروەها کتێبی عیراقـــی ســـەدام و گوتـــاری سیاسی و زمانی هێز لە عیراقدا) سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عیراق و هەرێمی کوردســـتان و ناوچەکە گوڵان چەند پرسارێکی ئاراســـتەکردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

### ناسەقامگیری عێراق و ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە زیان بەئەمەریکا دەگەیەنێت

*** بەپێی تێگەیشـــتنی ئێوە تا چ ڕاددەیەك ڕوودانی کارەسات لە عێراقدا دۆخی ناوچەکە پتر ئاڵۆز دەکات و زیان لە بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا دەدات؟**

- هەمیشە عێراقی هاوچەرخ »مۆدێرن» سەرچاوەی ناسەقامگیری بووە بۆ ناوچەکە، ئەو سێ شەڕەی لە سەردەمی حکومڕانی بەعسدا بەرپاکران باشترین بەڵگەن بۆ ڕاستی ئەم قسەیە. تەنانەت ئەگەر ئەمەریکیەکان بۆ سەد ســـاڵی دیکەش بمانایەتەوە-لە عێراقدا- ئەوا نەیان ئەتوانی سیســـتمەکە سەقامگیر بکەن، ئەویش لەبەر بوونی هۆکارە مێژوویی و کۆمەڵایەتی-سیاسیە جیاوازەکان. بە دڵنیاییـــەوە، ڕاپەڕینەکانی ناوچەکە، بە تایبەت لە ســـوریادا، بارودۆخی ئاڵۆزی عێراقیان زیاتر ئاڵۆزکردووە، کە حاڵـــی حازر ئەم بارودۆخەکە پڕە لە مەترســـی ســـەرهەڵدانی ڕاپەڕینێکی دیکە یان شـــەڕێکی ناوخۆیی دیکـــە. گومانی تێدا نییە ئەم ناســـەقامگیرییە زیان بـــە ئەمەریکا دەگەیەنێت کە ئومێدی وابـــوو عێراق ببێتە قەڵایەك و نزیکترین هاوپەیمان لە ناوچەکەدا.

*** دۆخی عێراق بەو ئاســـتە گەیشـــتووە کە سەرۆك وەزیران ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ناشەرعیبوونی پەرلەمان**



**بەچەند شێوە مالیکی بەها دیموکراتییە بنچینەییەکانی لەعێراق پێشێلکردووە**

# سەربەخۆیی بدات

**دەکات لەبەر ئەوەی پشتیوانی خۆپیشاندەران دەکات، ئەمەش بەو واتایەی مالیکی حوکم بەسەر پەرلەماندا دەدات، نەك بە پێچەوانەوە، ئایا ئەمە سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێك نوێ نییە لە عێراقدا؟**

- هەڵوێستی مالیکی لە ئاست ڕۆڵی پەرلەماندا بارودۆخی پەرلەمانی عێراقی سەردەمی پاشایەتیمان بیردەخاتەوە کە تێیدا حکومەت کۆنترۆڵی پەرلەمانی کردبوو نەك بە پێچەوانەوە. لە ڕاستیدا هەرگیز لەو ماوەیەدا پەرلەمان دەنگی بۆ وەرگرتنەوەی متمانە لە حکومەت نەدا. ئەوەی پەیوەندی بە پرۆسەی سیاسی سەردەمی عێراقی دوای سەددام حوسێنەوە هەبێت، ئەوا ئێمە چوارچێوەیەکی دیموکراسی بەدی دەکەین، بەڵام ئەم چوارچێوە دیموکراتیە خاڵیە لە ڕۆحیەت و بەتاڵە لە ناوەڕۆك. بە چەندین شێوە مالیکی بەها دیموکراتیە بنچینەییەکان پێشێل دەکات، و وڵاتەکە بەرەو حکومڕانیەکی خۆسەپێن دەبات. بەڵام هێشتا توانای ئەوەی نییە بگاتە ئاستی بەعس یان سەددام، لەبەر ئەوەی هێشتا پەرەی بە دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکان نەداوە و لەبەر ئەوەی هێز گەلێکی دیکە هەن لە سنوردا ڕایدەگرن.

**ئەگەری ئەوە لەئارادا نییە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەمەریکا ڕۆڵیان لەوەستاندنی مالیکی هەبێت**

**کاتی ئەوەهاتووە کار بۆ ڕێگەگرتنی کڕینی چەکی قورس بۆ عێراق بکرێت و وا لەئەمەریکاش بکرێت فشار بخاتە سەر مالیکی**

**ئەوەی زیاتر بەغدای توڕەکردووە ئەو ڕاستییەیە کە هەرێمی کوردستان (KRG) بۆتە دەوڵەتی ئەمری واقیع و، خاوەنی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی سەربەخۆیە**

*** ئایـــا بۆ ڕێگرتن لە دروســـتبوونی دیکتاتۆرێکی دیکە لە عێراقدا چ بەدیلێکمان هەیە؟**

- ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کارێك دەکات بۆ وەستاندنی مالیکی. بەڵکو ئەگەری زیاتر ئەوەیە چاویان لە ئاســت ئــەوەدا دابخەن کە لە عێراقدا دەگوزەرێت، بەتایبەتی دوای ئەو دەرئەنجامە نائومێدکــەرەی لــە شــەڕی ٢٠٠٣ەوە هاتەئاراوە و ئەو پشــێویەی دواتر باڵی کێشــا بەسەر ئەو وڵاتەدا. هەروەها ئەگەری ئەوەش لــە ئارادانیە ئەمەریکا ئەم ڕۆڵە ببینێت لەبەر ئەوەی خوازیاری بە دوژمنکردنی مالیکــی نین، چونکە ترســیان هەیــە کارێکی لەم چەشــنە پاڵ بە مالیکیەوە بنێت پتر بخزێتە باوەشی ئێرانــەوە. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە، ئــەوان نایانەوێت وا ســەیر بکرێن کە بونەتەهۆی لێکترازانی عێراق، و تاوەکو مالیکی وەك ســەرکردەیەکی بەهێز دەربکەوێت کە توانای پاراســتنی یەکێتی عێراقــی هەیە، ئەوا کاری لەگەڵدا دەکەن.

*** کێشــەیەکی دیکە بریتیە لە پەیوەندی نێوان کورد و حکومەتی مەرکەزی عێراقدا، ناوچە کوردیەکان تەواو ســەقامگیرن، بەڵام مەترســی ئەوە هەیە حکومەتی مەرکەزی ئەو ســەقامگیریە بشــێوێنێت، ئایا تا چ ڕاددەیەك تێکدانی ســەقامگیری هەرێمی کوردستان کاریگەری هەیە لەسەر ئایندەی عێراق؟**

- چەند ڕێگایەکی کەم هەیە هەیە بۆ ئیحتیواکردنی پاڵنەری مالیکی کە خوازیاری حکومڕانی تاکەکەسە. یەکەمجــار دەبێــت هەوڵی لەباربردنی پێشــوەختەی ڕێککەوتنــی کڕینی چەك بدرێت- ئیتر کڕینی چەك لــە ئەمەریکاوە بێت یان لە ڕوســیاوە-، لەبەر ئەوەی بوونی هێزی ســەربازی مایەی پشتئەســتوربوون و گەشــەکردنی دیکتاتۆریەتەکانــە. دووەمجار، دەبێت موعارەزە هەوڵبدات وا لە ئەمەریکیەکان بکەن فشــار بخەنەســەر مالیکی لــەم ڕووەوە، چونکە مالیکی لە ڕووی ئابووری و سیاسیەوە پشتی بە ئەمەریکا قایمە. سێیەم، ئەگەر ئەم هەنگاوە سەرەڕۆیانە ڕانەگیران،ئەوا دەبێت موعارەزە ڕێ و شوێنە پەرلەمانیەکان بگرێتەبەر بۆ ســەندنەوەی متمانە لەم حکومەتە. دوایین شت کە لە هەموویان گرنگترە پێویســتە هەرێمی کوردســتان (KRG) بەها دیموکراتیەکانی تایبەت بەخۆی پەرە پێبدات بۆ ئــەوەی مۆدێلێکی جیاواز لە مۆدێلەکەی بەغدا پێشکەش بکات.

حکومەتــی ئێســتای عێــراق بە چەشــنی هەموو حکومەتەکانی پێش خــۆی ئامادەی قبوڵکردنی ئەو بیرۆکەیە نییە کە کوردەکان بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی تایبــەت بە خۆیــان هەیە و، داوا مافــی بڕیاردانی چارەنووس دەکەن. ئەوەی زیاتــر بەغدای توڕەکردووە ئەو ڕاستیەیە کە هەرێمی کوردستان (KRG) بۆتە دەوڵەتی ئەمری واقیع و، خاوەنی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی سەربەخۆیە. سەرکەوتنی- ئەم هەرێمە- لە بنیاتنانی قەوارەیەکی گەشــەکردوو کەم تا زۆر ســەقامگیر وەك گەورەترین تەحەددی بەردەم عێراقێکی یەکگرتوو ســەیر دەکرێت. لێرەوە خواستی ناسەقامگیرکردنی بە هەموو شێوەیەك سەرهەڵدەدات. هەرچۆنێــك بێــت، ڕەنگە ئەم سیاســەتە کورتبینانە کاریگــەری نەخــوازراو و پێچەوانــەی لێبکەوێتەوە و، پاڵنــەری زیاتــر بخوڵقێنێت بۆ ئــەوەی هەرێمی کوردستان(KRG) لە بەغدا دووربکەوێتەوە و داببڕێت. بەردەوام ســەرکردە کــوردەکان ڕایدەگەیەنن ئامانجیان جیابونــەوە نییە، بەڵام ئەگــەر حکومەتی مەرکەزی بەردەوام بێت لەســەر گرتنەبەری ئەم سیاسەتانە ئەوا ڕەنگە ناچاربن ئەم هەنگاوە هەڵبگرن.

*** پێشــبینی دەکرێت بارودۆخی عێــراق کاریگەری هەبێت لەسەر دەوڵەتە دراوسێکان، کە لە بەرامبەردا ئەم وڵاتانەش کاردانــەوەی جیاوازیان هەبێت. بە تایبەتی تورکیا و ســعودیە کەپشتیوانی ســوننەکان دەکەن و ئێرانیش پشتیوانی شــیعەکانی عێراق دەکات. ئایا تا چەند ئەمە مەترسیە بۆ سەر ئایندەی عێراق؟**

- لە ماوەی چەند ســاڵی کەمی ڕابردوودا نەخشەی جوگرافی کەمەربەندە» هیلال» بە پیتەکە بە شێوەیەکی دراماتیکی گۆڕاوە. هاوپەیمانێتیە کۆنەکان هەرەسیان هێناوە و لە جێیان هاوپەیمانێتی نوێی سەریان هەڵداوە. میحــوەری تورکی-ســوری-ئێرانی کۆتایی هاتووە و جێگای چۆڵکردووە بۆ دژایەتیەکی قووڵی نێوان تورکیا و ســوریا و ڕکابەریەکی بەهێزی نێوان تورکیا و ئێران. لەلایەکــی دیکەوە، هاوپەیمانێتــی گەلێك پێکهاتوون کە بە هیچ شێوەیەك پێشــبینی نەکراوبوون. عێراقی ســایەی مالیکی هاوپەیمانێتی لەگەڵ دوو دوژمنی دێرینــی خۆیدا گرێداوە، ســوریا و ئێران، لە کاتێکدا تورکیا هاوپەیمانێتی لەگــەڵ هەولێردا پێکهێناوە دژ بە بەغدا. دەبێت ئەو ڕاســتیەش بۆ ئەم گۆڕانکاریە شۆڕشــگێریانە زیاد بکەین، کە لەگەڵ بوونی عێراق بە قەڵای شــیعەگەرایی لە سەرتاسەری ناوچەکەدا، ئەوا ڕکابەری شیعە و سوننە پتر قوڵبۆتەوە لە جیهانی عەرەب و موســڵماناندا. هەموو ئەم پەرەســەندنانە، ناکۆکی تائیفی و ئیتنیان لــە عێراقدا زیاتر کردووە، هەمــو ئەمانە بۆی هەیە زیاتر مەترســی لەســەر تێڕوانینی عێراقێکی یەکگرتوو دروست بکەن.

پرۆفیسۆر نادر هاشمی ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسته لەزانکۆی دینیڤەرو هەروەها پرۆفیسۆرە لەسەر دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسلامی سیاسیی، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی پرۆفیسۆر نادری هاشمی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.



## نادری هاشمی لە زانکۆی دینیڤەر بۆ گوڵان:

# تارمایی شەڕی تایەفەگەری نێوان موسڵمانان مێژووی سەدەکانی ١٦ و ١٧ ئەوروپامان دێنێتەوە بەرچاو

*** کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان و نەبوونی دیموکراسی بوو، بەڵام دوای بەهاری عەرەبی و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، پێشبینی هاتنەئارای دیموکراسی دەکرا، بەڵام هەروەك دەزانن بارودۆخەکە لەوە خراپتر بوو، بە شێوەیەکی گشتی خوێندنەوەی ئێوە چییە بۆ بارودۆخەکەو ئایا ئایندەی ئەم وڵاتە چی بەسەر دێت؟**

- من هاوڕانیم لەگەڵ ئەوەدا کە دەڵێن بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خراپترە بە بەراورد بە ڕابردوو. لەبەر ئەوەی پێش ئەو گۆڕانکارییانە دیکتاتۆرەکان لە دەسەڵاتدابوون و ئومێدێکی کەم هەبوو بە ڕووخاندنیان. دوای بەهاری عەرەب، دەرگایەك والابوو کە ڕەنگە سەربکێشێت بۆ بەرەوپێشچوونی هەنگاو بە هەنگاو بەرەو دیموکراسی. مەسەلە گەورەکە ئەوەیە هەنگاونان بەرەو دیموکراسی کاتی دەوێت. لە ڕاستیدا چارەسەرێکی خێرا یان ئاسان نییە بۆ ئەو تەحەددیاتانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبنەوە. هەمیشە قۆناغی ڕاگواستن بەرەو دیموکراسی هاوشانە بە نادڵنیایی، پشێوی و پاشەکشەو تەحەددیگەلێکی سیاسی مەزن. کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی زاڵبین بەسەر میراتی دڵڕەقانەی سیستمی قەومی دەوڵەتانی عەرەبی دوای کۆلۆنیالیزمدا. لەم ساتەوەختەداو بۆ ئەوەی هاوکاربین لە تێپەڕاندنی قۆناغی ڕاگوزەریدا پێویستمان بە سەرکردایەتیەکی ئارامگرو ژیرو گەشەکردنی ئابووریی هەیە، لە هەمووشی گرنگتر پێویستمان بەوە هەیە کە هیوامان بە ئایندەیەکی باشتر هەبێت.

*** ئیسلامیەکان توانییان لە ڕێی سندوقی هەڵبژاردنەوە دەسەڵات بگرنەدەست، ئەمە لە میسر و تونس ڕوویداو پێشبینی دەکرێت لە سووریاش ڕووبدات، بەڵام هێشتا بارودۆخەکە لە میسر سەقامگیر نییەو دیموکراسی بەدەست نەهاتووە، بە پێی هەندێ چاودێر دووبارە بارودۆخەکە بەرەو دیکتاتۆریەت دەڕوات، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك مەترسی سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆریەتی سەربازی دەکرێت و ئایا تا چەند گەشبینن؟**

**ئەگەر کوشتنی خەڵک لەسەر شەقامەکان درێژە بکێشێت، ئەگەر پێکدادانی حکومەتەکەی ئیخوان موسلمین و موعارەزە درێژە بکێشێت، ئەگەر باری ئابووری بەردەوام بەرەو خراپبوون بچێت، ئەوا ئەگەری گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆریەتی سەربازی دێتە ئاراوە**

- مـــن بەحەزەرم بڵێـــم میســـربەرەو دیکتاتۆریەت دەچێت. ئەگەرچی هیچ زەمانەتێك نییە ئەمە لە ئایندەدا ڕوونەدات. بەڵام پرســـیارەکەی ئێوە نیگەرانیەکی گرنگ دەوروژێنێت لەبارەی ئەو پشێوی و نادڵنیاییەوە کە حاڵی حازر لە میسردا بەدی دەکرێت. ئەگەر ئەم پشـــێویە بـــەردەوام بێت و ئەگەر کوشتنی خەڵك لەسەر شـــەقامەکان درێژە بکێشێت، ئەگەر پێکدادانـــی حکومەتەکەی ئیخوان موســـلمین و موعارەزە درێژە بکێشـــێت، ئەگەر بـــاری ئابووری بـــەردەوام بەرەو خراپبوون بچێت، ئەوا ئەگەری گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆریەتی سەربازی دێتە ئاراوە، ئەمرۆ سێ کێشەی سەرەکی میسری گرفتارکردووە، نەبوونی کۆدەنگی لە نێوان لایەنە سیاســـیە سەرەکیەکاندا لەبارەی نەخشـــەڕێگای قۆناغی ڕاگوزەری بەرەو دیموکراسی، پاشماوەکانی ڕژێمی موبارەك کە هەوڵی لەباربردنی پرۆسەی بە دیموکراتیکردن دەدەن و هەرەسهێنانی ئابووری وڵاتەکە.

*** دەبینین ناوچەکە بەرەو شەڕی تائیفی دەڕوات، لە لایەك عێـــراق و ئێران و حزبوڵڵا پشـــتیوانی لە مانەوەی ئەســـەد دەکەن لە دەســـەڵاتدا، لە لایەکی دیکەوە وڵاتانی کەنداو و تورکیا پاڵپشـــتی شۆڕشگێڕان و گۆڕینی ڕژێمەکە دەکەن، پرســـیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك شەڕی تائیفی مەترسی لەسەر ئایندەی وڵاتەکە هەیە؟**

- کێشەی تایەفەگەری کێشـــەیەکی مەترسیدارە. من خۆم زۆر نیگەرانـــم لەبارەی ئەم کێشـــەیەوە و ئەو کاولکارییەی بـــەدوای خۆیـــدا دەیهێنێت ئەگـــەر هاتوو بـــەردەوام بوو. تارمایی» شەڕە ئاینیەکان» لە نێو موسڵماندا، وەك ئەوەی لە ســـەدەکانی ١٦ و ١٧دا لە ئەوروپا بەرپا بوو، بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەســـوڕێتەوە. ئەوەی پێویستیەکی بە پەلەیە بۆ ســـنووردارکردنی ئەم داخزانە بەرەو تائیفەگەری، بریتیە لە بوونی ســـەرکردایەتیەکی ژیر لە نێوان ســـەرکردە سیاسی و ئاینیەکاندا. هەر پیاوێکی ئایینی، یان پارتێکی سیاســـی یاخود سیاسەتمەدارێك بانگەشە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی بـــکات دژ بە هەر گرووپێکی ئایینی دەبێت بە دەنگی بەرز سەرزەنشت و مەحکوم بکرێت. ئەگەر ئەم کارە نەکرێت، ئەوا تەنیا شـــەرعیەت بە تائیفەگەری ئاینی دەدەین و درێژەی پێدەدەین. من لەوەش زیاتر دەڕۆم و پێداگیری لەســـەر ئەوە دەکەم ئەمە لە ســـەرووی ئەولەویاتەکانی ئەجێندای نەتەوە یەکگرتووەکان و جامیعەی عەرەبی و ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامیەوە بێت.

**هەر پیاوێکی ئایینی، یان پارتێکی سیاسی یاخود سیاسەتمەدارێک بانگەشە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی بکات دژ بە هەر گرووپێکی ئایینی یان سیاسی، دەبێت بە دەنگی بەرز سەرزەنشت و مەحکوم بکرێت. ئەگەر ئەم کارە نەکرێت، ئەوا تەنیا شەرعیەت بە تائیفەگەری ئاینی دەدەین و درێژەی پێدەدەین**

*** ســـەرەڕای ئەوەی ئێران نوێنەرایەتی شیعە دەکات، ئەوا لە هەمان کاتدا کێشـــەی لەگەڵ تورکیا و سعودیەدا هەیە، هەروەها ســـەرەڕای کێشـــەی بەرنامـــە ئەتۆمیەکەی باس لەئەگەری ئەنجامدانی گفتوگۆی ڕاســـتەوخۆ دەکرێت لە نێوان ئەمەریکاو ئێراندا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کێشەی نێوان ئەم دوو وڵاتە بە گفتوگۆ و دانوســـتاندن چارەسەر دەکرێت یان کێشەکە لەوە گەورەترە؟**

- بە دڵنیاییەوە من ئومێدی ئەمە دەکەم، لەبەر ئەوەی بەدیلی گفتوگۆ شـــەڕە. بەڵام هەرچۆنێت بێت، بەم دواییە ئومێدی



ئەنجامدانی گفتوگۆ لە نێوان ئێران و ئەمەریکادا کەم بووەوە، ئەویش کاتێك سەرکردەی باڵای ئێران، پێشنیارێکی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا- جۆ بایدنی- ڕەتدەکردەوە کە داوای کردبوو دانیشتنی ڕووبەڕوو بکرێت. لە کاتێکدا زۆرێك لە خەڵکیی ئۆباڵی درێژەکێشانی قەیرانی ئێستای ئێران دەخەنە ئەستۆی ئەمەریکا-کە من هاوسۆزم لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا-، بەڵام باوەڕیشـــم وایە ئێران لە ڕووی ناوخۆییەوە ســـوودمەند بووە لـــە بوونی گـــرژی و قەیران لەگەڵ ئەمەریـــکادا. ئەوەی مەبەســـتمە بیڵێم ئەوەیە کە نەبوونـــی گفتوگۆ و پێوەندی دیبلۆماســـی لەگەڵ ئەمەریکادا بریتیە لە ســـتراتیژیەتی مانەوەی ئێران. هەمیشـــە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی خۆیان دووپاتدەکەنەوە کە هەوڵی سەرەکی ئەوان بریتیە لە بەرهەڵســـتیکردنی سیاســـەتەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و جیهاندا. ئۆباڵی هەموو کێشـــە ناوخۆیـــی و دەرەکیەکانی ئێران بە تایبەتی تێکشـــکاندنی بزووتنەوەی ســـەوز و بێدەنگکردنی دەنگەکانی موعارەزە- دەخرێتەئەســـتۆی سیاســـەتەکانی ئەمەریـــکاو ڕۆژئاوا. ئەگـــەر قەیرانی پێوەندیەکانی ئێـــران و ئەمەریکا لە ڕێی دیبلۆماسیەتەوە چارەسەر بکرێت، ئەوا کۆماری ئیسلامیی دووچاری قەیرانێکی گەورەی شەرعیەت دەبێتەوە لە ناوخۆدا. چونکە ئەو کاتە ئۆباڵی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بخەنە ئەســـتۆی کێ؟ ئایا بەرگـــری لە چی بکەن؟ لەبەر ئەم هۆکارە پێم وایە ئێمە هێشتا ڕێگایەکی دوورودرێژمان لە پێشە بۆ ئەوەی دەست بە گفتوگۆی نێوان ئێران و ئەمەریکا



**هەنگاونان بەرەو دیموکراسی کاتی دەوێت. لە ڕاستیدا چارەسەرێکی خێرا یان ئاسان نییە بۆ ئەو تەحەددیاتانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبنەوە**

بکرێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئومێد دەکەم ئەمە زووتر ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوەی شەڕ مایەی کارەساتە بۆ هەموولایەنە پێوەندیدارەکان.

*** کاتێک ئەمەریکا لە عێراق کشایەوە، وڵاتێکی پڕ لە پشێوی لە دوای خۆی جێهێشت، ئێستاش لە سەروبەندی کشانەوەدایە لە ئەفغانستان و مەترسی ئەوە هەیە هەمان بارورودۆخ لەو وڵاتە جێبهێڵێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەک ئەمە دەبێتەهۆی لاوازکردنی پێگەی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا؟**

- گەورەترین ئاکامی شکستهێنانی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق و ئەفغانستاندا بریتی بوو لەوەی ئەمەریکا ئارەزوویەکی کەمی هەبێت بۆ تێوەگلانێکی سەربازی دیکە لە ناوچەکەدا. حاڵی حازر ئەمە لە کێشەی سوریادا بەدی دەکەین، چونکە سەرەڕای تاوانە بەردەوامەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی کە ڕژێمی ئەسەد ئەنجامیان دەدات، ئیدارەی ئۆباما ئامادە نییە لە بەرژەوەندی سوپای سووری ئازاد دەستێوەردان بکات. لەگەڵ ئەوەشداو سەرەڕای شکستی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق و ئەفغانستاندا، ئەوا ئەمەریکا بەرژەوەندیگەلێکی ژیاری هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کە هەمان ئەو بەرژەوەندیانەن کە لە جەنگی جیهانی دووەمەوە بەرچاوڕوونکەری سیاسەتی ئەمەریکا بوو لە ئاست ناوچەکەدا: نەوت و ئیسرائیل و ڕێگەگرتن لە باڵادەستبوونی هێزێکی دەرەکی ( یاخود ناوخۆیی ) بەسەر ناوچەکەدا، لەبەر ئەم هۆکارانە ئەمەریکا بۆ ئایندەیەکی دیاری لە کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تێوەدەگلێت.

*** تورکیا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە ناوچەکەدا و دەکرێت پێگەی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدەست بهێنێت، تا چ ڕاددەیەک هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە تورکیا دەتوانێت ئەم ڕۆڵە گرنگە ببینیت لە بارودۆخی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

بەهۆی سەرکەوتنە ئابوورییەکانی و بەهۆی ئەوەی دیموکراسیەتێکی دەرکەتووە، ئەوا تورکیا هێزێکە لە دەرکەوتندایە. لەوەش زیاتر، لەبەر ئەوەی حکومەتەکەی ئەردۆغان دەنگی بڵندکردەوە بۆ بەرگریکردن لە ئێش و ئازاری فەلەستینەکان- کە نیشانەی دیاری ناسنامەی عەرەب و موسڵمانەکانە لە ئێستادا-تورکیا شەرعیەتێکی گەورەی هەیە لە شەقامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەو پێیە، تورکیا میسداقیەتی ئەخلاقی و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە ڕاستیدا پرسیارەکە ئەوەیە تورکیا لە بینینی ڕۆڵی سەرکردایەتیکردن لە ناوچەکەدا تا چ سنوورێک دەڕوات؟ تێوەگلانی قووڵتر لە سیاسەتی ناوچەکەدا هەڵگری مەترسیەکی بەرچاوە بۆ سەقامگیری ناوخۆیی و توانای ئابووری تورکیا. بە هەمان شێوە، فەرامۆشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەڵگری مەترسی بەرچاوە. لە ئێستادا پێویست بە بوونی سەرکردایەتی ژیرو دانا دەکات بۆ ئەوەی کەشتیەکە لە ئاوی پڕ شەپۆلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگاتە کەنار.

**تورکیا لە بینینی ڕۆڵی سەرکردایەتیکردن لە ناوچەکەدا تا چ سنوورێک دەڕوات؟ تێوەگلانی قووڵتر لە سیاسەتی ناوچەکەدا هەڵگری مەترسیەکی بەرچاوە بۆ سەقامگیری ناوخۆیی و توانای ئابووری تورکیا. بە هەمان شێوە، فەرامۆشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەڵگری مەترسی بەرچاوە**

## چوار ئەلفەکە:

# ئەنقەرە، ئەمراليى، ئامەد، ئەربيل



عەبدولڕەحمان سديق
بۆ گوڵان دەینووسێت

پێدەچێت زۆربەی هەردوو گەلی کوردو تورك پێخۆشحاڵ بن بەدەستپێکردنی ئەم دانووستاندن و دیدارانەی ئەم دواییەی نێوان حکومەتی تورکیاو نوێنەرانی کوردانی باکوور.
دیارە ئەمڕۆ تورکیا ســەنتەری قورساییە لەکاری دیبلۆماسی و پێوەندییەکان و ئاشتەوایی لەگەڵ دەوروبەریدا، هەروەها تورکیا سەنتەری بەڕێوەبردن و قسەکردنیشە لەسەر کێشەو قەیرانەکانی ناوچەکە.
بەڕێز وەزیری دەرەوەی تورکیا پێش ســێ ساڵ لەمەوبەر، لەبۆنەی پێشوازیکردنی زیاتر لە دووسەد باڵیۆزو کارمەندانی وەزارەتــی دەرەوە، ئاماژەی بە سیاســەتی دەرەوەی وڵاتەکەی کردو وتی: پێوەندییەکانی دەرەوەمان لەســەر پێنج خاڵی ســەرەکی بنیــات ناوە: کە ئەوانیــش بریتین لە باوەڕبەخۆبــوون، گوتن و ئەنجامدانی ئەوەی کە راســت و واقیعیەو، شیکردنەوەی چڕی پشتبەستوو بە گۆشەنیگایەکی فراوان بۆ بینینی وردەکارییەکان، پشت بەستن بە توانایەکی نەرم و نیان و ئیلاستیکی وخێرا لەبڕیارداندا.
ئاماژەی بەوەش کرد کە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەپلەی یەکەم دەبێت هێزی خۆی لەهێزی ناوخۆی تورکیاوە وەربگرێت لەڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە.
بۆیە بۆ پیادەکردن و پراکتیزەکردنی ئەم خاڵە تیۆرییانەش، تورکیا ئەمڕۆ پێویســتیی زۆری بەئاشــتیی نێوخۆیی هەیە، لەپێش هەمووشــیدا ئاشتیی لەگەڵ کورداندا، ئاشتییەك وەك بەڕێز وەزیری دەرەوەی تورکیا لەنووسینێکی خۆیدا دەڵێت: تورکیا ســەبارەت بە پراکتیزەکردنی سیاسەتە ئیقلیمیەکانی خۆی پشت بەچەند بنەمایەك دەبەستێت کەئەوانیش بریتیین لە: پیادەکردنی دروشــمی ئاسایش بۆ هەمووان، پیادەکردنی حیوارێکی سیاسیی ئاست بڵندانە، سیاسەتی پێکەوەگرێدان و تەواوکاریی ئابووری، پێکەوە ژیانی نێوان کەلتووره جیاوازەکان، کۆتایی هێنان بە کێشەو قەیرانەکان.
بە سەرنجدان لەم چەند ستراتیژو بنەمایانەش، مرۆڤ دەتوانێت بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم خاڵانە مایەی کردنەوەی زۆرێــك لە دەرگاو پەنجەرە داخراوەکانی رابردووی نێوان گــەلان و دەوڵەتانی ناوچەکەن، بۆیە ئێمەش لەلای خۆمانەوە وەك هەرێمی کوردســتان کە بەشێکی زیندووی نێو پرۆسەی ئاشتیین، لەتواناشماندایە دەستمان هەبێت لە دروستکردنی بەشــێکی ئەو ئایندەیەی کە بەهەموو لامان نەخشــەی بۆ دەکێشین لەســەر بنەمای ڕێزگرتن لە سەروەریی یەکدی، یارمەتیدان و پاراســتنی تایبەتمەندییەکانــی یەکدی، چونکە زۆر خاڵی بەهێز هەن کە یارمەتیدەرن بۆ ســەرکەوتنی پرۆســەی ئاشتیی و سیاســەتی کرانەوەو بنیاتنانی ئایندەیەکی گەش، پێویستە چوار لایەنی سەرەکیی پێکەوە ڕۆڵیان هەبێت بۆ سەرخستنی گفتوگۆو دیدارەکانی نێوان تورك و کورد لەتورکیادا کە ئەوانیش بریتین لە:
**یەکەم:** (ئەنقەرە) واتە حکومەتی تورکیا، کە دەتوانێت سەروەرییەکی مێژوویی بۆ خۆی دەستەبەر بکات ئەگەر بتوانێت سەرکەوتوو بێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا .
**دووەم:** (ئەمراليى ) وەك ئاماژەیەك بۆ عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە ناکرێت بەبێ ئەو قســە لەســەر ئاشتییەکی راستەقینەی هەمیشەیی بکرێت لەبەر زۆر هۆی خودیی و بابەتیی کە بۆ زۆربەی سیاسەتمەدارو چاودێرانی سیاسیی ئاشکران .
**ســێیەم:** (ئامەد ) وەك ئاماژەیەك بۆ پارتی ئاشتیی و دیموکراســیی (بەدەپە)و، وەك ئاماژەیەکیش بۆ نوێنەرانی کورد لەپەرلەمانی تورکیا، کە بەدەنگی هاووڵاتیانی کورد بوونەتە نوێنەری فەرمیی ئەوان لەپەرلەماندا.
**چوارەم:** ئەربیل(هەولێر ) وەك ئاماژەیەك بۆ هەرێمی کوردستان و ئەزموونە سەرکەوتووەکەی کەهۆکارێکە بۆ بەرقەراربوونی ئاســایش و ئاشتیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی ناوخۆیی لەگشت ئەو وڵاتانەی کە کوردی تیادا دەژین وەك ئارامترین ناوچەکانی عێراق بۆ تورکیا و، وەك دەروازەی ســەرەکی تورکیاش بۆکاری وەبەرهێنان و، وەك دراوســێیەتی هەمیشەیی و نەفەسی مەدەنییانەی خەڵك وحکومەتی هەرێم و، کرانەوە بەڕووی پێشکەوتن و خۆ دوورگرتن لە توندڕەویی ئاینیی ونەتەوەیی، کە هۆکاری دیکەی بەهێزن بۆ سەرخســتنی پرۆســەی ئاشتیی چاوەڕوانکراوو، حەزکردن بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد لەهەر شوێنێکی دنیادا بەڕێگەچارەی ئاشتییانەو، لەچوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کەتێیدا دەژین.
لەکۆتاییشــدا پێم باشە کە بە قسەیەکی پڕ لە حیکمەتی بەدیعولززەمان (سەعید نەوورسیی ) کۆتایی بە قسەکانم بێنم کە دەڵێت:
(لەوانەیە رابردوو بۆ ئێمە قەدەر بووبێت چونکە دەســتمان لە دروستکردنیدا نەبووە، بەڵام ئایندەو داهاتوو بۆ ئێمە ئەرك و تەکلیفە چونکە ئێمە لە ئێستاوە دروستی دەکەین).

asidiq1962@yahoo.com

# شاگردەکانی مەحمود ئەسعەد بەگ لەتورکیا



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گولان دەینووسێت

ساڵی ١٩٣٠ وەزیری دادی تورکیا مەحمود ئەسعەد بەگ بوزکورت کە ئەندامی پارتی گەل (جەهەپە) بوو لە لێدوانێکدا وتی «گەورەی ئەم وڵاتە، تورکە. ئەوەی بەرِەچەڵەك ناچێتەوە سەر رەگەزی پاکی تورك، لە نیشتمانی تورکدا تەنها یەك مافی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە نۆکەرو کۆیلە بێ». ئەم وتانە لە رۆژنامەی «میللیەت» بڵاوکراونەتەوەو هەر کەسێك بیەوێ، بەئاسانی دەتوانێ دەقەکەی چنگ کەوێ. ئەم وتانە، بۆ ٨٣ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێنەوە. لەسەردەمێکدا وتراون کە هێشتا دیموکراسی لە تورکیا دەرنەکەوتبوو و سیستمی سیاسی لەسەر بنەمای حوکمرِانیی تاك حزبی دامەزرابوو و تەوژمی رەگەزپەرستی و شۆڤێنیزم و دژایەتی کردنی کورد باڵی بەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگادا کێشابوو. بۆیە دەکرێ لەچوارچێوەی سەردەمی خۆیان و وەك بەشێك لە مێژووی شۆڤێنیزم تەماشا بکرێن.

لەباری سەرنجی ریالیزمەوە، تەنانەت کەس داوای لە جەهەپە نەکردووە لەسۆنگەی ئەم وتانەی ٨٣ ساڵ لەمەوبەری وەزیری دادەوە داوای لێبوردن بکات یاخود لانی کەم رەخنە لە ناوەڕۆکی وتەکان بگرێ. بەڵام پارو ئەمساڵ دوو رووداو دەریانخست کە جەهەپەی ٨٣ ساڵ لەمەوبەر هەمان جەهەپەی ئەمرِۆیە. ساڵی پار سەرۆکی جەهەپە، کەمال کلیجدار ئۆغلۆ، باخچەیەکی لە کوساداسی بەناوی مەحمود ئەسعەد بەگ بوزکورتەوە کردەوەو پەردەی لەسەر پەیکەرێکیشی لادا. ئەم مانگەش پەرلەمانتار لەسەر لیستی جەهەپە، خانم بیرکول ئەیمەن گیلەر، لەناو پەرلەمان دژی یەکسانیی کوردو تورك قسەی کردو بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کە ناکرێ بەیەك چاو تەماشای کوردو تورك بکرێ.

بۆچوونەکەی خانم گیلەر پاساوی بابەتییانەی بەهێزی نییە. هاندەری بۆ دەربرِینی ئەم بۆچوونە، پەیوەندیی بەوەوە نییە کە ئەنکەرە بەنیازە مافەکانی کورد بسەلمێنێ، بەڵکو زۆرتر پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر یاسایەك کردووە لێ دەگەڕێ کوردێك، کە تورکی نازانێ، لە دادگا بەزمانی خۆی بەرگری لەخۆی بکات.

پارتی دادو پەرەپێدان وەك ئەوەی هەنگی لەداردا دۆزیبێتەوە، وتەکانی خانم گیلەری قۆستەوەو رەهەندە شۆڤێنیستییەکانی ناو جەهەپەی شەرمەزار کرد. خودی ئەردۆغان لە لێدوانێکدا لە ئیستانبول وتی «هەر کەسێك بەرِەچەڵەك و خێڵەوە بنازێ، کەسێکی تا بڵێی سووك و چروکە». رۆژنامەی «هورییەت دەیلی نیووز» لەپەراوێزی ئەم لێدوانەی ئەردۆغان، نووسیویەتی «ئەگەرچی وتەکانی ئەردۆغان زۆر توندن، بەڵام گوزارشت لەئەندێشەیەکی بنەرِەتی دەکەن کە خەڵکانی پێشکەوتنخواز لەسەری هاوڕان». نووسەری وتارەکەی هورییەت دەیلی نیووز، سەمیح ئایدیز، کەزۆرتر دژی ئەردۆغان و سیاسەتەکانی دەنووسێ، ئەمجارە هیچ بیانوویەکی بۆ هێرش کردنە سەر ئەردۆغان بەدەستەوە نەبوو، بۆیە هەر ئەوەندەی لەدەست هات بنووسێ «ئەردۆغان ساغی کردەوە کە لێبرِاوانە دژایەتیی شۆڤێنیزم دەکات».

خانم گیلەر بەم وتانەی هیچ خزمەتێکی حزبەکەی خۆی نەکردووە. سەرباری ئەوەی کەبۆتە مایەی لەکەدارکردنی ناوبانگی حزبەکەی، کێشەشی بۆ دروست کردووەو بۆتە هۆی ئەوەی کە پەرلەمانتارە کوردەکانی سەر بەلیستی جەهەپە بیر لەدەستلەکارکێشانەوە بکەنەوە. لانی کەم تائێستا دوو پەرلەمانتاری کورد وازیان لە جەهەپە هێناوە، یەکێکیان نوێنەری ئادیامانەو ئەوی تر نوێنەری ماردینە لقی دیاربەکری جەهەپەش ناچار بوو کۆبوونەوەی نائاسایی بۆ تاوتوێ کردنی وتەکانی خانم گیلەر بکات.

بەدڵنیاییەوە خانم گیلەر پێی خۆش نییە پێی بوترێ شۆڤێنی و بۆ روونکردنەوەی هەڵوێستی خۆی کۆنفرەنسێکی رۆژنامەوانیی بەست و بەرگریی لەخۆی کرد. لەکۆنفرەنسەکەدا جگە لەوەی کەهیچ ئاماژەیەکی بۆ ئەوە نەکرد کە ئامادەیە داوای لێبوردن لە هاووڵاتییە کوردەکانی بکات، گوزارشتی لەوەش کرد کە ئەو چاوەڕێیە هەموو ئەوانەی تۆمەتی شۆڤێنیزمیان خستۆتە پاڵ، داوای لێبووردنی لێ بکەن.

بیریل دید ئۆغلو لە رۆژنامەی «تودەیز زەمان» نەیشاردەوە کە دیاردەی شۆڤێنیزم لەناو ژمارەیەکی زۆری سیاسەتمەدارانی تورکیا هەیەو ئەوەی بەبیر هێنایەوە کە لە تورکیا شۆڤێنیزم بەیاسا قەدەغە کراوە، کەچی کەس لەسۆنگەی ئەم تاوانە سزا نەدراوە.

بەڵام سەرەڕای هەمو شتێك، وتەکانی خانم گیلەر بێ سوود نەبوون. لانی کەم ئێستا دەزانین شۆڤێنیزم لە تورکیا ددانی هەیەو دەتوانێ بگەزێ.



# توندوتیژی و ترسی داڕمانی دەوڵەتی میسر و دەستپێشخەریی بۆ دانوستاندن

ئەسما حوسەینی/قاهیرە





**دکتۆر عەلا ئەسوانی:**

## سەرۆک مورسی ناتوانێت ئەو کەسانەی داوای رووخانی دەکەن، تۆمەتباربکات بەوەی کە پاشماوەی رژێمی پێشوو یان لیبرالی و چەپ و دوژمنی ئیسلامی سیاسی بن

میسر هەفتەیەکی سەختی توندوتیژی و پێکدادانی بەخۆیەوە بینی کە تێیدا دەیان کوژراو و سەدان برینداری لێکەوتەوە، خۆپیشاندان و کاری توندوتیژی لە شەقام و مەیدانەکانی قاهیرە و زۆربەی پارێزگاکانی میسر درێژەی هەیە وەك نارەزاییەك بەرامبەر حوکمی ئیخوان و داواکردن بە رۆیشتنی سەرۆك کە بەرای ئەوان لە ئیدارەکردنی وڵات شکستی هێناوە،سەرماو باران و تەنانەت دەستپێشخەرییەکان کە بۆ دیالۆگ خرانەڕوو و توندوتیژی بەرامبەری دەزگاکانی ئەمن و راکێشانی خۆپیشاندەران و کوشتنیان لەسەر شەقامەکان رێیان لە خۆپیشاندەران نەگرت کە واز لە کۆبوونەوەکانیان بهێنن، هەتا راگەیاندنی باری نائاسایی لەلایەن سەرۆك مورسیشەوە و قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە هەرسێ شارەکەی سەر نۆکەند،پۆرسەعید و ئیسماعیلیە و سوێس،کە دوای ئەم راگەیاندنە ئاستی تووڕەبوون وهەڵچوونیان گەیشتە ئەو رادەیەی کە سەرۆك ناچاربوو پاشەکشە لە بڕیارەکەی بکات،ئەم خۆپیشاندانانە لە کاتێکدا پەرەیان سەند کاتێ ٢١ تۆمەتبار حوکمدران رەوانەی بەردەم موفتی کران بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر لە سێدارەدانیان بدات بە تاوانی کوشتنی ٧٢ هاندەر لە یاری تۆپی پێ کە پار لە نێوان ئەهلی میسری و پۆرسەعید بەڕێوەچوو، بەڵام خەڵکەکە پێیان وابوو ئەم حوکمە بە سیاسیکراوە، بە مەبەستی دوورخستنەوەی توندوتیژی لە قاهیرە، بۆ یەکەم جاریش لە کاتی نارەزاییەکاندا بزووتنەوەیەکی تازە بەناوی ( بلاك بلۆك)یان(لیستی رەش)لە شێوازی ئەورووپی سەری هەڵدا،کەسیش نازانێت ناسنامەیان چییە، بەڵام بە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕان هەژماردەکرێت،بۆیە نیابەی گشتیی بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرکردن،بەڵام ئەوان داکۆکیان لەخۆیان کرد بەوەی کە دەیانەوێت شۆڕش بپارێزن،دەرئەنجامی ئەو خۆپیشاندان و پشێویانە وای لە وەزیری بەرگری عەبدولفەتاح سیسی کرد داوا لە هەموو لایەنەکان بکات کۆببنەوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی لە وڵاتدا،نەبادا



بزووتنەوەی ٦ی ئیبریل ـی شۆڕشگێر:

## بەشداریکردنمان لەو خۆپیشاندانانە بۆ رووخاندنی دەوڵەتی ئیخوانە،هەروەها محەمەد مورسیی بە خراپترین و لاوازترین سەرۆک لە مێژووی میسر دادەنرێت

ئەنجامی زۆر خراپی لێبکەوێتەوە و دواتر دەوڵەت هەرەس بهێنێت،ئەم لێدوانانەدا بەدواداچوونی زۆری لێکەوتەوە دەربارەی رۆڵی سوپا لەرۆژانی داهاتوودا،ئەمەش رەنگدانەوەی قەیرانی متمانە دەردەخات کە گەلی میسر بەرامبەر بە ئیخوان موسلمین دووچاری بووبوو،کە هەمیشە لە هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی جومگەکانی دەسەڵات و پشتگوێ خستنی کەسانی دیکەیە،زۆربەی میسرییەکان لەو باوەڕەدان کە شۆڕشەکەیان ڕفێنراوە،واتا دوای دوو ساڵ هیچ شتێکیان بەدی نەکرد کە ئەم شۆڕشەیان لە پێناویدا بەرپاکرد،بەڵکو زیاتر دووچاری نیگەرانی و بێئومێدی بوون لە جاران خراپتر ئاستی ژیانیان رووی لە دابەزین و کولەمەرگی کرد،هەتا لەسەر ئاستی ئازادییەکان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی،بۆیە ترس و دڵەڕاوکێ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی میسری گرتۆتەوە بۆیە ئەوان تەنانەت بەتەمای ژیانی ئەمڕۆو سبەینێش نابن ئەگەر بێتوحوکمی ئیخوان هەروا درێژە بکێشێت،کاتێکیش هەندێك داوای هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرۆکایەتی دەکەن بۆ رزگاربوون لە سەرۆکێك کە بەرامبەر بەڵێنەکانی و سوێندخواردنی بۆ میللەت پابەند نەبووە،بەڵام ئەم بۆچوونە لەلای ئیخوان و ئەو ئیسلامیانەی هاوپەیمانیان بەوە لێکدەدرێتەوە کە مەبەست رووخانی شەرعیەت و سەرۆکی هەڵبژێردراوە،دکتۆر عیسام عریان جێگری سەرۆکی حزبی ئازادی و دادپەروەری هەڕەشەی کرد کە ئەگەر سەرۆك مورسی ماوەی سەرۆکایەتیی خۆی تەواو نەکات هیچ سەرۆکێکی داهاتووی میسر ناتوانێت ماوەکەی ئەو تەواو بکات،دووپاتیشی کردەوە کە هەرکارێك لەپێناو ئەمەدا بە کودەتا لەسەر دیموکراتییەت هەژماردەکرێت،تەنانەت ئیخوان ئەوکەسانەی کە دەیانەوێت حوکمی ئەوان بڕوخێنن بە پاشماوەی رژێمی پێشوو و دوژمنی ئیسلام تۆمەتباری کردن،ئەم بۆچوونەش لەلایەن نووسەرو چالاکوانی سیاسی دکتۆر عەلا ئەسوانی رەتکرایەوەو ئاماژەشی بەوە کرد کە سەرۆك مورسی ناتوانێت ئەو کەسانەی داوای رووخانی دەکەن تۆمەتبار بکات کە پاشماوەی رژێمی پێشوویان لیبرالی و چەپ و دوژمنی ئیسلامی سیاسی بن،لە راستیدا دەنگەکانی ئیخوان بە تەنیا نەیانتوانی مورسی لە گەڕی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی سەربخەن،بەڵام ئەوانەی گەیاندیانە کورسی دەسەڵات،ئەو هەشت ملیۆن میسرییە بوون کە لە دەرەوەی ئیخوان بوون وێرای ژمارەیەکی زۆری شۆڕشگێرانی لیبرال و چەپەکان،کە پشتیوانیان لێیکرد تاکو رژێمی پێشوو لەسەردەستی رکابەرەکەی شەفیق جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە.

سەرۆك مورسی زۆر بەخێرایی تووشی شکست بوو،کە لایەنگرونەیارەکانی چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد،دوای چەند هەفتەیەکی کەم لە هەڵبژاردنی،میسرییەکان تووشی سەرسامی بوون کاتێ بۆیان دەرکەوت کە سەرۆك مورسی سەرۆکێکی دوورە لە رووداوەکان و وەك ئەوەی لە ئەشکەوتێکدا ژیان بەسەرببات واتا دوور لە ژیانی رۆژانەی میللەت،تەنانەت ئەو خاوەن بڕیارەکانی سەرۆکایەتیش نییە بەڵکو لە نووسینگەی رابەرایەتی پێشتر ئامادە دەکرێن و دوایی خۆیشی دەیانخوێنێتەوە،وردەوردە بۆ میسرییەکان روون بۆوە کە ئیخوان لە پشتیانیشەوە سەلەفیە تیرۆریستە تۆبەکارەکان(الجهاد و الجماعه الاسلامیه)گەیشتنی مورسی بۆ پۆستی دەسەڵات بە سەرکەوتنێکی دیموکراتی نازانن،بەڵکو بەرای ئەوان سەرکەوتنێکی خوایی بوو بەسەر دوژمنانی ئیسلام(گەلی میسر)،ئەوەی ئیخوان دەیانەوێت پێی بگەن ئەوەیە کە رێکخستنەوەی بارودۆخی دەوڵەتی میسرە بە شێوەیەك کە هەتاهەتایە لە حوکمدا بمێننەوە، بەمەش دەیانەوێت خەلافەتی ئیسلام بگەڕێننەوە،لەبەر ئەوەشە کە مورسی بووە بە دیکتاتۆرو راگەیاندنێکی نادەستوری دەرکردووە تاکو دەسەڵاتی رەها بەخۆی بدات بۆ ئەوەی چی بیەوێت بیکات، بەم شێوەیەش سیستەمی دادوەری دارماندو هەموو بڕیارەکانی خۆیشی لە بەدواداچوونێکی یاسایی پاراست،تا گەیشتە ئەو رادەیەی کە لیژنەی بەناو دامەزراندن دەستورێکی سەرنەکەوتووی لە نووسینگەی رێبەرایەتی ئامادەکرد.

ئەسوانی زیاتر دەڵێت: پەردە لەرووی مورسی داماڵرا،میسرییەکان خۆپیشاندانی ئاشتیانەیان لەبەردەم کۆشکی ئیتحادیە رێکخست،بەڵام میلیشیای چەکداریان بۆ ناردن تاکو دەستگیریان بکەن و ئەشکەنجەیان بدەن،بۆیە ژمارەیەك لە خۆپیشاندەران و ئیخوان گیانیان لەدەست دا کە ئۆباڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆی مورسی،ئەو بەرهەڵستکردنە زیاتر پەرەی سەند دژی دیکتاتۆری تازە لەبەر هۆیەکی ئاسان ئەویش لەبەر ئەوەی هەزاران شەهید و برینداریان داوەو نایانەوێت دیکتاتۆرێك شوێنی یەکێکی دیکە بگرێتەوە،بەڵام ستەمکاریی ئیخوان تەنیا شکشتەکەیان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەردەخات،هەلپەرستی و دووڕوویی و بێتواناییان بۆ هەموو گەلی میسر روون بووەوە،بزووتنەوەی ٦ی ئیبریل ـی شۆڕشگێریش لەلای خۆیەوە رایگەیاند کە بەشداریکردنی لەو خۆپیشاندانانە بۆ رووخاندنی دولەتی ئیخوانە،هەروەها محەمەد مورسیی بە خراپترین و لاوازترین سەرۆك لە مێژووی میسر

**زۆربەی میسرییەکان لەو باوەڕەدان کە شۆڕشەکەیان ڕفێنراوە،واتا دوای دوو ساڵ هیچ شتێکیان بەدی نەکرد کە ئەم شۆڕشەیان لە پێناویدا بەرپاکرد،بەڵکو زیاتر دووچاری نیگەرانی و بێئومێدی بوون لە جاران خراپتر ئاستی ژیانیان رووی لە دابەزین کردووە**





زیا رەشوان:

# میسر لە سایەی سەرکردایەتی محەمەد مورسی کەوتۆتە نێو تونێلێکی زۆر تاریکەوە ئومێدی ئەوە نییە بە ئاسانی لێی دەرچێت

وەسف کرد چونکە بۆ گەلەکەی کارناکات و بۆتە داردەستێك بۆ بەرژەوەندی و خزمەتی ئیخوان موسلمین کە بە گوتەی ئەو ئەجیندای دەرەکی جێبەجێ دەکات،بۆیە لە بەیاننامەیەکیدا کە ئاراستەی سەرۆکی کردووە دەڵێت:بزانە کە کۆتاییەکەت نزیك بۆتەوە،ئەو کاتە مێلیشیاو بەکرێگیراوانت بە کەڵکت نایەن کە بۆ سەرکوتکردنی میللەت بەکاریان دێنیت،بەڵام نووسەری رۆژنامەنووس مەکرەم محەمەد ئەحمەد زیاتر هۆشداری دەدات کە کەس بە هێزو دەسەڵاتی ئیخوان و حزبەکەی «ئازادی و دادپەروەری» لاف لێ نەدات،چونکە گۆڕانکارییەکی بەرچاو بەسەر کەسایەتیی میسرییەکاندا هاتووە دوای ٢٥ی یەنایەر،کە بەهیچ شێوەیەك قبوڵیان نییە بکەونەوە ژێر چەپۆکی ستەمکاران وەك سەردەمی پێشوو،بەڵکو پێداگری دەکەن لەسەر دابین کردنی گشت مافەکانیان لە نان و ئازادی و کەرامەتدا.

لەلای خۆشییەوە زیا رەشوان بەڕێوەبەری مەڵبەندی ئەهرام بۆ توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژییەکان پێی وایە،کە میسر لە دووەم ساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی یەنایەردا لە سایەی سەرکردایەتیی محەمەد مورسی کەوتۆتە نێو تونێلێکی زۆر تاریکەوە کە دیارە تا ئێستا ئومێدی ئەوە نییە بە ئاسانی لێی دەرچێت،بە دەیان شەهید و بریندار لە ناوچە جیاجیاکانی میسر دەبنە قوربانی،رۆژانە بە دەیان هەزار هاووڵاتی دەڕژێنە مەیدان و شەقامەکانی پارێزگاکان لە خۆپیشاندانی گەورەدا بۆ رەتکردنەوەی سیاسەتی حوکمی مورسی،چونکە ئەم وڵاتە بەرەبەرە پێ دەنێتە نێو ئاییندەیەکی زۆر ترسناك ئەویش داڕمانی دامودەزگاکان و نەمانی سەقامگیریی ئاسایش و نالەباریی ئابووری و ژیانێکی ئاسوودەیە،بۆیە بەردەوامبوونی توندوتیژی فراوانبووەو تا ئەو دەزگایانەی دەوڵەتی میسر هەر لەسەر ئەم میتۆدە بڕۆن دابەشبوون و لێکترازانی زۆر مەترسیدار یەکێتیی جوگرافی و رایەڵی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە لاواز دەکات.رەشوان پێی وایە کە سەرۆك تاکە بەرپرسە لە هەر پەرەسەندنێك یا زیانێکی زۆر کە یەخەی میسرییەکان بگرێت.



جا بۆ رووبەڕووبوونەوەی حاڵەتی کێشمەکێش و دابەشبوون لە میسردا،چەندین دەستپێشخەری بە دانوستان لە نێوان هێزە سیاسییەکان خراونەتەڕوو،گرنگترینیان هەردوو دەستپێشخەریی حزبی نور و ئەزهەری شەریفن،تەوەرێکی گرنگی دەست پێشخەرییەکەی حزبی نور زیاتر جەختی دەکردەوە لەسەر دانانی جێگرێکی گشتیی تازە بە پێی دەستووری تازەکە،هەروەها ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی حزبی نیشتمانی کە بە گەندەڵیی سیاسی یان ئابووری تۆمەتبار نەکراون، دکتۆر یونس مەخیەن سەرۆکی حزبی نور روونی کردەوە کە حزبەکەی لاری نییە لە پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتلافی نیشتمانی، پێشی وایە کە ئەدای حکومەت لاوازەو لە ئاستی قۆناغەکەدا نییە و هیچ دیدێکیشی بۆ ئایینده نییە.


بەڵام بەڵگەنامەی ئەزهەری شەریف کە لەسەر زمانی شێخە ئەحمەد تەیب راگەیاندرا لە کاتی سەرۆکایەتیی کردنی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ هێزە سیاسییەکان و بزووتنەوەکانی گەنجاندا لە لایەنگرانی سەرۆکی میسر محەمەد مورسی و نەیارانی، لە هەوڵێکدا بۆ نزیککردنەوەی بیروبۆچوونەکان، ئەویش بریتییە لە پیرۆزیی و بەرزیی خوێن و نامووس،هەروەها بەکارهێنانی هاوجۆرکردنی هزری و سیاسی بۆ پاراستنی ئاشتیی ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات پشت بەستن بە دانوستانی نیشتمانی وەك تاکە رێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

ئەم دەست پێشخەرییانە لە دۆڵێکدا مانەوەو رووداوەکانی سەر زەویش لە دۆڵێکی دیکە،بەڵکو رەخنەی توندیان ئاراستەکرا،دیارترینیان بەڵگەنامەیەك کە ژمارەیەکی زۆری رۆشنبیران و چالاکوانان ئیمزایان کردووە، کە تێیدا هاتووە: بە درێژایی دوو ساڵی رابردووی شۆڕش، گەلی میسر توانی هەموو گەلانی جیهان بە شۆڕشی مەزنی وڵاتەکەی سەرسام بکات،کە توانیان مل بە(موبارەك) کەچ بکات، بۆ خستنەڕووی راستییەکان پێویستە بڵێین کە جەماوەر بە هیچ شێوەیەك دەست پێشخەر نەبووە لە توندوتیژی بەڵکو ئەوەی روویداوە بەرچەکردارێك بووە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ،بەڵام ئەوەی ئەزهەر دەری بڕیوە بە هیچ شێوەیەك ئاماژە ناکات بۆ توندوتیژیی دەسەڵات دژی هاووڵاتیان،ئەو بەڵگەنامەیەش تێکەڵییەکی تێدایە لە نێوان خوێن ڕشتن و پەلاماردانی دامودەزگاکان.

ئەم پشێوی و بارودۆخە ناهەموارەی میسر لە بواری ئەمنی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە رەنگدانەوەی بۆ سەر بارودۆخی ئابووریی وڵات هەیە،لەم رووەوە یەکێتیی ژوورە بازرگانییەکانی میسر دووپاتی کردەوە کە گەشتوگوزارلە میسر لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەچێتت،تەنانەت رێژەی کارکردنی ئوتێلەکانی قاهیرەو ئەلئوقسرو ئەسوان تەنیا گەیشتۆتە٥٪،کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کە وڵاتێکی وەکو میسر کە زۆر پشت بە بزاڤ و چالاکیی گەشتوگوزار دەبەستێت بەهۆی ئەم توندوتیژی و گرژییەی ئێستا،خەریکە لە زۆر بوارەکانی ژیانی ئابووری وسیاسی و کۆمەڵایەتی دووچاری ئیفلیجی وشپرزەیی دەبێت.

**میسرهەفتەیەکی سەختی توندوتیژی و پێکدادانی بەخۆیەوە بینیوە کە تێیدا دەیان کوژراو و سەدان برینداری لێکەوتەوە، خۆپیشاندان و کاری توندوتیژی لە شەقام و مەیدانەکانی قاهیرە و زۆربەی پارێزگاکانی میسر درێژەی هەیە وەک نارەزاییەک بەرامبەر حوکمی ئیخوان**

# چەمکی خوێندنەوە لە دیدگای (لوی ئاڵتۆسێر)ەوە



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*
بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئاڵتۆسێری فەیلەسوفی فەرەنساوی لە چوارچێوەی پرۆژەی سەرلەنوێ خوێندنەوەی (مارکس)دا خۆی بینییەوە، کە بە هۆیەوە ناچار بوو جارێکی تر چاوێك بخشێنێتەوە بە هەمان چەمکی خوێندنەوەدا، ئەمەش گەیاندبوویە ئەو بڕوایەی دوو جۆر لە خوێندنەوە هەبن، پێویستە لە یەکترییان جودا بکاتەوە:

یەکەمیان ـ بە خوێندنەوەی بەرکر یان کارتێکراو و

دووەمیان ـ بە خوێندنەوەی کر یان کارتێکەر ناوی دەهێنان...

یەکەمینیان چەشنێکە لە چەشنەکانی خوێندنەوە کە لە بەرانبەر وەرگردا بە نەرێیی واتە بە نێگەتیڤانە دەشکێتەوەو دەبێتە ئەو ڕەفتارە ئەفسوونگەرە سادەیەی سەرلەبەری بابەتە نووسراوەکەی تێکست ڕەت دەکاتەوە لە پێناوی ئەوەی باڵ بکێشێت بەسەر ڕۆحی ناوەوەی تێکستداو ڕۆبچێتە ناو بنج و بنەوانییەوەو گوێبیستی دەنگەکەی بێت و ماناکەی وێنا بکاتەوە.

دەقاودەق ئەمەبوو باری سەرنجی ئەو خوێندنەوەیەی کە ئاڵتۆسێر پەلی بۆدەهاویشت وتێکستەکانی گەنجانی مارکسی پێ هەڵدەسەنگاندن، لەو جۆرەی یەکەمی خوێندنەوەدا لە بوونی عەینی ڕوون و شەفافدا ماهیەتێکی پەتی ئامادەی پێ دەخوێندنەوە، لەم خوێندنەوە ڕووکەش و ڕاستەوخۆیەدا ماهییەت بۆ وجود، یان جاری وایە مۆدێلێکی ئایینیانە بۆ ئەپستیمی ڕەهای هیگڵییەت لێوەی دەخەملێت، ئەمەش ڕێك ئەوەیە کە مێژوو ئامانج و مەبەستێتی..

ئەم خوێندنەوەیە لە بەراییدا پابەندە بە ئەبیستمۆلۆژیای ڕاستەوخۆو میتافیزیکی ئامادەگییەوە، لە کۆتاییدا دەبێتە شیتەڵکاری و تانووت لێدانی تێکستەکە، بەو ئیعتوبارەی کە ئامانجەکەی بریتییە لە گەیشتن بەوەی گوتراوە یان درککردن بەوەی پێشتر چەسپێنراوە، تا پەنجەنومای بۆ ڕابکێشرێت، کەواتە ئەمە خوێندنەوەیەکی داهێنەرانە نییە بەڵکو تەنیا شرۆڤەکارانەیەو لە هەوڵدایە بەرەو قووڵایی تێکستەکە شۆڕبێتەوەو ڕایەڵەکانی بدۆزێتەوە تا درك بەو حەقیقەتانەی بکات کە لێوەی پشکوتوون، یان درك بەو ئایدیایانە بکات کە نووسەری تێکست بە دەقەکەی سپاردوون، بێگومان لە پاش ئەوەی بە مێشکیدا هاتوون و بیری لێ کردونەتەوە.

لە بەرانبەر ئەم خوێندنەوە شرۆڤەکارییەدا، خوێندنەوەکەی دووەمینیان کە کارتێکەرەو ئەکتیڤەو بۆ خۆی بەرهەمهێنەرو وەرچەرخێنەرەو تێکستێکی نەنووسراو دەخولقێنێت کە لە ئاماژەپێدانێك زیاتر، بواری لەسەرنووسینی دیارو زانراوی تری لە دووتوێدا نییە، واتا هەوڵی دووبارە پێکهێنانەوەی هێماو مانا نیشانەیەکە لە نیشانەکانی، ئەمەش ئەو خوێندنەوەیەیە کە نیچەی فەیلەسوف ناوی لێ ناوە (دیارخەری نیشانەکان) چونکە تێکست دەپشکنێت و،لەسەر نیشانەکانی هەڵوەستە دەکات، بۆ ئەوەی گرێگوێرەی نەدۆزراوەکانی ئەو تێکستەی خوێندنەوەی بۆ دەکات بیانکاتەوەو دواتریش بیانگەڕێنێتەوە بۆ تێکستێکی دیکە؛ کە لە غیابی زەڕوڕەتی تێکستی یەکەمدا ئامادەیی هەبووە، ئەمە ئەو خوێندنەوە دژلێکەیە کە ئاڵتۆسێر پێی وایە لە تێکستە پێگەیشتووەکانی مارکسدا دەیبینێتەوە، تێکستێکە واقیع بەو چەشنە ناخوێنێتەوە وەك ئەوەی کتێبێك بێت و لاپەڕەکانی کرابێتنەوە و بە دەستوبردانەوە ماناکانی خۆی بە خوێنەر بەخشی بێت، بەڵکو وەك واقیعێکی لە گرێژنە دەرچوو یان وەك کەمهێنانێکی میتۆدیی دەیخوێنێتەوە، مرۆڤ بە پێی دەربڕینخوازەیی خودی مارکس لە هەوڵێکدا نییە بۆ درکاندنی یان وتنەوەی هەرزەگۆیانەی هیرۆگلۆفیی، یان بۆ بەسەردازاڵبوونی ئەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتیانەی کە تێیدا بەشدارو هاوبەشە، تەنیا لە قۆناغبەندێتی زەمانییدا ڕەنگە ئەمە بکات.

کەواتە ئەم دووەمین جۆری خوێندنەوەیە کە وەك لە سەرەتاوە وتمان کرە یان کارتێکەرە، خوێندنەوەیەکی گومانکارەو ڕاستەوخۆ ئاخاوتن تۆمەتبار دەکات و بەدیهیات ڕەت دەکاتەوە، خوێندنەوەیەکە لە هەوڵدایە لە سپییایەتی دەستنووسی تێکستێکدا ڕەشایەتییەك بدۆزێتەوە، کە شاردراوەو سەرنگونی پشت پەردەیە، بەو شێوەیە لە هەوڵدایە پرۆسەی کردارەکی نووسین بەرهەم بهێنێتەوە، ئەو پرۆسەیەش بریتی نییە لە پرۆسەی دەرخستن و ئەنگوتن و بە موڵکایەتی کردنی تاقانەیی ماناو حەقیقەتی ڕەها، بەڵکو وەك نیچەی فەیلەسوفیش دەڵێت پرۆسەیەکە بۆ دروست کردنی خوازە، کەواتە ئەم خوێندنەوەیە جۆرێکە لە ئەبیستیمی ناڕاستەوخۆ کە لەگەڵ بیرتیژییە بەراییەکان وێك نایەتەوە، بەلایەوە بیرتیژی(حدس) یەکەمین پێدراوێك نییەو ئەبیستیمی بەراییش هەر بوونی نییەو ئەبیستیمێکیش بریتییە لە خوولانەوەو پێچ و پەنالێگرتن، بە موڵکایەتی بوونی ماناکانی کۆتایی ڕێگاو شاردنەوەی خەسڵەتەکانیشی هەموو حەقیقەتەکان نیین.

دەتوانین بڵێین خوێندنەوەی تێگەیشتوو لەم ڕووەوە کارناکات، تەنیا بە جەخت کردنەوەی نەبێت لەسەر کەڵەکە بوونی ئەو تەوژمە فکرییە بنەڕەتییە هاوچەرخانە نەبێت، لەم ڕووەوەو کلود لیفی شتراوس وای دەبینێت کە ئەم ڕێبازگەیانە لە مەسەلەی پەردەپۆشکردنی ئەو جەخت بوونەوانەیاندا پێکەوەڕا هاوبەشن و دوو لکی ڕەگدارێکن، وەك بڵێی مارکسیەت و شیتاڵکردنی دەروونیش هاوشێوەی زانستی جیۆلۆژین، هەردووکیان پێیان وایە کە واقیعی ڕاستەقینە ئەو واقیعە نییە کە لەبەرچاومان پشکوتووە یان تەجەللابووە، بەڵکو سروشتی حەقیقەت لە

مکوورِبوونیدایە لەســەر تەجەللا کردنەوەی پەردەپۆش کراوەکان و شــاردراوەکان، هایدگەر بە هەمان ئەم بۆچوونەوە حەقیقەت دەست نیشان دەکاتەوە کە ئەم پێی باشترە بە ناپەردەپۆشکراو یان ناشاردراوە ناوی لێ بنرێت..

نابێت وا تێبگەین کە پەردەپۆش کردن بریتییە لە شاردنەوەی نهێنییــەکان و چوونە ناو پەســارگەی غەیبانیەتــەوە، بەڵکو پەردەپۆش کردن بریتییە لە خەســڵەتێکی ئەنتۆلۆژی کە وا لە شــاردنەوە دەکات لە ناوجەرگەی حەقیقەتدا برِسکێت، کردەی خۆشاردنەوەش لە ناواخنی دەرکەوتندا بێت..

بۆ ئەوەی لە هەمان ئەو سیاقەی کە قسەی لەسەر دەکەین دەرنەچین، لە دەستەواژەیەکی بەرینتردا با بڵێین ئەمە خەسڵەتی ئەو لەدەســت دەرچوونەیە کــە وا لە زەوینــەی واقیع دەکات خۆیمان بۆ بەیان نەکات، تەنیا بەو ئاســتە نەبێت کە لە گرێژنە دەردەچێت و هەڵدێت، یان با بڵێین جیاکارییەکی مارکســیانەیە لــە نێوان واقیعی راســتەقینەو ئەوچۆنیەتیــەی واقیعی پێ دەژێنرێت؛ یان جیاکارییە لە نێوان واقیعی راستەقینەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا، جەخت کردنەوەشە لەوەی واقیعی راستەقینە پێویستە سەرلەنوێ خۆی بەرهەم بهێنێتەوەو بە رەنگاو رەنگی موعایەشە بکرێتەوە، ئەم خواســتنە وا لە خوێندنەوە دەکات لە نووســین جودا نەبێتــەوە، خوێندنەوەش بــەو مانایەوە وا خۆی پێشکەش دەکات کە خوێندراوەیەکی هیرمۆنیتیکاییە، وەك ئەوەی هیچ بوونێك بۆ پلەی ســفری نووســین نەمابێتەوە، تێکستیش چاوەروانی ئەو چاوە ناکات کە شتێك دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بەو شێوەیە لێی بروانێت کە خۆی دەیبینێت بەڵکو تێکست خۆیەتی کــە خۆی دەبینێت، کەواتە ئێمە لەبــەردەم خوێنراوەیەکداین کە زاتی خۆی دەخوێنێتەوە، خوێندراوەیەك خۆی خوێنەرەو؛ بابەتێك خۆی زاتە، بینراوێك بــە تەنگ ئەوەوەیە کەخۆی دیتراوە، کە وا لە خوێندنەوەی دیاریکردن دەکات نیشــانەکان شیبکەنەوە، لە دژی هەر خوێندنەوەیەکیشــە کە وا لە گوتاری نووسراو بکات شەفافێکی راســتەوخۆی حەقیقەتی لێ دەربچێت، یان کە وا لــە واقیع بــکات ببێتە دەنگی گوتارو دواتــر لە دژی خۆی بوەســتێتەوە تا نەدۆزراوەکانی تێکســت ئەوانەیان کە لە دەقی یەکەمدان بدۆزێتەوە..

ئەم کارە پێوەندی نییە بە زاتێکی وردو قووڵبینەوە تا سەختێتی رامانــکاری بیبەزێنێت بەڵکو پێوەندی بە تێکســتێکەوەیە کە سەربەخۆ پروچر دەبێتەوە، تێکســتێك خودی خۆییمان تەسلیم نــاکات، بەڵکە شــتانێکمان لــێ پەردەپــۆش دەکات ولێمان دەشــارێتەوە، بە وردی تێکســت لە دووتوێی خۆیدا جۆرێك لە رەخاوەت هەڵدەگرێت، ئەوەش لە پشتەوەی بەهێزترین حەقیقەتە بەدیهییەکانەوەیــە، یان لەو بێ ورتەیــی وبێدەنگیەدایە کە لە گوتاردایە یان لەو کورتبینیەی کە چەمکەکانی پێویســتییان پێیەتــی یان لــەو لاپەرە ســپییانەدایە کە هەڵدەپژێتە ســەر ئاماژە رەشــێتییە درشتەکان، پوختەی مەبەست لە هەرشتێکی گوزارشتکاردایە بە خاڵیبوونەکەی وێرای پربوونیشی.

ئەوەی لێرەدا لە هەر خوێندنەوەیەکی رەهاگەرییانە یان لە هەر چاوێکی رامانکارانە بەدوورمان بخاتەوە، وەك ئەوەیە تێکستەکە خۆی ببینێت((روانین لێــرەدا روانینی زاتێکی تاقانە نییە کە توانــای بینینی هەبێت و لە ئاگاییدا یــان لە پەرت بوونی یادگەییدا بەجێ بمێنێت بەڵکــو روانین لە هەلومەرجەکانی بونیادگەرییانــەی تێکســتەکەوە دەردەچێت، ئــەوە پێوەندی بەرپەرچدانەوەی موحایەسەیە بۆ پانتایی پرۆبلێماتەکانی تیۆر ئەو پرۆبلیێماتانەی بە بابەتەکان و گرفتەکانیەوە گرێی دەداتەوە. روانین لەوەدا گیرخواردوو نامێنێتەوە کە بە چاوی ئاوەزگەیی ببینرێــت، چــاوی کارا ئەوە دەبینێت کە لــە ناوەرۆکی ئەو ئەستێڵکەی برۆبلێماتی تیۆر دیاری دەکات چی دەگوزەرێت، ئەســتێڵکەکە خۆی لە بابەتەکان و مەســەلەکانی لەگەڵیدا دەژیێ زاتی خۆی دەبینێتەوە..

چەمکی برۆبلێمات لێرەدا چەمکــی بنەرەتخوازە. کە بە واتای پەتییانەی فۆرمسازی نایەتەوە، هەروەها وەرناچەرخێت بۆ کۆمەڵە گرفت و برۆبلێماتێك بەڵکو وەردەچەرخێتە ســەر هەلومەرجەکانی بونیادگەرییانەی تێکســت وەك ئاڵتۆسێر ناو زەدی کردووە، هاوشــێوەی ئەوە چەمك و واتای بونیاد لێرەدا ناکرێت تەنیــا و تەنیا بمانگەرێنێتەوە بــۆ هەندی مۆدێلی بــە وێناکراو، برۆبلێماتەکــە پێوەندیدار نییــە بەوێنابوونەوە، بەڵکــو پێوەندیدارە بە بارودۆخی بەرهەمهێنانەوەی تیۆرییەوە، هەرچۆنێك چەشــنەکانی بەرهەمهێنانی مــاددی گرێبەند دەبێتەوە بە کەرەســەکانی بەرهەمهێنانەوە لە نێوان هێزی کارو پێوەندییەکانــی بەرهەمهێنان، بە واتای ئــەو پێوەندییانەی لە نێوان کارگەرانی کۆمەڵایەتی لە ســاتەوەختی پرۆســەی بەرهەمهێنان دروســت دەبێت، برۆبلێمەکە بریتییە لە چەشنێك لە چەشــنەکانی بەرهەمهێنانــەوەی تیۆرییانە کە ئەدەواتی بەرهەمهێنانی تیۆری دەگرێتــەوەو بریتییە لە چەمکەکان و تیۆرەکان و برۆبلێماتەکان، لە لایەکی تریشەوە ئەو پێوەندییانەی پێکەوەیان لێك دەبەستێتەوە.

کەواتە ئەستێڵکی روانینێك کە دەقی پێ دەبینرێتەوە دیاری دەکرێــت، نەك بە نیەتەکانی خوێنەرو هێزی درککردن و نیەت ســافی بەڵکو بەهەند وەرگرتنی برۆبلێماتەکە دیاری دەکرێت کــە دەکاتە دۆخــی بەرهەمهانینەوەی تیۆریــی کە ئەویش گرێبەندە بە مێژووی چەمکەکان و مێژووی زانستەکانەوە بە سروشتی حاڵیش گرێبەند دەبێتەوە بە چەشنی بەرهەمهێنانی دیالەکتیکییەوە..

ئەم هاتنە ئاراوەیەی چەمکە ئابوورییەکان لە ئەســتێڵکی ئەبیســتیمیدا پاڵی نا بە بیرمەندێکی مارکســییانەی وەك ئاڵتۆســێرەوە تا لەســەر پیادەکردنی تیۆریی بدوێت، یان بەو شــێوەیە تەماشای کرداری خوێندنەوە بکات و وەك کردارێکی بەرهەمهاتــوو لێــی بروانێت بــەو واتایــەی ئابووریزانەکان پێناســەی بۆ دەکەنەوە، بە واتای کردارێکی وەرچەرخاو، کە هەموو بەرهەمهێنان بە ســەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوە دەزانێت، هەر خوێندنەوەو هێرمینیۆتیکایەکیش هەمیشە بە خوێندنەوەو ســەرلەنوێ تێرامانکاری دەناسێنێتەوە، جیهانی مرۆڤەکانیش بە جیهانی خوازەو مانا سەرەکییەکان لێکدەداتەوەو بەڵام مانای یەکەمینیــان بە پێی گوزارشــتی رۆلان بــارت جیهانبینی ئەفسانەیەکی زانستییانەیە.

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ربات**

**مارکسیەت و شیتاڵکردنی دەروونی هاوچوون و هاوشێوەی زانستی جیۆلۆژیین، هەردووکیان پێیان وایە کە واقیعی راستەقینە ئەو واقیعە نییە کە لەبەرچاومان پشکوتووە یان تەجەللابووە، بەڵکو سروشتی حەقیقەت لە سووربوونیدایە، لە تەجەللا کردنەوەی پەردەپۆش کراو و شاردراوەکاندایە**

**تێکست لە دوتوێی خۆیدا جۆرێک لە رەخاوەت هەڵدەگرێت، ئەمەش لە پشتەوەی بەهێزترین حەقیقەتە بەدیهییەکانەوەیە، یان لەو بێ ورتەیی و بێدەنگیەدایە کە لەناواخنی گوتاردایە، یان لەو کورتبینیەدایە کە چەمکەکان پێویستییان پێیەتی، یان لەو لاپەرە سپییانەدایە کە هەڵدەپژێتە سەر ئاماژە رەشێتییە درشتەکان**

نەبیل یاسین

سەرۆکی لیژنەی نێودەوڵەتیی پشتیوانیکردنی دیموکراتیەت لە عیراق بۆ گوڵان:

# کێشەی ئێمە لە عیراقدا زاڵبوونی سیاسەتە بەسەر یاساکاندا، لەگەڵ بوونی ململانێ لە نێوان رۆشنبیریی دەستووری و عەقڵی سیاسیی زۆربەی سیاسەتمەداران

نەبیل یاسین، رۆژنامەنووس ونووسەرو شاعیرو چالاکوان لەبواری مافی مەدەنی و سەرۆکی لیژنـــەی نێودەوڵەتیـــی پشـــتیوانیکردنی دیموکراتیەت لە عیراق بە یاوەریی شاندێکی لیژنەکە بە مەبەستی هەماهەنگی کردن لەگەڵ رێکخراوەکانـــی دیموکراتییەت و کۆمەڵگـــەی مەدەنیدا ســـەردانی کوردستانیان کرد، گۆڤاری گوڵان لە دیدارێکدا چەندین پرســـیاری سەبارەت بە رەوشی دیموکراتییەت لە هەرێم و عیـــراق و ئاییندەی پرۆسەی سیاســـیی لە عیراق ئاراستەی نەبیل یاسین کرد.



*** هۆکارو ئامانجەکانی دامەزراندنی لیژنەی نێودەوڵەتیی پشتیوانیکردنی دیموکراتیەت لە عیراق چین؟**

- ئەم لیژنەیەمان وەك دەستپێشخەرییەکی مەدەنی بۆ فشارخستن بە ئاراستەی پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی دەستووری عیراقی دامەزراند،چونکە بڕوامان وایە کە دەستووری عیراقی دەستوورێکی دیموکراتی و لیبرالییە،هەموو مافەکانی هاووڵاتیان و کۆمەڵەو ئایین و نەتەوەکانی تێدا بەرجەستەبووە،بە تایبەتی لە بەشی دووەمدا(بەشی ئازادییەکان)ی مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی،بەڵام بوونی ئەو مافانە لە دەستووردا بەتەنیا بەس نییە بەڵکو پێویستی بە پێداویستییەکانی فشارو پاراستنی ئەم مافانە هەیە،بۆ نموونە جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ،لەلایەن هەموو وڵاتانی عەرەبییەوە ئیمزای لەسەرکرا لەوانەش عیراق، بەڵام هیچ کامێك لەوانە بەقەد عیراقی سەردەمی رژێمی پێشووی بەعس ئەو مافانەی پێشێل نەکرد،بۆیە گرنك دۆزینەوەی ئامرازەکانی داکۆکی کردنە لەو مافانە و پێکهێنانی گرووپی مەدەنییە، چونکە لە دیموکراتییەتدا کۆمەڵگەی مەدەنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی هەیە،کە ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ،لە پاڵ بوونی رای گشتی و میدیای بینراوو خوێنراوو بیستراو،ئێمە لەو لیژنەیەدا هەوڵ دەدەین ببینە بەشێك لە هۆیەکانی دەستەبەرکردنی مافی عیراقییەکان،بۆیە ئەو دەستوورەی عیراق کە دەنگی بۆدراوە شەرعییەت بە هەر حکومەتێکی هەڵبژێردراو دەدات بە بێ ئەوەی سەیری ئاراستەی فیکری ئەو لایەنە بکات کە سەردەکەوێت، ئەویش چ زۆرینەی ئایینی بێت یان زۆرینەی نەتەوەیی یان سیاسی، هەرچەندە دەبێت سیاسەت لە ئایین دووربخرێتەوە،بەڵام پێویستە رێز لە دەستوور بگیرێت نابێ بێبین بە ئارەزوو و بە پێی بەرژەوەندیی خۆمان ماددەیەکی لێ هەڵبژێرین و یەکێکی دیکە بەلاوە بنێین، بۆیە دیموکراتییەت حوکمی تاکەکان نییە، بەڵکو حوکمی یاساکانە،ئەم چەمکانە زۆر گرنگن،بۆیە دەبێت تێیان بگەین و پیادەیان بکەین و بە کاریان بێنین وەکو فشار لەسەر هەر حکومەتێك کە مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکات،یان قەیران دروست بکات،یان قەیرانی دژ بەکاربێت، چونکە مەرج نییە هەموو جارێك حکومەت قەیران دروست بکات،جاری وا هەیە حزبەکان گرفت دروست دەکەن و ستەم بەرامبەری دەکەن ئەگەر حکومەتێکی چالاك و ئیشکەربێت، بەرژەوەندیی میللەتەکەی دەوێت، بۆیە دەبینین هەندێ حزبی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیان ناوێت،وەکو پاشماوەکانی حزبی بەعس ئەم کارە ئەنجام دەدەن، ئێمە لەرێی ئەم لیژنەیەوە پەیوەندیی بە لایەنی پسپۆر و شارەزاو پەیوەندیداری جیهانییەوە دەکەین.

*** ئەی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، مەبەست لەم سەردانەتان چی بوو؟**

مایەی خۆشحاڵییە لە لایەن سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە بانگهێشت کراین بۆ دیدار لەگەڵ سەرۆکایەتی و لیژنەی یاسایی وپەرلەمانتاران و توانیمان چاومان بە ژمارەیەك بەرپرسانی پەرلەمانی کوردستان بکەوێت،باسمان لە چەمکەکانی دەستووری عیراقی و پابەندبوون بە ماددەکانی و هۆیەکانی پاراستنی مافەکانی مەدەنی و سیاسی و رۆشنبیریی تاك و کۆمەڵ کرد،خۆشحاڵ بووین کە بەپیرەوە هاتنێك بەدی دەکرا لە بواری هاوکاری کردنی بەرپرسان لە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ لیژنەکە،دووپاتی دەکەمەوە کە کێشەی ئێمە لە عیراقدا زاڵبوونی سیاسەتە بەسەر یاساکاندا، لەگەڵ بوونی ململانێ لە نێوان رۆشنبیریی دەستووری و عەقڵی سیاسیی زۆربەی سیاسەتمەداران،چونکە بەداخەوە بیرو هزری تۆتالیتاری زیاتر باوبووە لە عیراق و زۆر لە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش ئەم رێچکەیان هەڵگرتۆتەوە، بۆیە هەنگاونان بەرەو دیموکراتییەت باشترین چارەسەرە بۆ رزگاربوون لەم کلتوورە،لێرەدا ئاماژە بە خاڵێکی گرنك دەدەم ئەویش ئەوەیە کە لە قۆناغی دە ساڵەی رابردوودا دەکرا ئەو کێشانەی روویاندا چارەسەربکرانایە، یەکەم شت بە رێگەی پەیوەندییە گشتییەکان کە لە نێوان لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکاندا هەبوو لە سەردەمی رژێمی بەعس،هەروەها ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشانەی کە لە دروشمەکانیاندا بەرجەستەبوون،لە سەرووی هەموویان بگرە گرنگترینیان (رووخاندنی دیکتاتۆریەت و دامەزراندنی سیستمی دیموکراتی) بوو لە عیراقدا،کەواتە ئەمە ئامانجی هاوبەش و یەکەمی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بووە لە کورد و عەرەب و سەرجەم لایەنەکان، ئێستا پێویستە لە سەریان، ئەو دروشمانەی بەرزیان کردبۆوە، جێبەجێی بکەن،هەروەها ئەوەی لە دەستوردا هاتووە لە رێکەوتننامەکان و سازشەکان پیادە بکرێت،چونکە دەستور تاکە رێکخەرو نزیککەرەوەی نێوان لایەنەکانە کە هەموو مافەکان دابین دەکات،تاکو رێگر بێت لەبەردەم بەکارهێنانی هێز لە کاتی بوونی دەسەڵات دژی لایەنەکانی دیکە لە چارەسەرکردنی ململانێیەکان هەروەکو لە سەردەمی پێشوودا روویدەدا،ئەو رژێمەی ئێستا لە حوکمە لە عیراقدا بە خوێن و خەباتی سەرجەم لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان هاتۆتە دی راستە شەڕ بەشدارییەکی بەرچاوی لە رووخاندنی رژێمی پێشوودا، هەبوو، بەڵام ئەو رژێمە خۆی ئەم شەڕەی هەڵبژارد،ئەو هەلەی بۆ عیراقییەکان هەڵکەوت لە میانی دە ساڵی رابردوودا دەتوانرا سوودی لێوەربگیرایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و چەسپاندنی پرەنسیبەکانی دیموکراتیەت،چونکە ئەم هەلە دووبارە نابێتەوە،بۆیە ئێستاش دەکرێت ئەم دەرفەتە بقۆزینەوە بۆ زیاتر هاوکاریی نێوان نەتەوە و ئایین و لایەنە سیاسییەکان و هەرێم و ناوەند، ئێمە سیستەمی فیدرالیمان هەیە کە سیمایەکی دیموکراتییەتە، ئێمە لە هیندستان گەورەتر نین لە رووی دانیشتوان و رووبەری زەوی و ئابوورییەوە، تەنانەت لە فرەنەتەوەیی و ئیتنی و ئایینیشدا، بەڵام ئەو توانی لە ساڵانی چلەکانەوە هەتا ئێستا دیموکراتییەت بچەسپێنێت و تا ئێستاش هەنگاوی باش دەهاوێژێت،عیراق دەتوانێت سوود لە ئەزموونی وڵاتان

**بیرو هزری تۆتالیتاری زیاتر باوبووە لە عیراق و زۆر لە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش ئەم رێچکەیان هەڵگرتۆتەوە**

**پێویستە رێز لە دەستوور بگیرێت نابێ بێبین بە ئارەزوو و بە پێی بەرژەوەندیی خۆمان ماددەیەکی لێ هەڵبژێرین و یەکێکی دیکە بەلاوە بنێین**

**لە دیموکراتییەتدا کۆمەڵگەی مەدەنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی هەیە،کە ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ**

**کورد شەریکی بنەڕەتین لە پرۆسەی سیاسیی عیراق و لە جیۆپۆلەتیکی ئەو وڵاتەو لە هەموو گۆڕانکارییە ئیجابییەکاندا**

**ئێمە پێویستمان بە یاسای نوێیە کە کۆیلەیی ڕۆژنامەنووس بۆ تاکە حزب و تاکە سەرکردە بەیەکجاری بسڕێتەوە**

**دەستمان کردووە بە پەیوەندی کردن بە لایەنە پەیوەندیدارو کەسایەتییە ڕۆشنبیرو یاساناسەکان بۆ کردنەوەی لقی لیژنەکەمان لە بەغدا و هەرێمی کوردستان**

وەربگرێت لەوانە ئەزموونی باشووری ئەفریقیا و یۆگسلافیا لە بواری ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و ئەزموونی ئیسپانیا دوای سەردەمی فرانکۆ، هەروەها ئەزموونی پورتوگال دوای سەردەمی سالازار.

*** ڕۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چەسپاندنی پرەنسیبەکانی دیموکراتییەت و ئازادییەکان لە عیراقی تازەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- ڕۆڵی جەنابی سەرۆکی هەرێم ڕوون و ئاشکرایە کە هەر لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە، هەوڵە جددیەکانی خستەگەڕ بۆ هێنانەکایەی دیموکراسییەت و بەیەکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەو تەبایی لە نێوان سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکاندا،بێگومان بەرپرسیارییەکی گەورە کەوتۆتە سەرشانی هەرێمی کوردستان، چونکە هەرێم فیدرالییە و وەکو هاوپەیمان لە ڕووخانی ڕژێمی پێشوودا بەشداری کردووە، هەروەها لە نووسینەوەی دەستوور و دامەزراندنی عیراقی تازەدا،بەڵام دەبینین کە کورد سەربەخۆیی ڕانەگەیاندووە، هەرچەندە مافی خۆیانە بڕیار لە چارەنووس و سەربەخۆیی بدەن بە پێی هەموو یاساو دەستوورەکانی نێودەوڵەتی،بۆیە پێویستە لەسەر عیراق ڕێز لە ئیرادەی کورد بگرێت وەکو هاوبەش لە حوکم و بیناکردنی عیراقی تازەدا و لە بەر بەرژەوەندیی باڵای وڵات،بۆیە بوونی سەقامگیریی لە ڕەوشی کوردستان ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو ناوچەکانی دیکەی عیراقدا دەبێت، هەر بۆیە دەکرێت بەغداو شارەکانی دیکەش سوود لە ئەزموونی سەرکەوتووی دیموکراتییەت و خۆبەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان ببینێت،لەم سەردانەماندا بۆ کوردستان و دیدارمان لەگەڵ هەندێ کەسایەتیی سیاسی و ڕۆشنبیری هەوڵ و کۆششەکانی هەرێمی کوردستانمان بۆ دەرکەوت لە بواری چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتییەت لە هەرێم و عێراقدا، ئێمە پڕۆپاگەندە بۆ ئەم هەرێمە ناکەین و لە ئەزموونەکەش کەم ناکەینەوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێین کە پێشکەوتنێکی بەرچاوی لە هەموو ڕوویەکەوە بەخۆوە بینیوە، کورد شەریکی بنەڕەتین لە پرۆسەی سیاسیی عیراق و لە جیۆپۆلەتیکی ئەو وڵاتەو لە هەموو گۆڕانکارییە ئیجابییەکاندا، بۆیە بوونی قەیران لە نێوان هەرێم و بەغدا قبووڵ نییە، چونکە زیانەکە تەنیا لەسەر هەرێم ناکەوێتەوە بە تەنیا، بەڵکو بۆ سەر هەموو عیراقە، کوردو سەرجەم عیراقییەکان قوربانی دەستی پتر لە هەشتا ساڵی حوکمی ڕژێمە تۆتالیتاری و دکتاتۆرییەکان بوون.

دەستووری عیراق لە ماددەی (٣٧) دا مافی تەواو بۆ ڕۆژنامەنووسان دابین دەکات،بەڵام ئەو مافە بەس نییە بە بێ بوونی بەرگری و پاراستنی ئەم مافانە،چونکە کلتوری تاکڕەوی و خنکاندنی ئازادیی نووسین تا ئێستاش لە نێو یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووساندا هەرباوەو نەگۆڕاوە،ئەوەی هەیە بۆ ساڵی ١٩٦٨ دەگەڕێتەوە ئەم یاسایە باس لە خزمەتکردنی حزب و نووسین و داکۆکی کردن لە حزب و شۆڕش بەرژەوەندیەکانی دەکات،هەروەها یاسای یەکێتیی نووسەرو ئەدیبانیش کە هی ساڵی حەفتایە بەدەق ئاماژە بە نووسین دەکات بۆ بەرژەوەندی تاکە حزب و تاکە سەرکردە،ئێمە پێویستمان بە یاسای نوێیە و کۆیلەیی ڕۆژنامەنووس بۆ تاکە حزب و تاکە سەرکردە بەیەکجاری بسڕێتەوە،من کە ئازاد نەبم لە نووسین و دەربڕیندا ئەگەر پەنجا یاساشم بۆ دەربکەن ناتوانم ئەوەی مەبەستمە بیخەمە ڕوو، ئێستا لە بەغدا ئەگەر یەکێك وتارێك بنووسێت بە دڵی بەرپرسێك نەبێت ڕەنگە ئەو بەرپرسە سیاسییە یان ئایینیە پێی تووڕەبێت،هەرچەندە ئەوەی دەینووسێت جنێوو سووکایەتی تێدانییە بۆ تاکەکان و بۆ نەتەوەو ئایینەکان،چونکە ئەوە لە ڕووی مۆڕال و دەستوورەوە قەدەغەیە تەنانەت لە ئەوروپای دیموکرات و پێشکەوتووشدا کەس ناتوانێت سووکایەتی بە ئایین یان نەتەوە یان بەرپرسێك بکات.

*** ئایا بیرتان لەوە نەکردۆتەوە بازنەی چالاکییەکانتان فراوانتر بکەن و لقی دیکەی لیژنەکەش لە هەرێم و عیراقدا بکەنەوە؟**

- دەستمان کردووە بە پەیوەندی کردن بە لایەنە پەیوەندیدارو کەسایەتییە ڕۆشنبیرو یاساناسەکان بۆ کردنەوەی لقی لیژنەکەمان لە بەغدا و هەرێمی کوردستان،ئێمە تەنیا سێ مانگە ئەو لیژنەیەمان دامەزراندووە، دوو کۆنگرەشمان لە پێشە، یەکەمیان لە سەرەتای مانگی ئادار بە هاوکاریی زانکۆیەکی بەریتانی کە لە لەندەن دەبەسترێت ژمارەیەکی زۆری ئەکادیمی و پسپۆڕانی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان بەشداری تێدا دەکەن سەبارەت بە( چۆنییەتی کارکردنی دەستوور لەو وڵاتانەی کە بەرەو دیموکراتییەت هەنگاویان هەڵێناوە عێراقیش وەك نموونە) واتا بۆچی دەستووری عیراقی کار ناکات لە ڕووی دابین کردنی ئازادیی ڕادەربڕین و مافەکانی مرۆڤ،کۆنگرەی دووەم لە ئەیلوولی داهاتوودا دەبەسترێت پێشنیاریش کراوە هەرێمی کوردستان میوانداریمان بکات کە ژمارەیەك کەسایەتی ناوداری نێودەوڵەتی ئامادەی دەبن، سەبارەت بە ئەندامەکانی لیژنەکەمان تا ئێستاهەموویان خەڵکی عیراقن، بەڵام ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری نێودەوڵەتیشمان هەیە،ژمارەمان ١٧ کەسە ئومێد دەکەین بیگەیەنینە ٣٠ کەس لە پسپۆڕانی یاساو مافەکانی مرۆڤ،بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیمان بە کەسایەتییەکانەوە کردووە چ لە هەرێمی کوردستان یان لە عیراق.سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای عیراق پێموایە کە ئەم وڵاتە دەرفەتی زۆری لەبەردەمدایە بۆ سەرهەڵدانی قەیران لەدوای قەیران،تەنانەت هەندێك هەن- بەداخەوە- لە دروستکردنی کێشەو قەیراندا وەستان، حەزیشیان زۆر لەم ململانێ و کێشمەکێشەیە،ئەوانە دەتوانن چەندین بەرگی بەبەردا بکەن چ بەرگی تایفی یان نەتەوەیی یان ئایینی، بەڵام من پێم وایە ئەم کێشانە هەموویان بە هۆی ئەوەیە کە پرەنسیپەکانی دیموکراتییەت هێشتا لە عێراقی تازەدا نەچەسپاون.بە تایبەتیش جێبەجێ نەکردنی دەستوور بەتەواوی، نەك هەڵبژاردنی بە پێی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان.

# وەهمی پەردەی کچێنی



ڤینۆس فایەق
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

ماوەی رابردوو بابەتێکم خوێندەوە زۆری ڕاچڵەکاندم، هێشتا لەژێر کاریگەری وشەکاندا بووم، لە چەند کەسێکم پرسی داخوا ئەوە ڕاستە؟ داخوا خەڵک ماوە هێشتا بەو جۆرە بیردەکاتەوە؟ ژنێکی بەتەمەن وتی: ئەی بۆ نا؟ خەڵک هەن زۆر لەوە خراپتر بیردەکەنەوە. ئەی ئەگەر وانەبێت ئەو هەموو ژنە ڕۆژانە بۆ دەکوژرێن یان ناپرسی ئەو هەموو ژنە لە داخی چی خۆیان ئەکوژن یان دەسووتێنن؟

سەردەمی شەڕی عێراق و ئێران بوو ژنێکم دەناسی مێردەکەی لە بەرەکانی جەنگ بوو، چەند مانگ جارێک ئەگەر بۆی بکرایە سەردان بکاتەوەو ئەم ژنە ببینێت، ژنەکەی دابووە دەست ماڵی باوکی، رۆژێک ژنەکە بە گریان هات بۆ ماڵمان، بینیم هەموو لەشی شین بۆتەوە، وتم کێ وای لێکردوویت خۆ مێردەکەت لێرە نییە؟ گوتی ئەوە شوبراکەم وایلێ کردووم، کە چووم قسەم لەگەڵ شووبراکەی کرد، وتی پێم وتوە چام بۆ لێنێت، وتوویەتی دەستم گیراوە، منداڵەکەم لە حەمام ئەشۆم، چووبوو هەر لەناو حەمامەکە لێیدابوو و لەشی شین کردبۆوە، وتم بەس تۆ بۆت نییە نەک لێی بدەی، بۆت نییە داوای لێبکەیت چایت بۆ ئامادەبکات، وتی: ئەی مەگەر (ژنمان نییە؟) براکەم بە ئەمانەت لای من بەجێی هێشتووە، من بۆم هەیە لێشی بدەم و بۆم هەیە سەریشی ببڕم..

دەگەڕێمەوە سەر بابەتەکەی کە خوێندمەوەو رایچڵەکاندم: گوایا بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی چاودێر تەنها ساڵی ٢٠١٢ دا پشکنینی پەردەی کچێنی بۆ ٣٢٠ کچ ئەنجامدراوە. لەم سەدەی بیست ویەکەدا و لەم سەردەمی عەولەمە و کرانەوە و گۆڕانی تێرم و پێناسەکان بۆ ئازادی و مافەکانی مرۆڤ هێشتا کچ هەن پشکنین بۆ پەردەی کچێنیان دەکرێت. زۆر سەیرە لە هەموو دنیاو لەهەموو زەمانەکانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا ناوی (کچ و ژن) بە تەمەنەوە بەستراوەتەوە، لە کاتێکدا لای ئێمە بە تەوقیتی شووکردن و یەکەمجار سێکس کردنەوە بەستراوەتەوە، بەواتایەکی تر ئەگەر ئافرەتێک تەمەنی بگاتە پەنجا و شەست و بەرەوژوورتریش ئەگەر شووی نەکردبێت، نابێت سێکسی کردبێت، نابێت (پەردەی کچێنی) لەدەستدابێت، کەواتە هێشتا کچە و بە ژن ناونابرێت.

بەشبەحاڵی خۆم نەمدەزانی پەردەی کچێنی وەهمێکەو لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی خۆرهەڵاتی وەکوو کوردستاندا هەتا ئێستا عەقڵەکانی پێ فریودراوە و خەڵکی پێهەڵخەڵەتاوە، بەمەبەستی ئەوەی جێگایەکی ئەمین هەبێت تێرمی شەرەفی تیا هەڵگیرێت، ئەویش نێو لینگی کچە. ئاخر لە کۆمەڵگای ئێمەدا پیاوێک دزیش بکات و پیاویش بکوژێت و جاشیش بووبێت و سەدان کەسی بێتاوانی میللەتەکەی خۆشی بەکوشتدا بێت، هێشتا نازناوی بێ شەرەفی نادرێتێ وەکو ئەوەی کە دەدرێتە کچێک کە ئەگەر تەنیا دڵی بە کوڕێکدا بچێت.

ئەی ناپرسن بۆچی هەتا ئێستاش کە کچ شوودەکات پێی دەڵێن: بە دایکی کوڕان بیت، کوڕت نەمرێت؟ چونکە کوڕ/پیاو تەنیا شەرەف تەنها لای کچەکەیەو پیاو ئەوەی لەسەرە یان ئەتکی بکات یان شەرەفی هەڵدانەوەی ئەو پەردەیە وەرگرێت.

ئەو دەمەی راپۆرتێکی گەلێ بەسوودم بینی لەسەر پەردەی کچێنی، کە ئەسڵەن پەردە نییەو تەنیا گۆشتێکی نەرم وناسکەو کونێکی بچووکی تیایە بۆ ئەوەی خوێنی سووڕی مانگانەی لێوە بێتە خوارێ، ئەوجا تێگەیشتم ئەوە هەر پەردە نییە، لە ئەورووپا بۆ ئەوەی کچەکانیان لە ئازاری سووڕی مانگانە بپارێزن دەیانبەن بۆ لای پزیشک بە نەشتەرگەریەکی زۆر بچووک ئەو پارچە گۆشتە لادەبەن بۆ ئەوەی مانگانە تووشی ئەو ئازارە نەبن، کچ و ژنی لای ئێمەش (شەرەف و سەربەرزییە ئەگەر شووش نەکەن و سێکس نەکەن هەموو تەمەنیان مانگانە بەو هەموو ئازارەوە بتلێنەوە تووشی تا و لەرز بن) چونکە هەڵگری شەرەفی عەشیرەتن..

ئاخرهەر بە بیردۆزی ئەو شوبرایەی براژنەکەی بە ژنی هەموو خێزانەکە دەزانێت، خێزانەکان کەرامەتی ئینسانی کچێک هەتک ئەکەن و مافی پشکنینی نێو لینگی بەخۆیان دەدەن تا بزانن هێشتا ئەو شەرەفەی بە ئەمانەت لەوێ دایانناوە ماوە یان لەدەستیداوە؟

# کۆمەڵگەی بێ متمانە

بەشی یەکەم

**ڕووبەری جووڵانەوەی دیموکراسی و بەڵێنەکانی، خەونەکانی، پرۆژەکانی، گرفتەکانی، پرسیارەکانی، قەیرانەکانی و تراژیدیاکانی لەلایەك و ڕووبەری بێ متمانەیش لەلایەکی دیکەوە. لە کوردستاندا، جیابونەوەی ئەم دوو ڕوبەرە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت. چەند هەڵبژاردنەکان دووبارە ببنەوە، هێندەش ئاستی بێ متمانەیی هاووڵاتیان بەرزتر دەبێتەوە، چەند پەرلەمان کارابکرێت، هێندەش سنووری نارەزاییەکان فراوانتر دەبن، چەند دەزگاکانی دیموکراسی بەهێزترین، هێندەش نەوەکان بێ ئومێدتر دەبن.**



دکتۆر عادل باخەوان*

بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕەنگە جێگای پرسیاربێت کە بۆچی هەمیشە مێژووی دیموکراسی و مێژووی بزووتنەوە نارەزاکان و، مێژووی دیموکراسی و مێژووی نارەزایی لکاون بەیەکەوە. لەهەر شوێنێکی دنیادا دیموکراسی هەبێت، نارەزاییش لەچەندین چوارچێوەی جیاوازدا خۆی مانیفێستدەکات. لە پێناوی تێگەشتن و پاشان دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ نارەزاییەکان، وەك پیەر رۆزانڤالۆن، پرۆفیسۆر لە کۆلێژ دو فرانس دەڵێت، کۆمەڵگەی دیموکرات دەتوانێت بە دو ئاراستەدا کاربکات:

ئاراستەی بەرزکردنەوەی ئاستی کردەی هەڵبژاردن و ڕووتکردنەوەی لە هەموو تەمومژەکان، لەوەش زیاتر بەردەوامی هەڵبژاردن لە کات و شوێنی خۆیدا و گشتاندنی بەسەر هەموو خانەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. ئاراستەی دووەمیش بریتییە لە پێکهێنانی دەزگا، بزووتنەوە و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ڕاستەوخۆ گوزارشت لە نارەزاییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەن.

دوو ئاراستەی کارکردن لەهەمان کاتدا یەکسانە بە جیابوونەوەی دوو ڕووبەر لەیەکتری؛ ڕووبەری جووڵانەوەی دیموکراسی و بەڵێنەکانی، خەونەکانی، پرۆژەکانی، گرفتەکانی، پرسیارەکانی، قەیرانەکانی و تراژیدیاکانی لەلایەك و ڕووبەری بێ متمانەیش لەلایەکی دیکەوە. لە کوردستاندا، جیابوونەوەی ئەم دوو ڕووبەرە بە ئاشکرا هەستیپێدەکرێت. چەند هەڵبژاردنەکان دووبارە ببنەوە، هێندەش ئاستی بێ متمانەیی هاووڵاتیان بەرزتر دەبێتەوە، چەند پەرلەمان کارابکرێت، هێندەش سنوری نارەزاییەکان فراوانتر دەبن، چەند دەزگاکانی دیموکراسی بەهێزترین، هێندەش نەوەکان بێ ئومێدتردەبن.

ئێمە پێمانوایە کە چەند قسەکردن لەسەر ڕووبەری یەکەم گرنگە، ئەوەندەش توێژینەوە لەسەر ڕووبەری دووەم گرنگە. لە کوردستانی ئێمەدا، سەدان کتێب لەسەر دیموکراسی نوسراوە، بەڵام دوو توێژینەوەی قووڵی زانستی لەسەر ڕووبەری بێ متمانەیی ئامادەنەکراوە.

ئێمە ئەوەندەی بانگەشە بۆ دروشم و بەڵێنەکانی دیموکراسی دەکەین، نیو ئەوەندە ڕوناکی ناخەینە سەر ئەو هەزاران ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەی کە هیچ متمانەیەکیان بە دیموکراسی، بە ئەکتەرەکانی، بە بەڵێنەکانی، بەمژدەکان وبە خەونەکانی نەماوە. لەکاتێکدا چەند دیموکراسی بەشداری لە دروستکردنی کردەی سیستەمێکی سیاسی لە کوردستاندا دەکات، هێندەش ڕووبەرەکانی بێ متمانەیی بەشداری لە دروستکردنی هەمان کردەدا دەکەن. واتە ڕوبەری بێ-متمانەیی، بە بزوتنەوەکانیەوە، بە ئەکتەرەکانیەوە، بەرێکخراوەکانیەوە، بە دەزگاکانیەوە، بە مێکانیسمەکانیەوە، لەنێو خودی سیستەمە سیاسیەکەدایە نەك لەدەرەوەی. لێرەوە، فەرامۆشکردنی ئەم مەیدانە، نەك هەر فەرامۆشکردنی بەشێکە لە سیستەم، بەڵکو بەشداریکردنی ناراستەوخۆشە لە لاوازکردنی کردەی سیستەمی سیاسی لە کوردستاندا کە لە ئێستا و ئێرەدا تەنها لەسەرەتای ڕێگادایە.

لەبەرامبەر ئەو نوخبە سیاسیەی کە لە ڕێگای هەڵبژاردنی دیموکراتیەوە گەشتووە بەدەسەڵات، زانستە کۆمەڵایەتیەکان دو جۆر لە مۆدێلی «بێ متمانەیی» پێشنیاردەکەن: مۆدێلێکی لیبراڵی بێ-متمانەیی و مۆدێلێکی دیموکراتی بێ متمانەیی.

لە مۆدێلی لیبراڵدا (مۆنتێسکۆ، مادیزۆن، کۆنستانت، سیسمۆندی)، کۆبوونەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لەدەستی دەزگایەکدا بە هەرەشەیەکی مەزن لەسەر تەواوی کۆمەڵگە تەماشادەکرێت. لەم مۆدێلەدا دروستکردنی حکومەت گرنگە، بەڵام لە حکومەت گرنگتر ئەو شتەیە کە ناوی دەنێت «گومان» لە حکومەت. لێرەوە بەدەزگاییکردنی ئەم گومانە و فراوانکردنی چوارچێوەکانی دەرکەوتنی دەبێت بە دڵە زیندووەکەی پرۆژەکانی. ئامانجی یەکەمی مۆدێلی لیبراڵ بریتییە لە پارێزگاریکردن لە مرۆڤەکان وەك ئەکتەری کۆمەڵایەتی «تاك» و ڕێگاگرتن لە ملکەچکردنیان . واتە ئەوەی کە دەبێت بە ناوەندی هەموو کەون، هەموو

پـــرۆژەکان، هەمـــوو سیاســـەتەکان، هەمـــوو حکومەتەکان تاکەکانی کۆمەڵگەن و هەر هەڕەشـــەیەك بەسەر ئەم تاکانەوە دەبێت بخرێتە گۆڕەوە. ئەو زانایانەی کە کار لەسەر بیناکردنی مۆدێلی لیبراڵ دەکەن، پێیانوایە یەکێك لە مێکانیســـمە هەرە مەزنەکانی «نەگەڕانەوە»ی کۆمەڵگەیەك بۆ دیکاتۆریەت، بۆ تۆتالیتاریسم، بۆ سیستەمی ستەمکاری، بریتیە لە ئامادەیی هەمیشـــەیی («بەرەنگاری[موقاوەمەت/ڕێزیســـتانس]»). بەرەنگاری لەبەرامبـــەر حکومەتدا، لەبەرامبـــەر هەموو ئەو دەزگایانەدا کـــە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەســـەڵاتیان لە ژێر دەستدایە؛ بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، پێش حکومەت و دەزگاکانـــی، یەکەم کردەی بەرەنگاری دەبێت ئاڕاســـتەی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبانە بکرێت کە لە پشت پەردەوە هەموو ستراتیژییەکان دادەڕێژن و هەر کەسێك وەك پێویست جێبەجێیان نەکات دووری دەخەنەوە. لە هەر سیســـتەمێکی دیموکراسیدا، هەمیشـــە دەسەڵاتی وەزیر لە دەسەڵاتی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حزبێك فراوانتر و بەهێزتر و تەنانەت شەرعیتریشە. بەڵام لە دیموکراســـی کوردیدا، ئەم هاوکێشە جیهانیە پێچەوانەیە و مەکتەبی سیاســـی بە واژویەك دەتوانێت وەزیرێك فڕێبداتە نێو پەراوێزە. لە دێمۆکراسی فەرەنسیدا، کە حزبێك هەڵبژاردنەکان دەباتەوە و دەگاتە دەسەڵات، ئیتر ڕۆڵی هەموو حزبیەکان کاڵ کاڵ دەبێتەوە و تەنها ئەوانە دەردەکەون کە لە حکومەتدان. بۆ نموونە کاتێك کە پارتی سۆسیالیستی فەرەنسی لە ٢٠١٢ دا هەڵبژاردنەکانی بردەوە و فرانسوا هۆلۆند وەك سەرۆکی کۆمار هەڵبژێردرا، ئیتر کارایی شـــەقامی «سۆلفێرینۆ» لە پاریس، کە بارەگای سەرەکی پارتی سۆسیالیستی لێیە، کۆتاییپێهات، بەڕادەیەك کە تەنانەت کەســـێکی وەك مارتین ئۆبریش، کە تا دوێنێ جەنگی مان و نەمانی ڕەمزیی لەسەر پۆستی سکرتێری یەکەمی پارتی سۆسیالیســـت دەکرد، ئامادەنەبوو سەرلەنوێ خۆی بۆ هەمان پۆســـت کاندیدبکاتـــەوە و ڕێگای ماڵەوە و شارەوانیەکەی لە شـــاری لیل گرتەبەر! بەڵام لە دیموکراسی کوردیدا، پێش حکومەت و کاتی حکومەت و پاش حکومەتیش، هەموو دەســـەڵاتە ڕاســـتەقینەکان هەر لەدەســـتی مەکتەب سیاســـیەکانە؛ بێهودە نییە کە گەر کەسێك «ئیختیار»بکەیت لەنێوان مەکتەبی سیاســـی و وەزارەتدا، بـــێ هیچ گومانێك مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێرێت ! وەزیرەکان دێن و دەڕۆن، بەڵام مەکتەب سیاســـیەکان هەمیشە لێرەن و بە جۆرێك لە جۆرەکان ســـیفەتێکی ڕەهایان هەیە. ئەم تایبەتمەندیەی دیموکراســـی کوردیە ڕەگوڕیشـــەکانی دەگەڕێتەوە بۆ «بیناکردنی» حزب لەنێو «بونیە» ســـتالینیەکاندا کە لە جێگایەکی دیکەدا بە درێژی دەگەڕێینەوە ســـەری. لـــە هەلومەرجێکی ئاوادا، ئەو زانایانەی کە لەپشـــت مۆدێلی لیبراڵەوەن ڕاستەوخۆ پێتدەڵێن: فراوانبونی ڕوبەرەکانی دیموکراســـی لە کوردستاندا یەکسانە بە فراوانبونی گومان لە دەســـەڵاتی مەکتەب سیاســـیەکان، پاشان وەزیرەکان و خوارەوەیان. بەپێچەوانەوەش: گەر گومان لە دەسەڵاتی مەکتەب سیاســـیەکان لە فراوانبوونی هەمیشەییدا نەبێـــت، ئەوە مانای ئەوەیە کە ڕووبەرەکانی دیموکراســـی لە فراوانبووندانین و دروشمەکان لە ئاستی گوتارەوە دانەبەزیونەتە سەر جیهانی پراکتیك.

بنجەمین کۆنستانت[١٧٦٧-١٨٣٠]، دوو سەد و حەڤدە ساڵ لەمەوپێش، واتە ساڵی ١٧٩٦، تەنها حەو ساڵ پاش شۆڕشی فەرەنســـی، کتێبێك بەناوی «هێزی حکومەتی ئێســـتای فەرەنســـا و فەرمانی پشـــتیوانی لێکردنی» بڵاودەکاتەوە و دەڵێت: ئازادی تاکەکان بریتییە لەوەی کە هەمیشە هەڵگری بۆچونێکی سەلبیبن لەبەرامبەر حکومەتدا و هەرگیز خۆیان وەك مێگەلێك تەماشـــانەکەن و حکومەتیش وەك شوان. ئەو پێیوایـــە کە بەبێ چاودێریکردنێکـــی بەردەوامی حکومەت لەلایـــەن تاکەکانەوە، گریمانەی گەڕانەوە بۆ ســـتەمکاری هەمیشـــە لێرەیە[1].گەر ترســـی گەڕانـــەوەی کۆمەڵگەی فەرەنســـی بۆ سیســـتەمی دەســـەڵاتداریی پێش شۆڕشی فەرەنسی، کە تەنها حەوت ساڵی بەسەردا تێپەڕیبوو، وای لە بنجەمین کۆنستانت کردبێت کە داوا لە فەرەنسیەکان بکات کە بەشـــێوەیەکی بەردەوام چاودێری دەســـەڵاتداران بکەن و هەمیشـــە لە بەرەی «چاودێریدابن» لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لە جوومگەکانی دەســـەڵاتدان، ئەوە ترسی کۆمەڵگەی کوردی، کە مێژوویەکی هەزار ســـاڵەی لەگەڵ چوارچێوە جیاوازەکانـــی دەســـەڵاتی ڕەهادا هەیە (خەلیفە، ســـوڵتان، ئەمیر، پاشا)، لەگەڕانەوە بۆ تۆتالیتاریسم، یاخود دیسپۆتیسم دەکرێـــت وایلێبـــکات کە هەرگیز دەســـتبەردای گومان لە نوخبەی سیاســـی دەســـەڵاتدار نەبێت و ئەم گومانە بکات بە دەزگای فەرمی چاودێریکردن. سیســـتەمی ئامادەباشی کوردی، لە چرکەســـاتی چاودێرینەکردن و لێنەپرسینەوەی بەردەوامدا، توانایی یەکجار گەورەی هەیە بۆ هەرســـکردنی خێـــرای دیسپۆتیســـم. بێگومان ئەمە پەیوەنـــدی بە پارتی یـــان یەکێتیەوە نیە، بـــە قەدەر ئەوەندەی کـــە پەیوەندی بە «بونیەی» عەقڵی، سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئاینی و ئەخلاقی مرۆڤی کوردیەوە هەیە. بۆیە گەر سبەینێ یەکگرتـــوو بخەیتە جێگای پارتی و گۆڕان بخەیتە جێگای یەکێتی، بەبێ ئامادەبوونی بەهێزی گومانی هەمیشـــەیی، گومانی دەزگایی، چاودێریکردنی هەمیشەیی و دەزگایی، بەبێ لێپرســـینەوەی ڕۆژانە، بەبـــێ بەرەنگاریی چرکەیی، سیســـتەمی ئامادەباشـــی گۆڕان و یەکگرتووش بەئاسانی دەتوانێـــت هەرســـی ئەزموونی دیسپۆتیســـم، دیکاتۆریەت، تۆتالیتاریســـم بکات. واتە گرفتـــی کۆمەڵگەی کوردی حزبێکی تایبەت یان سیاسیەك نییە، بەڵکو «بوونیەیەکی» کۆمەڵایەتیە کە لەمێژوویەکی هەزار ســـاڵەدا «بیناکراوە» و بە ئاسانی دەتوانێت «بونیەی» دیکە لە کات و شوێنی جیاوازدا «بینا»بکات.

***

1. Benjamin Constant, De la force du gouvernement actuel de la France et de la nécessité de s’y rallier, Paris, 1796. http://classiques.uqac.ca/classiques/constant_benjamin

* سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس